



# ئەنجامدانی خزمەتگوزاری



## پەیمانگەی رۆحی



کتێبی دووەم

# ئەنجامدانی خزمەتگوزاری

**پەیمانگەی رۆحی**

## کتێبەکانی ئەم زنجیرەیە:

لای خوارەوە ناونیشانی ئەو کتێبانەن کە لە ئێستادا لەنێو ئەو زنجیرەیەدان کە پەیمانگەی ڕۆحی دیزاینی کردوون. ئەم کتێبانە بە مەبەستی ئەوە ئامادە کراون کە وەك زنجیرەیەکێ تاوەکو بۆ خولە سەرەکییەکان سوودیان لێوەربگیرێت وەك هەوڵێکی بە پرۆگرامکراو بۆ گەشەپێدانی توانای لاوان و گەورەکان لە پێناو خزمەتکردنی کۆمەڵگە بەهاییەکانی ناوچەکەیاندا. هەروەها پەیمانگەی ڕۆحی کۆمەڵێك خولی ئامادەکردووە کە لە کتێبی سێیەمی ئەم زنجیرەیەوە سەرچاوە دەگرن، ئەوەش بە مەبەستی ڕاهێنانی مامۆستایانی پۆلەکانی منداڵانی بەهایی. سەرەڕای کۆمەڵە خولێکی دیکە کە لە کتێبی پێنجەمەوە سەرچاوەدەگرن، ئەوەش بە مەبەستی ئامادەکردنی بزوێنەرانی گروپەکانی لاوانی تازە پێگەیشتوو. ئەو دوو گروپە لە هەمان کاتدا لەنێو ئەو لیستەشدان کە لەلای خوارەوە دیاریکراوە. شایەنی ئاماژەپێدانە کە ئەو لیستە دەشێت گۆڕانکاریی تێدابکرێت هەرکات کە ئەزموون لە بوارەکەدا زۆرتربوو، ئەوسا چەند کتێبێکی نوێی دەخرێنەسەر کاتێك ئەو بابەتانەی پرۆگرامی خوێندن کە بەدەستەوەن بۆ دانان بگاتە قۆناغێك کە بتوانرێت لەسەر ئاستێکی فراوان دابینبکرێن.

| | |
|---|---|
| کتێبی یەکەم | تێڕوانین لە ژیانی ڕۆح |
| کتێبی دووەم | ئەنجامدانی خزمەتگوزاریی |
| کتێبی سێیەم | وانەوتنەوە لە پۆلەکانی منداڵاندا، پۆلی یەکەم |
| | وانەوتنەوەکانی پۆلی منداڵان، پۆلی دووەم ( خولێکی لاوەکی ) |
| | وانەوتنەوەکانی پۆلی منداڵان، پۆلی سێیەم ( خولێکی لاوەکی ) |
| | وانەوتنەوەکانی پۆلی منداڵان، پۆلی چوارەم ( خولێکی لاوەکی ) |
| کتێبی چوارەم | دوو دەرکەوتە یەزدانییەکان |
| کتێبی پێنجەم | خستنەگەڕی هێزی لاوانی تازە پێگەیشتوو |
| | هاندەری یەکەم: خولی لاوەکیی یەکەم بۆ کتێبی پێنجەم |
| | ئەو بازنەیەی کە فراوانتر دەبێت: خولی لاوەکیی یەکەم بۆ کتێبی پێنجەم |
| کتێبی شەشەم | ڕاگەیاندنی فەرمانی یەزدان |
| کتێبی حەوتەم | پێکەوە ڕۆیشتن بەڕێگەی خزمەتگوزاریدا |
| کتێبی هەشتەم | پەیمان و بەڵێننامەی حەزرەتی بەهائوڵا |
| کتێبی نۆیەم | بەدیهێنانی دیدێکی مێژوویی |
| کتێبی دەیەم | بنیاتنانی کۆمەڵگەی بەهایی پڕ لە چالاکیی |
| کتێبی یانزەهەم | ئامرازە ماددییەکان |
| کتێبی دوانزەهەم | خێزان و کۆمەڵگەی بەهایی ناوخۆیی |
| کتێبی سیانزەهەم | خەریکبوون بە کاری کۆمەڵایەتییەوە |
| کتێبی چواردەهەم | بەشداریکردن لە گفتوگۆی گشتیدا |

مافەکانی چاپکردن © ۱۹۹۹، ۲۰۲۰ پارێزراوە بۆ دەزگای ڕۆحی، کولومبیا
گشت مافەکان پارێزراون. کۆپی PE ۱۰۱۰۱ لە ساڵی ۱۹۹۹ بڵاوکراوەتەوە
چاپی PE ۲۰۱۲ ئازاری ۲۰۲۱
ژمارەی پێوانەیی نێودەوڵەتیی کتێبەکە (ISBN) ٩٧٨-٩٥٨-٥٢٩٤١-٤-١
لە بنەڕەتدا بە زمانی ئیسپانی بڵاوکراوەتەوە لە ژێر ناونیشانی
مافەکانی چاپکردن © ۱۹۸۷، ۱۹۹٦، ۲۰۲۰ دەگەڕێتەوە بۆ دەزگای ڕۆحی، کولومبیا
ژمارەی پێوانەیی نێودەوڵەتی کتێبەکە (ISBN) ٩٧٨-٩٥٨-٥٢٩٤١-٠-٣
پەیمانگەی ڕۆحی
کالی، کولومبیا
ئیمەیل: instituto@ruhi.org
پێگە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت: www.ruhi.org

## ناوەڕۆک


هەندێك بیرۆكە بۆ رابەر ................................

خۆشیی راگەیاندن .......................................

ئەو وتانەی پەرە بە رۆح دەدەن ..............................

چەند بابەتێك بۆ قوڵبوونەوە ..............................

## هەندێك بیرۆكە بۆ رابەر

ئەم كتێبە كە كتێبی دووەمە لە زنجیرەی سەرەكیی ئەو خولانەی كە پەیمانگەی رۆحی پێشكەشیان دەكات بایەخ بە ئەو توانایانە دەدات كە وامان لێدەكەن بتوانین بەشداری بكەین لە گفتوگۆیەكی ئامانجداردا كە پەرە بە رۆح دەدات. هەرچی پەیوەندیی بە كاری خزمەتگوزاریی دیاریكراوەوە هەیە كە كتێبەكە بایەخی پێدەدات ئەوا لە یەكەی سێیەمدا باسی لێدەكرێت. لە جیهانێكدا كە زلهێزەكان پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان لێكدادەبڕن، دەشێت سەردانی هاوڕێیان و دراوسێیان لە ماڵەكانیاندا بۆ خستنەڕووی ئەو بابەتە سەرەكییانەبن كە تایبەتن بە ژیانی كۆمەڵگەوە، لە كاتێكدا كە ئەم كارە بوە بە تایبەتمەندییەكی كەلتوریی دیار، دەتوانێت هەندێك لە ئەو كێشانە چارەسەربكات كە بەهۆی تەریكییەوە سەریان هەڵداوە. ئەم یەكەیە ئاماژە بە ئەوە دەدات كە پەیوەندییەكانی تەبایی كە لەو كارانەوە دروستدەبن كە دەشێت كاریگەرییان هەبێت لەسەر بەهێزكردنی پرۆسەی بنیاتنانی ئەو كۆمەڵگە بەهاییانەی كە پڕن لە چالاكیی هاوسەنگی.

پرۆگرامێكی بەردەوامپێدراو بۆ سەردانی ماڵەكان لە گەڕەكێك یان گوندێكدا پێویستی بە رادەیەك رێكخستن هەیە و ئەو كارەش، كۆمەڵێك هاوڕێی سەرەكی لەخۆدەگرێت كە خۆیان بۆ ئەو كارە بەختكردووە و لەلایەن دەزگاكان و ئاژانسە كارگێڕییە پێویستەكانیشەوە پشتگیرییان لێدەكرێت. لە كاتی ئاراستەكردنی گروپێكدا كە خەریكی خوێندنی یەكێك لە كتێبەكانن، پێویستە لەسەر رابەر ئەوە رەچاوبكات كە بەشدارەكان بۆ ئەوە ئامادەدەكرێن كە تێكەڵبن بە ئەو ئەركە بەردەوامەی كە لەو شێوەیەیە. ئەو سەردانانەی كە بۆیان رێكدەخرێت، وەك تۆخمێك لە تۆخمەكانی خوێندنیان، پێویستە ساڵ لەدوای ساڵ ببێتەهۆی پابەندبوونیان لەڕێی بەشدارییەیانەوە لەو ئەركەدا، ئەوەش لایەنێكی گرنگە لە ژیانێكدا كە تەرخان كرابێت بۆ خزمەتگوزاریی.

سەردانی ماڵەكان مەبەستێكی ئاشكرای هەیە كە بێگومان بریتییە لە دەرخستنی ئەو بابەتانەی كە گرنگییەكی رۆحیی و كۆمەڵایەتییان هەیە و دەبنە هۆی دەوڵەمەندكردنی رۆشنبیریی كۆمەڵگەی بەهایی. هەروەها گەلێك گفتوگۆی نافەرمی كە لەو ماڵانەدا و لە شوێنكار و قوتابخانە و لە بازاڕ ئەنجامدەدرێن هەمان گرنگییان هەیە لەو رووەوە. بۆیە جاروبار پێشكەشكردنی بنەما رۆحییەكان لە گفتوگۆی رۆژانەدا توانایەكە كە شایستەی بایەخپێدانە، گەشەپێدانیشی بوەتە تەوەری یەكەی دووەمی ئەم كتێبە ئیدی بەو شێوەیە بناغەی خوێندنێك دادەنرێت كە لە یەكەی سێیەمدا تەواو دەكرێت.

خۆ ئەگەر گفتوگۆمان لەگەڵ هاوڕێیان و هاوسێیاندا ببنەهۆی پەرەپێدانی رۆح، ئەوا پێویستە بشتوانین كە خۆشی ببەخشین بە ئەو كارلێكانەمان لەگەڵ ئەواندا، ئەوەش ئەو بابەتەیە كە لە یەكەی یەكەمدا بەناونیشانی "خۆشیی راگەیاندن" باسی لێكراوە. گشت ئەو كارە خزمەتگوزارییانەی كە پەیمانگەی رۆحی پێشنیاری ئەنجامدانیان دەكات لە كرۆكیاندا بریتین لە ئەوەی كە كەسانی دیكە ئاشنا بكەین بە مروارییەكانی ئەو داناییە یەزدانییانەی كە لە دەریای دەركەوتنی حەزرەتی بەهائوڵادا دەردەكەون و دەیاندۆزینەوە. ئامانج لە خوێندنی یەكەی یەكەم بریتییە لە زۆربوونی هۆشیاری سەبارەت بە ئەو خۆشییەی كە لە ناو ئەو هەوڵەدا خۆی حەشارداوە. لە گەلێك بەشەكانی بیركردنەوەدا لە وشە یەزادنییەكان، داوا لە بەشداران دەكرێت كە بیر لە وشەی یەزدانی بكەنەوە و بزانن ئەوە چەند پیرۆزە كە ئەو وشانە بگەیەندرێن بە كەسانی دی. هەروەها ئەو یەكەیە ئەوە دەخاتەڕوو كە لەو كارەوە خۆشی سەرهەڵدەدات و دەبێتە هۆی ئەوەی كە هەنگاوەكانمان خێراتر بكات لە كاتێكدا كە ئێمە بەرێگەی خزمەتگوزاریدا تێدەپەڕین. لەگەڵ ئەوەشدا، تەنانەت كاتێك كە ئێمە تەواو بە ئەو راستییە رۆحییە قووڵە قایلین، دەشێت خۆشیی راگەیاندن لەدەست بدەین ئەگەر نەتوانین بیر لەو تایبەتمەندی و هەڵوێستانە بكەینەوە كە پێویستە ببن بە

نیشانەیەکی دیاری خزمەتگوزارییە. هەر ئەوەشە بابەتی گفتوگۆی گەلێك لە کتێبەکانی ئەم زنجیرەیە پێکدەهێنێت، هەروەها لێرەدا ئێمە لە ژمارەیەکی کەمیان وردەبینەوە، ئەوەش لە بابەتی "دابڕان"ەوە دەستپێدەکات کە لە بەشی حەوتەمەدایە. بەمەبەستی وردبوونەوە، کۆمەڵێك لە دەقەوەرگیراوە هەڵبژێردراوەکانی وتەی پیرۆزی بەهایی دەبنە بنەما، کە ئەوەش تایبەتمەندییەکە ناتوانین دەستبەرداری ببین گەر بمانەوێت هۆکارە دەرەکییەکان لە ئەو خۆشیی خزمەتگوزارییە کەمنەکەنەوە. گرنگ ئەوەیە کە بەشداران بیرێکی هەڵە لەلایان دروست نەبێت سەبارەت بە بەشداریکردنەکەیان، گەر پێیان وابێت دابڕان پێویستی بە دوورکەوتنەوەیە لە کەسانی دیکە، یان بریتییە لە بایەخ پێنەدان. پێویستە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدابین کە ئەرکەکانمان چڕ بکەینەوە و کاریگەریی خزمەتگوزارییەکانمان زیاتر بکەین لە کاتێکدا کە هەوڵ دەدەین ئەنجامی باشتر و باشتر بەدیبهێنین. ئەوەش پێویستی بە تێگەیشتنێکی تەواو هەیە لە سروشتی ئەرکەکان، ئەو بابەتەش لە بەشی هەشتەمدایە. بەڵام گەشبینی و سوپاسگوزاریی کە دوو هەڵوێستی بنەڕەتین لەڕێگەی خزمەتگوزاریدا ئەوا ئەوانە بە کورتی لە بەشی دوای ئەوە و لە دواین بەشدا باسیان لێدەکەن.

یەکەی دووەمی ئەم کتێبە "ئەو وتانەی پەرە بەرۆح دەدەن" جەخت لەسەر توانای بەرزکردنەوەی ئاستی گفتوگۆ نافەرمییەکان دەکات لەڕێی ئاماژەدان بە بنەما رۆحییەکان هەر کاتێك کە هەل بۆ ئەوە رەخسا. ئەو یەکەیە لە ژمارەیەك راگەیاندنی کورت پێکهاتووە کە دەربارەی بابەتی جۆراو جۆرن و هەرچەندە خۆیان راستەوخۆ دەقە وەرگیراونین، بەڵام پشت بە وتە زارەکییەکانی حەزرەتی عەبدولبەها دەبەستن و گەلێك لە ئەو وشە و دەربڕینانەی تێدایە کە حەزرەتیان بەکاریهێناون. ئەو وشانەش کە بە گشتیی توانای سەرنج راکێشانیان هەیە، ئەو بابەتانەن کە جێی بایەخی خەڵکین لە گشت ئاستەکاندا. لەڕێی لێکۆڵینەوەی ئەو راگەیاندنانەوە هیوای ئەوە دەکرێت کە بەشداران سروش لە ئەو ڕێبازە وەربگرن کە حەزرەتی عەبدولبەها بنەما رۆحییەکانی لێکداوەتەوە، هەروەها لەڕێی ئەوەوە فێربن کە حەزرەتیان بکەن بە نموونە و ئەوپەڕی هەوڵبدەن ئەو مروارییانە بدۆزنەوە کە لەنێو دەریای سەرهەڵدانی حەزرەتی بەهائوڵادا شاراونەتەوە و لە واتا و ناوەڕۆکی رێنماییەکانی باوکی تێبگەن، لەڕێ بەشداریکردنێکی تێرو پڕەوە لەگەڵ کەسانی دیکەدا.

بۆ بەدیهێنانی ئامانجی ئەم یەکەیە پێویستە هەل بە بەشداران بدرێت کە چەند جارێك بەهەریەك لە راگەیاندنەکاندا بچنەوە و زنجیرەی ئەو بیرۆکانە دەستنیشان بکەن کە تیایاندایە و خۆیان رابهێنن لەسەر وتنەوەیان تا ئەو کاتەی کە دەتوانن بەباشی لە بیرۆکەکان بگەن تا ئەورادەیەی کە بتوانن بەشێوەیەکی سروشتیی دەریانببڕن. لەسەرەتاوە هەندێك لە بەشداران بە شێوەیەکی سادە راگەیاندنەکان لەبەردەکەن و بە شێوەیەك لە شێوەکان دووبارەیان دەکەنەوە بەو جۆرەی کە لە یەکەکەدا روونکراوەتەوە. ئەوەش کارێکی پێشبینیکراوە، بەڵام لەگەڵ قووڵبونەوەو ئاشنابوونیان بە فەرمانی پیرۆز و گەشەکردنی ئەزموونیان ئەوسا دەتوانن ناوەڕۆکێکی فراوانتر و وشەی زۆرتر لەبەردەستیاندا هەبێت و ئەوەش رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ئەو کارلێکەی کە هەیانە لەگەڵ کەسانی دیکەدا. پێویستە لەسەر رابەر ئەوە بزانێت کە ئەوەی پێویستە بەدیبێت لەم قۆناغەدا دوو بەشە: برێك لە زمان پاراوی لە لێکدانەوەی رێنماییەکاندا و گونجان لەگەڵ بیرۆکەکانی حەزرەتی عەبدولبەهادا. دوای ئەوەی ئەندامانی گروپەکە فێردەبن کە ناوەڕۆکی هەریەك لە راگەیاندنەکان پێشکەشبکەن، ئیتر دەچنە سەر چالاکییەکی دیکە کە تیایدا هاندەدرێن بۆ ئەوەی بتوانن ئەو بیرۆکانەی کە خوێندویانە گرێیانبدەن لەگەڵ هەندێك لەو مەسەلانەی کەبەلای خێزانەکانیان و هاوڕێیان و هاوپیشەکانیانەوە گرنگە. بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستەش داوایان لێدەکرێت کە بیر لە هەندێك لەو بابەت و پرسیارانە بکەنەوە کە لە کاتی گفتوگۆکاندا سەرهەڵدەدەن و ئەوەش

**دەستنیشانبکەن کە کام  یەك لەوانە ڕێخۆشکەرە بۆیان تاوەکو بتوانن لەکاتی گفتوگۆدا بیرۆکەکان پێشکەشبکەن.**
**لە هەندێك لەو  ڕاگەیاندنانەدا، نموونەیەك یان دوو نموونە باسکراوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییەی کە چۆن ئەو بنەما ڕۆحییانەی حەزرەتی عەبدولبەهـا ڕایگەیاندوون ڕووناکی دەخەنە سەر ئەو کاروبارانەی کە جێی بایەخی خەڵکین لە گشت شوێنێك. ئەم ڕاهێنانە دەرئەنجامێکی باشتر بەدیدەهێنێت، ئەگەر ڕابەرەکە بتوانێت لە کاتێکدا کە هێشتا بەردەوام کتێبەکە دەخوێندرێت، یارمەتی هەریەك لە ئەندامەکانی گروپەکە بدات لە هەڵبژاردنی یەکێك لە ڕاگەیەندنەکاندا، هەروەها دیاریکردنی هەندێك کەس بۆ ئەوەی لەگەڵیاندا سەبارەت بە ئەو بیرۆکانە بدوێن کە لە ناوەڕۆکی ڕاگەیاندنەکاندان. بەو شێوەیە دەتوانرێت کات تەرخانبکرێت بۆ بەشدارەکان لە کاتێکدا کە پێکەوە کۆدەبنەوە تاوەکو داینامیکیی بەڕێوەچوونی ئەو گفتوگۆیانە باسبکەن کە ئەنجامیانداوە.**
**لە هەر ڕاگەیاندنێکی ئەو یەکەیەدا هەندێك دەق لە وتە  پیرۆزەکانی حەزرەتی بەهائوڵڵای تێدایە بۆ ئەوەی لەبەربکرێن. ئەو جەختەی کە پەیمانگەی ڕۆحی دەیکات سەبارەت بە لەبەرکردن کە لە ڕاستیدا لە کتێبی یەکەمی زنجیرەکەدا دەردەکەوێت‌و لە کتێبی دووەمدا تەواو ئاشکراتر دەبێت. وا پێویستدەکات کە بەشداران لە ئێستادا ئاگاداریی ئەو خۆراکە ڕۆحییەبن کە لەڕێی لەبەرکردنی دەقی وتە  پیرۆزەکانەوە بەردەوام بەدەستیدەهێنن. کەواتە لەم کتێبەدا ئەوان زیاتر لە کاریگەریی وشەی یەزدانیی لەسەر دڵی مرۆڤ ورد دەبنەوە. لە یەکەی سێیەمیشدا هەروەك یەکەی دووەم ئەوان فێری ئەوە دەبن کە چۆن لە گفتوگۆکانیاندا ئەو بنەما و بیرۆکانە  پێشکەشبکەن کە لە بەرهەمە  پیرۆزەکاندا هەن، هەروەها وەرگرتنی دەقەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەرکات ئەوە گونجاوبێت. بەوردی لێکدانەوەی ڕێنماییەکان و گەیاندنیان بە کەسانی  دیکە بە  پوختی و بە بێگەردی یەکێکە لەو توانایانەی کە گشتمان هەوڵی ئەوە دەدەین گەشەپێبدەین کاتێك کە بەڕێگەی خزمەتگوزاریدا دەڕۆین.  پێکهاتەی یەکەی دووەم لەسەر بنەمای گریمانەیەکە کە دەڵێت باشترین خاڵ بۆ دەستپێکردن لەڕێی توێژینەوەی لێکدانەوەکانی حەزرەتی عەبدولبەهاوەیە، هەروەها هەوڵدان بۆ دەربڕینیان بە ئەو شێوازەی کە حەزرەتیان کاتی خۆی پەیڕەوی کردووە.**
**هەروەك لەلای سەرەوە ڕوونکرایەوە یەکەی سێیەم کە بەناونیشانی "چەند بابەتێك بۆ قوڵبوونەوە"یە  باس لە ئەو کارە خزمەتگوزارییانە دەکات کە لەم کتێبەدا هەن و بریتییە لە سەردانی هاوڕێیان و هاوسێیان بەمەستێکی ڕوون و ئاشکرا کە بریتییە لە ئەنجامدانی گفتوگۆی چالاکانە سەبارەت بە ژیانی کۆمەڵگەی بەهایی. لەم یەکەیەدا سێ جۆر گفتوگۆ خراونەتە بەرچاو، بۆ هەریەکەشیان ناوەڕۆکێکی دیاریکراو پێشنیار کراوە. جۆری یەکەمیان سەبارەت بە زنجیرەیەك بابەتە کە لەگەڵ دانیشتوانی گوندێك یان گەڕەکێکدا دەخرێنەڕوو لە دووتوێی ئەو پرۆگرامانەدا کە دادەنرێن بۆ سەردانەکان. هەرچەندە دەتوانرێت ناوەڕۆکی دیاریکراوی ئەو گفتوگۆیانە بە گەلێك شێوازی جۆراو جۆر بگەیەندرێت بە بیستەران، بەڵام ئامانجی بنەڕەتیی بابەتەکان هەل ڕەخساندنە بۆ ئەندامانی خێزان تاوەکو زانیارییان سەبارەت بە فەرمانی یەزدان قوڵتربیێتەوە و ببێتە ئامانجێکی پتەوتر کە پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەیە. هەر بۆیە بەشی زۆری ئەم یەکەیە بۆ ئەو جۆرە گفتوگۆیانە  تەرخان کراوە. لەگەڵ ئەوەشدا پراکتیزەکردنی سەردانی ماڵان لەم ساڵانەی دواییدا هەندێك ڕەهەندی نوێی گرتۆتەبەر، بەتایبەتی کە شوێنە جوگرافییەکان بچوکتر و بچوکتر دەبنەوە تا دەگەنە ئاستی گوند و گەڕەکی ناوشار، بۆیە ژمارەی ئەو کەسانەی کە دەتوانن وەك ڕابەر و بزوێنەری گروپەکانی لاوانی تازەپێگەیشتوو هەروەها مامۆستایانی پۆلەکانی منداڵان بەشدارییکەن ژمارەیان بەرەو زۆربوون چووە. ئەوەی شایەنی باسە ئەو پراکتیزەکردنە ئەوەی سەلماندوە  کە ئەو کارە پێویستە نەك هەر بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە فەرمانی پیرۆز بەڵکو بۆ خستنەڕووی ئەو سەرکەوتنەیە کە هەردوو  پرۆگرامی بەتواناکردنی ڕۆحی بۆ لاوانی تازەپێگەیشتوو، هەروەها پەروەردەی ڕۆحی بۆ منداڵان**

بەدەستیانهێناوە. ئەوەی کە لەم رووەوە ئاشکرابووە بریتییە لە ئەوەی کە پێویستە بەشێوەیەکی رێکوپێک بزوێنەران و مامۆستایان سەردانی کەسوکاری منداڵان و تازەپێگەیشتوانی سەر بە هەردوو پرۆگرامەکە بکەن، ئەوەش لە پێناو گفتوگۆکردندا سەبارەت بە ئەو چەمك و نموونانەی کە بونەتە کێشە بۆیان.

ئەو جۆرە گفتوگۆیانەش جۆرێکی دیکەی گفتوگۆ پێکدەهێنن کە هەردوو بەشی چواردەهەم و پانزەهەم دەیخەنەڕوو. ئەو ناوەڕۆکەی کە لەو دوو بەشەدا هەن ئەوەندە درێژنین و گشت لایەنەکان لەخۆناگرن، چونکە بەشدارەکان لەڕێی هەردوو پرۆگرامی فێرکارییەوە کە لە خولەکانی داهاتوودا بەشداری تێدادەکەن زانیاری زۆرتر لەو بارەیەوە بەدەستدەهێنن. بەڵام ئاشنابوونیان بە گرنگیی ئەم جۆرە گفتوگۆیانە و هاوکاربوونیان لەگەڵ مامۆستایانی منداڵان و بزوێنەری گروپەکانی لاوانی تازەپێگەیشتوودا کاتێك کە سەردانی خەڵکی ناوچەکە دەکەن دەشێت تاڕادەیەکی زۆر لەم قۆناغە سەرەتاییەدا بەکەڵك بێت.

جۆری سێیەمی ئەو گفتوگۆیانەن کە لە یەکەکەدا وێناکراون و بە مەبەستی خزمەتێکی زۆر تایبەتن. گەلێك لە کوڕان و کچانی لاو بەدوای رێگایەکدا دەگەڕێن کە بتوانن لەڕێیەوە ئەو ئارەزووە زۆرەی خۆیان دەربڕن کە هەیانە بۆ چاکسازیکردن لە جیهاندا. ئەوان سامانێکی گەورەی توانا لەخۆدەگرن کە هەیانە بۆ گۆڕانکاریی کە هەردەم چاوەڕوانن و بەڵکە بە پەرۆشن بۆ وەگەڕخستنی ئەو توانایانە. گفتوگۆی نێوان هاوڕێیان سەبارەت بە ئاواتبوونیان بۆ رەخساندنی ئەو هەل و بەرپرسیارێتییانەی کە لاوان بە گشت وزە و توانا وەبەرچاوەکانیان، کە تایبەتن بە قۆناغی لاوێتییان، دەشێت گەلێکجار ببێتە هۆی گفتوگۆیەك سەبارەت بە خزمەتگوزاریی و بایەخدان بە ئەو کارانەی کە لە گوند و گەڕەکەکانی گشت شوێنێکی جیهاندا بەڕێوەدەچن. گەلێك لە ئەو لاوانە پێشوازیی لە ئەو رۆڵە دەکەن کە دەیگێڕن لەڕێی بانگهێشتەوە بۆ چوونە ناو خولەکانی پەیمانگە وەك رێگەیەك بۆ بەدەستهێنانی توانا سەبارەت بە دابینکردنی پەروەردەی رۆحی بۆ نەوەکانی داهاتوو، کاتێك وەك مامۆستایانی پۆلەکانی منداڵان و بزوێنەرانی گروپەکانی لاوانی تازەپێگەشتوو رۆڵدەبینن. بەشەکانی نۆیەم و دەیەم هەندێك لەو بیرۆکانە دەخەنەڕوو کە دەشێت لەڕێی ئەو جۆرە گفتوگۆیانەوە دەربکەون.

لە پێناو پەرەپێدانی ئەو توانایانەدا کە دەبنە هۆی ئەوەی تاکەکەسەکان بتوانن گفتوگۆی ئامانجدار دەستپێبکەن و بەردەوامیی پێبدەن، بێگومان پێویستە ئەو یەکەیە بابەتە گشتییەکان و ناوەرۆکە پەیوەندادەکانیان تێپەڕێنێت، چونکە سەرەڕای توانای دەربڕینی بیروڕا بە شێوەیەکی روون، بەشداران پێویستییان بە دروستکردنی هەڵوێست و تایبەتمەندیی رۆحی هەیە. ئەوانەش بناغەی زۆربەی ئەو بابەتانەن کە لە ئەو یەکەیەدا دەردەکەون، بەڵام گرنگییەکەی سەبارەت بە ئەو توانایانەی کە باسیان لێدەکرێت لە بەشی چوارەمدا روونددەبێتەوە و لەوێدا بەشداران بیر لە هەندێك هەست و بیرۆکە دەکەنەوە کە دەبێت لە دڵ و لە مێشکماندابن کاتێك کە خۆمان ئامادە دەکەین بۆ سەردانکردن. هەروەها لە بەشی پێنجەمدا ئەوان بیر لە سیفەتی بێفیزی دەکەنەوە. دەشێت رابەر ئارەزووی دڵنیابوون بکات لەوەی کە ئەم بەشانە هێندەی پێویست جێی بایەخی بەشدارانە، چونکە بڕی ئەو زانیارییەی کە بەدەستیدەهێنێت چەندبێت، بێ گوێدان بە ئاستی تواناکمان سەبارەت بە دەربڕینی بیرۆکەکان، ئەوا کاریگەریی گفتوگۆکانمان بەندە بە ئەو سیفەت و هەڵوێستانەوە کە لە ئەو گفتوگۆیانەدا رەنگدەدەنەوە.

ئەوەی شایانی باسە بریتییە لەوەی ئەو کارانەی کە لە ئەم زنجیرە کتێبەدا باسیان لێدەکرێت، هەرچەندە بنەڕەتیین بۆ گەشەپێدانی هەر کۆمەڵگەیەکی بەهایی و بەرەوپێشبردنی، بەڵام بەر لە گشت شتێك ئەوانە کۆمەڵە توخمێکن بۆ پرۆسەیەك کە هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی توانای تاکەکەس دەدات لەڕێی خوێندن و کارکردنەوە. ئەوەی کە پێویستە گشت رابەرێك بیزانێت بریتییە لەوەی کە ئەم کارانە هەریەکەیان تەواوکەری ئەوانی دیکەیە و

له هەر کتێبێکەوە بۆ کتێبێکی دیکە ئاڵۆزتردەبن. فێربوونی جێبەجێکردنی گشت کارێك لە کارەکانی خزمەتگوزاریی بەشێوەیەکی کارا دەبێتە مەسەلەیەکی تەوەری بۆ ئەو توانایەی کە پێویستە بۆ ئەنجامدانی کاری خزمەتگوزاریی داهاتوو. ئەوەش ئاشکرایە کە بەردەوامبوون لەسەر گفتوگۆ لەماوەی چەند سەردانێکدا لە ماڵێکەوە بۆ ماڵێکی دی، هەروەك ئەوەی کە لەم کتێبەدا پێشنیارکراوە، پێویستی بە چالاکیی زۆرتر دەبێت بە بەراورد لەگەڵ ئەو چالاکییانەدا کە کتێبی یەکەم جەختی لەسەر دەکات، بۆ نموونە بانگهێشتکردن بۆ ڕێکخستنی دانیشتنێکی بەکۆمەڵ بۆ نزاکردن، جا ئەوە لەڕێی هەمان ئەو تاکەکەسەوە بێت یان بە هاوکاریکردنی چەند کەسێکی دی.

بۆ لە ئەستۆگرتنی ئەو کارە خزمەتگوزارییانەی داهاتوو کە ئاڵۆزترن، ئەوە کارێکی گران نییە کە ئێمە تێبینی گرنگیی پێشکەوتنی بەشدارەکان بکەین لە توانانیاندا لەو ڕووانەوە کە لێرەدا وەبەرچاوگیراون. هەروەك ئەوەی کە لە تێبینییەکانی سەرەتای کتێبی یەکەمدا باسیان لێکرا، ئەوانەی کە بەشداری لە خولەکانی پەیمانگەدا دەکەن لە گشت شوێنەکانی جیهان سەر بە باکگراوندی جۆرا و جۆرن، هەر لە سەرەتاشەوە ئاستی ئاشنابوونیان بە ڕێنماییە بەهاییەکان جیاوازە. کاتێکیش کە دەستدەکەن بە خوێندنی ئەم کتێبی دووەمە، ئەوا هەریەك لە ئەوان لەڕاستیدا دەست بە ئەو خزمەتگوزارییانە دەکەن کە خولەکان دابینیان کردبوو، بەڵام بێگومان هەندێك جیاوازی هەیە. بۆ نموونە ئەو لاوانەی کە پرۆگرامە فێرکارییەکانی منداڵان و تازەپێگەیشتوانییان تەواو نەکردوە ئەوا گەلێك لە ڕاگەیاندنەکان و ئەو بابەتانەی کە لە کتێبەکەدا پێشکەشدەکرێن بۆ ئەوان دەبێتە شتێکی نوێ و خوێندنی ئەوانە دەبێتە ئامرازێك بۆ ئاشنابوون بە فەرمانی پیرۆز. پێویستە ڕابەر لەو ڕووەوە ئامادەبێت تاوەکو نەرمیی و داهێنانی پێویست بەکاربهێنێت بۆ پەرەپێدانی تێگەیشتنی هەریەك لە ئەندامانی گروپەکە و لەوە دڵنیابێت کە ئامانجی سەرەکی خولەکە بەدیهاتووە، کە ئەویش بریتییە لە بەتواناکردنی بەشداران بۆ خەریکبوون بە ئەو گفتوگۆیانەوە کە ئامانجیان بەرزکردنەوەی ڕۆحە. سەرەڕای ئەوەش لە هەزاران شوێن کە ئەم کتێبەی لێدەخوێندرێت، ئەوا پرۆسەی بنیاتنانی کۆمەڵگەی بەهایی ناوخۆیی کە هەر سێ یەکەی کتێبەکە هەوڵی بۆ دەدات گشتیان لە یەك قۆناغی وەك یەکدانین لەڕووی گەشەکردنەوە. بۆیە ئەوەی کە دادەنرێت بۆ جێبەجێکردنی لە فێرکردندا دەشێت تاڕادەیەك شێوەیەکی جیاواز لەخۆبگرێت لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە، هەر ئەوەش ئاماژەیەکی دیکەمان دەخاتە بەرچاو سەبارەت بە ئەو بە تەنگەوەهاتن و وردییەوە کە پێویستە ڕابەر ڕەچاوی بکات بە پێی پێداویستیی هەر ئەندامێك کاتێك کە لەگەڵ گروپێکدا بەسەر بابەتەکانی ئەم لاپەڕانەدا تێدەپەڕن.



# خۆشیی راگەیاندن

## ئامانج

زانینی ئەو راستییەی کە خۆشیی راگەیاندن لە پرۆسەی بەشداریپێکردنی وشەی یەزدانییەوەیە لەگەڵ کەسانی دیکەدا.

## بەشی یەکەم

ئەنجامدانی خزمەتکردن دووەم کتێبە لە زنجیرەی ئەو خولانەدا کە پەیمانگەی رۆحی پێشکەشیان دەکات کە بە ئامانجی پێکەوەگرێدانی خوێندن و کارکردنە. ئامانجەکەشی یارمەتیدانی تۆیە بۆ بەرەوپێشچوون لەڕێی ئەو خزمەتکردنەدا کە دەستتداوەتێ و لە هەمان کاتدا دەبێت ئەوپەڕی هەوڵبدەیت بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دوولایەنە: هەوڵدان لە پێناو گەشەکردنی رۆحی و هزریی خۆتدا و بەشداریکردن لە گۆڕانکاریی کۆمەڵگەدا. لەڕێی بەشداریکردنتەوە لە یەکەم خولدا، دەشێت تۆ بەڕاستی ئەوە بزانیت کە ئەو رێگەیەی ئێمە ئاماژەی پێدەدەین زنجیرەیەك کاری خزمەتگوزاریی دەستنیشانیاندەکات، ئەو کارانەی کە دەیانکەین و چاومان لەڕێیە بۆ بەدیهێنانی سیستمێکی جیهانیی نوێ هەروەك ئەوەی کە حەزرەتی بەهائوڵلا لە نووسینە پیرۆزەکانیدا دەستنیشانیکردوون. کەواتە لایەنێکی گەورەی ئەو شتەی پێی دەڵێین "رۆیشتن بەڕێی خزمەتگوزاریدا" لە ئەو ئەرکانە پێکدێت کە دەیکێشین بۆ جێبەجێکردنی رێنماییەکانی حەزرەتیان لە ژیانی خۆمان و لە ژیانی مرۆڤایەتیشدا. حەزرەتی بەهائوڵلا بەم وشانەی خوارەوە باس لە دەرکەوتنی خۆی دەکات:

"ئەی بەندەکانم شێوەی دەرکەوتنی پیرۆزیی تاکبوونم وەك دەریایەك وایە کە لە بن و قوڵاییەکانیدا بێشومار مرواری جوان دەدرەوشێنەوە. بۆیە پێویستە لەسەر هەر خوازیارێك ئەوپەڕی هەوڵبدات بۆ گەیشتن بە کەناری ئەو دەریایە تاوەکو بتوانێت بەشی خۆی لە ئەو خشتە شاراوانە بەدەستبهێنێت کە بە هێندەی هەوڵ و ئەرکەکەیین". [1]

لە ئەم یەکەیەدا، کە یەکەی یەکەمە، بیری ئێمە بەرەو ئەو خۆشییە ئاراستەدەبێت کە دڵمان پڕدەکات کاتێك مروارییِ پەندە شاراوەکانی دەریای دەرکەوتنی حەزرەتی بەهائوڵلا دەدۆزینەوە و بە کەسانی دیکەی رادەگەیەنین. لەڕاستیدا تۆ خۆت لەڕێی خوێندنی کتێبی یەکەمەوە ئەوەت بینیوە کە ئەو مروارییە یەزدانییانەی رێپیشاندان چەند جوانن کە لە بەرهەمە پیرۆزەکانیدا هەن. با پێکەوە تەواو بیر لە هەندێك لە دەقەوەرگێراوی دیکە بکەینەوە:

"ئەم وشەیە وەك ئەو چرایە وایە کە لەناو شوشەی روونکردنەوەکەیدایە. ئەی کەسانی خاوەن زانست ئێوە هەمووتان بەری یەك درەختن و گەڵای یەك تاکە چڵن". [2]

"خۆشترین شت بەلای منەوە بەویژدان بوونە، ئەگەر منت نەوێت ئەویشت ناوێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ مندا راستگۆبیت پشتگوێی مەخە". [3]

"بایەخ بە ئەوانە بدەن کە سەردەمەکەتان پێویستییەتی و با پرس و راکانیشتان سەبارەت بە خواستەکان و پێداویستییەکانی بێت". [4]

"هەمووان لە پێناو چاکسازیکردنی جیهاندا دروستکراون". [5]

"دنیا لەناودەچێت و ئەوەی کە دەمێنێت خۆشەویستیی یەزدانە". [6]

"تۆ شوشەکەمیت و چراکەمت تێتدایە رۆشنی بکەرەوە و بەدەر لەمن بە شوێن کەسی دیکەدا مەگەڕێ، چونکە من تۆم بە دەوڵەمەندی دروست کردووە و بەخششێکی زۆرم پێداویت". [7]

دەشێت لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا ئارەزووی لەبەرکردنی ئەم دەقە وەرگێراوە کورتانە بکەیت.

## بەشی دووەم

بۆ دەستکردن بە وتووێژ سەبارەت بە بابەتی سەرەکیی ئەم یەکەیە دەقەوەرگێراوی یەکەم بخوێنەرەوە کە لەبەشی پێشوودا بوو پاشان راهێنانەکانی لای خوارەوە جێبەجێ بکە:

١. ئەم رستانە تەواو بکە

أ. پێویستە لەسەرمان ______________ و ______________ بین بۆ ______________ دەریای دەرکەوتنی حەزرەتی بەهائوڵڵا.

ب. پێویستە لەسەرمان لە گەڕانماندا بۆ گەیشتن بە کەناری دەریای دەرکەوتنی حەزرەتی بەهائوڵڵا ______________ بدۆزینەوە کە لە خشتە پیرۆزە شاراوەکاندایە.

ج. ئەو بەشەی کە لە دەریای دەرکەوتنی حەزرەتی بەهائوڵڵا وەریدەگرین بە پێی ______________ دەبێت.

٢. ئەوە واتای چی دەگەیەنێت کە مرۆڤ "ئەوپەڕی کۆشش" بکات؟ ______________

______________

٣. ئەوە واتای چی دەگەیەنێت کە "کۆششێکی زۆر بکات" بۆ گەیشتن بە کارێك لە کارەکان؟ ______________

______________

٤. پێویستە لەسەر هەر خوێندکارێك کۆشش بۆ گەیشتن بە چی بکات؟ ______________

______________

٥. ئەوە واتای چی دەگەیەنێت کە شتێك "شایستەی" شتێکی دیکەبێت؟ ______________

______________

٦. حەزرەتی بەهائوڵڵا پێمان دەڵێت کە ئێمە هێندەی ئەو ئەرکەی کە دەیکێشین بەشی خۆمان لە دەریای دەرکەوتنی ئەو بەدەستدەهێنین.

أ. هەندێك نموونە بهێنەرەوە سەبارەت بە ئەو کۆششانەی کە دەیانکەین و وامان لێدەکەن ئەو پشکەمان بەربکەوێت

______________

______________

______________

______________

______________

ب. هەندێك نموونە بهێنەرەوە لەسەر ئەو پشکەی کە وەریدەگرین: ______________

______________

______________

______________

______________

______________

## بەشی سێیەم

بەو پێیەی کە ئێمە دەزانین دەرکەوتنی حەزرەتی بەهائوڵڵا وەك دەریایەك وایە کە لە قووڵاییەکانیدا مرواریی بەنرخ هەن و نرخەکانیان بەهیچ بەهایەك پێوانە ناکرێت، بۆیە هەریەك لە ئێمە ئەوپەڕی هەوڵی خۆی دەدات بۆ ئەوەی بەشێکی لێوەربگرێت و یارمەتیی کەسانی دیکەش بدات بۆ گەیشتن بە کەنارەکانی ئەو دەریایە. بەڵام دەشێت ئەو پرسیارە بکەین ئاخۆ کەنارەکانی ئەو دەریایە چەندە لە ئێمەوە دوورن؟ حەزرەتی بەهائوڵڵا دەفەرموێت:

"ئەی بەندەکانم سوێندبێ بە خودا ئەم گەورەترین دەریایەی کە پڕ لە شەپۆلە گەلێك نزیکە، تەنانەت لە دەماری خوێنهێنەرتان نزیکترە. خۆ ئەگەر بتانەوێت ئەوا بەچاو تروکاندنێك پێیدەگەن و بەو سەرهەڵدانە مەزنە و چاکە یەزدانییە و بەخششە پڕ میهرەبانییە و بەخشندەییە باڵایە شاد دەبن". [٨]

١. دەستەواژەی "ئەم گەورەترین دەریا پڕ لە شەپۆلە" ئاماژە بەچی دەدات؟ ______________________

_____________________________________________

٢. ئەو دەریایە چەند لە ئێمەوە دوورە؟ ______________________________

_____________________________________________

٣. بەچی خێراییەك ئێمە دەتوانین بگەین بە ئەو دەریایە؟ ______________________

_____________________________________________

٤. ئەم رستانەی لای خوارەوە تەواو بکە :

أ. ئەو گەورەترین دەریایەی دەرکەوتنی حەزرەتی بەهائوڵلا پڕە______________________.

ب. دەریای دەرکەوتنی حەزرەتی بەهائوڵلا بۆ ئێمە ______________ بەهێندەی دەماری خوێنهێنەرمان.

ج. ئەگەر بمانەوێت ______________ بە دەریای دەرکەوتنی لە ______________ و ______________ پێی دەگەین.

د. ______________ لە چاوتروکاندنێکدا دەگەین بە دەریای دەرکەوتنی و بە بەخششی شاد دەبین.

## بەشی چوارەم

دوای ئەوەی کە گەیشتینە کەنارەکانی دەرکەوتنی حەزرەتی بەهائوڵلا، ئەوا ئێمە بەهرە لە ئەو سامانە پیرۆزەی وەردەگرین و بە ئەوپەڕی ئازادییەوە و بەبێ هیچ کۆت و مەرجێك کەسانی دی لە ئەو مرواریيە رێنیشاندەرە یەزدانییانە ئاگاداردەکەین و بەشدارییان دەکەین کە ئێمە بەردەوام لەکاتی گەڕان و توێژینەوەکانماندا و لە نزاو بیرکردنەوەکانماندا، هەروەها لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکانەماندا لێیان بەئاگادەبین بۆ خزمەتکردنی فەرمانی پیرۆزی ئەو و جیهانی مرۆیی. دەشێت تۆ ئارەزووبکەیت هەندێك کات تەرخانبکەیت بۆ لەبەرکردنی ئەو دەقەی خوارەوە کە بیرخستنەوەیەکی هەمیشەییە بۆ پیرۆزیی ئەو ئەرکە :

"ئەی ئەو کەسەی کە بەرەو لای خوا دەڕۆیت، بەشی خۆت لە ئەو دەریایە وەربگرەو خۆت بێبەش مەکە لە ئەوەی کە تێیدایەو براوەبە. خۆ ئەگەر هەربوونەوەرێك کە لە زەویی‌و ئاسماندا هەیە دڵۆپێکی ببێتە پشکیان، ئەوا دەروونی خۆیان بە سامانی یەزدانی بەتواناو زاناو دانا دەوڵەمەنددەکەن. بەدەستی دابڕانت لە دنیا مشتێك لە ئەو دەریا زیندوە وەربگرە و بیپرژێنە بەسەر بوونەوەراندا تاوەکو لە سنووری مرۆیی پاکیان بکاتەوە و لە دیمەنی یەزدانی مەزن نزیکیان بخاتەوە، واتە لە ئەو شوێنە پیرۆز و رووناکە". [٩]

## بەشی پێنجەم

لەگەڵ بەرەو پێشچوونماندا لە خولەکانی پەیمانگەدا و بەهۆی ئەنجامدانی ئەوەشەوە کە خوێندن و کارەکان پێویستییانە، توانای ئێمە بۆ خزمەتکردن گەشەدەکات و بە تواناوەبین بۆ ئەوەی ئەو کارە خزمەتگوزارییانە ئەنجامبدەین کە دڵمان پڕ لە خۆشی دەکەن و یارمەتیماندەدەن بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دوولایەنییەکەمان. کە ئەوانیش بریتین لە کارەکانی وانەوتنەوەی پۆلەکانی پەروەردەی رۆحی منداڵان و بەشدارییپێکردنی لاوانی تازەپێگەیشتوو لە پرۆگرامێکدا بۆ بە تواناکردنی رۆحی، هەروەها یارمەتیدانی گروپێك لە هاوڕێیان بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە کتێبەکانی ئەم زنجیرە سەرەکییە. بەدرێژایی ئەم گەشتە،ئێمە هەمیشە کەسانی دیکە

بەشداردەکەین لە وشە یەزدانییەکاندا، ئەوسا ئەوانە منداڵێن یان گەورە دەبنە سەرچاوەیەکی هەمیشەیی بۆ سروشەکانمان. بۆیە ئەوە کارێکی گونجاوە کە بە زۆری لە ئەو هێز و توانا و کاریگەرییانە وردببینەوە کە ئەو وشانە هەیانە بۆ سەر دڵی مرۆڤ. لە ئەم دەقە وەرگیراوەی لای خوارەوەدا حەزرەتی بەهائوڵا باس لە ئەو هێزە دەکات:

"وشەی یەزدانی وەك نەمامێکی چاندراو وایە کە شوێنەکەی ناو دڵی بەندەکانی یەزدانە. پێویستە بە ئاوی کەوسەری دانایی و راگەیاندن ئاو بدرێت تاوەکو رەگەکانی دابکوتێت و لقەکانی بەرەو ئاسمان بەرزببنەوە". [10]

١. دەتوانیت وشە یەزدانییەکان هاوشێوەی چ شتێك لێیان بدوێین؟ ______________________________

________________________________________________________________

٢. شوێنی درەختی وشەی یەزدانی کوێیە؟ ______________________________

________________________________________________________________

٣. چۆن دەبێت ئاگاداری ئەو درەختە بین؟ ______________________________

________________________________________________________________

٤. تا چ رادەیەك ئەو درەختە دەشێت گەشە بکات؟ ______________________________

________________________________________________________________

٥. لەرێی چەند رستەیەکەوە ئەوە روونبکەرەوە بۆچی بەشداریکردنی کەسانی دیکە لە وشە یەزدانییەکاندا گرنگییەکی گەورەی هەیە؟ ______________________________

________________________________________________________________

________________________________________________________________

________________________________________________________________

________________________________________________________________

## بەشی شەشەم

با بیر لە ئەو چالاکییە جۆراو جۆرانە بکەینەوە کە لە ژیانی رۆژانەماندا پێیانەوە سەرقاڵین. ئێمە خۆراك دابیندەکەین بۆ جەستەمان، هەروەها دەخوێنین بۆ ئەوەی زانیاری نوێ بەدەستبهێنین و توانای بیرمان فراوانتر بکەین و کاربکەین و بتوانین شارەزاییمان گەشە پێبدەین تاوەکو بتوانین وەك ئەندامێکی بەرهەمهێنەر لە کۆمەڵگەدا بژین و خەریکی وەرزش و کاری خۆشیبەخش ببین. ئەو چالاکییە زۆرانەی وەك ئەوانەی باسکران گشتییان گرنگییان هەیە بۆ پێشکەوتنی بیرمان و بۆ خۆشگوزەرانیی داراییمان، لە هەمان کاتدا ئەوانە بەشێکی زۆر لە کاتمان دەبەن. بەڵام هەموو رۆژێك ئەو چرکە ساتانە هەن کە پڕن لە بابەتی رۆحی، بۆ نموونە کاتێك کە ئێمە خەریکی ئەوە دەبین نزایەك بخوێنینەوە، یان کاتێك خەریکی ئەوە دەبین کە زانیاریمان سەبارەت بە رێنماییە یەزدانییەکان قووڵتربکەین، جا ئەو کارانە هەر بەتەنیا خۆمان بین یان لەگەڵ هاورێکانماندا، یان لە کاتێکدا کە یارمەتی کەسانی دەوروبەرمان دەدەین بە هەر شێوەیەك بێت بۆ دۆزینەوە ئەو مرواریيە شاراوانەی کە لە دەریای دەرکەوتنی حەزرەتی بەهائوڵادا هەیە، ئاخۆ ئەو چرکە ساتانە لەوە بەنرخترنین کە بە هیچ بەهایەك هەژماربکرێن؟ ئەی ئاخۆ هیچ خۆشییەك هەیە لە ئەوە گەورەتربێت کە پشکێك لە ئەو پیرۆزییە ئاسمانییانە وەربگرین؟

پێویستە هەمیشە ئەوەمان لەیادبێت کە چۆن حەزرەتی عەبدولبەها هانمان دەدات بۆ ئەوەی خۆمان تەرخانبکەین لە پێناو بەرزڕاگرتن و بەرەو بالاًبردنی ئاستی مرۆڤایەتی:

**"ئێمە هەموومان لە یەك مەبەستی یەزدانیدا یەکگرتووین، بێ ئەوەی کە هیچ هاندەرێکی دارایشمان بۆ ئەوە هەبێت، ئەوپەڕی ئاواتی ئێمە بلاًوکردنەوەی خۆشەویستیی یەزدانە لە گشت شوێنێکدا".** [11]

تۆ گریمانەی ئەوە بکە کە هەلت بۆ رەخساوە تاوەکو هاوڕێیەکت بەشداربکەیت لە یەکێك لە دەقە وەرگیراوەکانی بەشی یەکەم کە لەبەرت کردووە. ئەو خۆشییەی کە لە دڵتدا هەستی پێدەکەیت لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟ بێگومان تۆ هیواداری ئەوەیت کە رۆحی هاوڕێکەت بەو وشانەی حەزرەتی بەهائوللا بەرەو بەرزی ببەیت، بەلاًم ئەی چی رودەدات ئەگەر ئەو هاوڕێیەت ئەو پەرۆشییەی پیشان نەدا کە تۆ پێشبینیت لێدەکرد؟ ئایا ئەو هەلوێستە سووك و ئاسان خۆشییەکەی ناو دڵی تۆی لەناو دەبات؟ بۆچی نابێتە هۆی کارێکی لە ئەو شێوەیە؟

____________________________________________________________
____________________________________________________________
____________________________________________________________
____________________________________________________________
____________________________________________________________

## بەشی حەوتەم

کاتێك ئێمە بە ئەوە دەزانین کە لە نێو گشت ئەو کارانەدا کە لە ژیانماندا ئەنجامیاندەدەین ، ئەو چرکە ساتانەی کە بە بەشداریکردنی کەسانی دی لە وشە یەزدانییەکاندا بە سەریاندەبەین پیرۆزییەکی تایبەتی خۆیان هەیە، چونکە ئێمە دەگەینە دەرئە نجامێك کە گەلێك گرنگە ئەویش بریتییە لە ئەو خۆشییەی کە بەدەستیدەهێنین و لەنێو خودی ئەو خزمەتگوزارییەدایە کە ئەنجامیدەدەین. بێگومان هیواداریین کە ئەو کارانەی خزمەتکردن کە ئەنجامیاندەدەین دەرئەنجامی بەنرخیان هەبێت، بەلاًم لە سەرێکی دیکەوە ئەگەر ئێمە هەر بەزۆری خۆمان بە دەرئەنجامەکانەوە ببەستینەوە یان بە ئەو پیاهەڵدان و یان بە پێچەوانەوە بە ئەو رەخنانەی کە لێمان دەگیرێت، ئەوسا ئێمە خۆشیی ئەو راگەیاندنە رۆحییە لەدەستدەدەین. ئەوەی کە پێویستە ببێتە سروش بۆ ئێمە تاوەکو ئەرکی خزمەتکردن بەجێبهێنین بریتییە لە خۆشەویستیی یەزدان نەك ئارەزووی بەدیهێنانی سەرکەوتن یان بەدەستهێنانی سوود یان ناوبانگ دەرکردن. بۆیە خۆبەدوورگرتن لە گشت ئەوانە یەکێکە لە پێداویستییەکانی ئەو خزمەتکردنەی کە دەبێتە هۆی دڵخۆشیمان. لێکۆڵینەوە لە ئەم دەقە وەرگیراوانەی لای خوارەوە یارمەتیدەرت دەبن بۆ وردبونەوە لە ئەو بابەتە:

**"ئەی خاوەن دووچاو، چاوێکیان بنوقێنە و ئەوەی دیکەیان بکەرەوە، چاوێکیان لە ئاستی جیهان و گەردووندا بنوقێنە و ئەوی دیکەیان بکەرەوە بۆ بینینی جوانیی پیرۆزی خۆشەویست".** [12]

**"ئەی خۆشەویستان پشت لە ئەو جوانییە هەڵمەکەن کە هەردەم دەمێنێت لە پێناو جوانییەکدا کە لەناودەچێت، خۆتان گرێمەدەن بە جیهانی گڵەوە".** [13]

**"ئەی رۆڵەی ئاشکراو دیار، روو لەمن بکە و پشت لە هەر شتێکی تر بکە کە تایبەت بە من نەبێت، چونکە دەستەلاًتی من دەمێنێت و هەرگیز لەناوناچێت و جیهانی هەمیشەییە و هەرگیز ناگۆڕێت، خۆ ئەگەر بەدەر لە من تۆ سەیری هەر شتێکی تر بکەیت هەرگیز بوونێکی هەتا هەتایی نادۆزیتەوە".** [14]

"ئەی ئەوەی کە بە خۆشەویست نامۆیت، نیوی دڵت بەدەستی توانای من دایگرساوە بۆیە بەبای دەروون و ئارەزوو مەیکوژێنەرەوە. هەروەها پزیشکی گشت دەردەکانت ناوهێنانی منە، کەواتە لێی بێئاگامەبە. سامانی خۆت بکە بە خۆشەویستیی من و وەك گیان و چاوی خۆت بیپارێزە". [15]

"دابڕان رۆژێکە ئەگەر لە ئاسۆی ئاسمانی دەروونێکەوە هەڵهات ئەوا ئاگری خۆشی و ئارەزووی تێدا خامۆش دەبێت، ئا بەم جۆرە خاوەنی گشت کەسان پێتان دەڵێت، ئەگەر ئێوە زانان. ئەوەی کە چاوی بە رووناکیی خوداناسی دەکرێتەوە ئەوا لە گشت بوونەکانی دیکە دادەبڕێت ... (رێگەمەدە بەوەی کە دنیا و خراپەکارییەکانی دڵتەنگت بکەن. پیرۆزە ئەو دڵ و دەروونەی کە ئەگەر سامانی پەیداکرد لەخۆبایی نابێت و گەر هەژاریش بوو هەست بە خەمناکی ناکات)". [16]

١. ئایا دابڕان لەم دنیایە واتای ئەوە دەبەخشێت کە مرۆڤ وەك ئەوانە بژی کە لە پێناو یەزداندا دەچنە گۆشەگیرییەوە؟

______________________________________________

٢. ئایا دەتوانرێت دابڕان لە جیهان و بەدەستهێنانی شتومەك لە یەك کاتدا بەدیبهێنرێت؟ ______________

______________________________________________

٣. ئایا ئەو کەسەی کە بەشێوەیەکی پراکیتیکی گشت ساتەکانی ژیانی خۆی بۆ ئەنجامدانی کاری تایبەت بەخۆی تەرخان دەکات بە کەسێك دادەندرێت کە لە کاروباری دنیا دابڕاوە؟ ______________

٤. ئایا ئەو کەسەی کە هەر هێندە کاردەکات کە تەنها بەشی بەدیهێنانی پێویستییە بنەڕەتییەکانی بکات و ئیدی کاتەکانی دیکەی بەبێ کارکردن بەسەر دەبات بە ئەوە دادەنرێت کە لە ئەم دنیایە دابڕاوە؟ ______________

______________________________________________

٥. ئایا ئەو کەسەی کە ناتوانێت بەرگەی ئەو ئازارە بگرێت کە لە بواری خزمەتگوزاریدا تووشی دێت بە کەسێك دادەندرێت کە لەجیهان دابڕاوە؟ ______________

٦. گەلێك شتی دیکە هەن کە ئێمە دەتوانین پێیانەوە پەیوەستبین لە پاڵ سامانی داراییدا. ئەی باشە تۆ بەچییەوە پەیوەست دەبیت ئەگەر تۆ کەسێك بیت لەم جۆرانە:

- دەیەوێت وازبێنێت و خۆی بەدەستەوە بدات کاتێك کە هیچ کەس رێز لە کارەکەی ناگرێت؟ ______________

______________________________________________

- کاتێك کە هیچ کەس ئەو بیرۆکانە پەسەند ناکەن کە ئەو دەربڕیون، ئیدی هەست بە تێکشان دەکات؟ ________

______________________________________________

- بڕواکانی خۆی دەشارێتەوە لە ترسی ئەوەی ئەوەکو کەسانی دیکە رەتی بکەنەوە؟ ______________

______________________________________________

٧. دابڕان لە دنیا واتای تەریکبوون و گوێپێنەدان ناگەیەنێت. کام یەك لە ئەم دەربڕینانەی لای خوارەوە بەڵگەن بۆ ئەوەی کە ئەو کەسە دابڕاو نییە؟

______ کە خۆشی لە بینینی پێشکەوتنی کەسانی دیکەوە دەبینێت.

______ کاتێك کە هەندێك منداڵ لە پۆلێکدا کاری نابەجێ دەکەن ئەو واز لە وانە وتنەوەی ئەو پۆلە دەهێنێت.

______ شانازی بە دەستکەوتەکانییەوە دەکات.

______ بە هەوڵەوە دەخوێنێت و هەست بە رەزامەندی دەکات لەو پێشکەوتنەی کە بەدەستیدەهێنێت.

______ بە کۆششەوە کاردەکات بۆ ئەوەی تواناکانی خۆی گەشە پێبدات بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندیی گشتیی.

_____ هەوڵدەدات لە پیشەکەیدا ئاستێکی نایاب بەدەستبهێنێت.

_____ بایەخ بە خاوێنی دەدات و ماڵەکەی بەرێکوپێکی و خاوێنی رادەگرێت.

_____ بایەخ بە ئەو شتانە دەدات کە هەیەتی.

_____ بایەخ بە خێر و خۆشگوزەرانیی کەسانی دیکە دەدات.

_____ هەست بە شکست دەکات کاتێك کە کەس سوپاسی هەوڵ و ئەرکەکانی ناکات.

٨. لەدنیا دابڕان گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ هەریەك لە ئێمە، بۆیە وا پێشنیاردەکەین کە گشت ئەو دەقە وەرگێڕاوانەی ئەم بەشە لەبەر بکەیت.

## بەشی هەشتەم

بۆ بەدەستهێنانی بەخششەکانی ژیانێکی پڕ لە خۆشی کە لە هەمان کاتدا تایبەتمەندیی خزمەتکردنی مرۆیش لەخۆدەگرێت پێویستە ئێمە ئامادەبین بۆ ئەرککێشان، هەروەها دەشێت ئەو ئەرکانەمان بڕێکی زۆرتری لە قوربانیدان پێویستبێت. ئێمە زۆر جار لە ژیانی رۆژانەماندا وشەی "قوربانیدان" بەکاردەهێنین، خۆ ئەگەر کچە هاوڕێیەك بەیانییەکی زوو لە گەشتێك بگەڕێتەوە ئەوا دەشێت ئێمەش زوو لەخەو هەستین و تاوەکو بەدوایدا بچین، ئەوسا دەڵێین ئێمە قوربانیماندا بە چەند سەعاتێك نوستنی خۆمان. دەشێت کەسێکی خۆشەویستمان نەخۆش بکەوێت ئەوسا دەستبەرداری چەند سەعاتێك لە کاتی خۆشیو حەوانەوەی خۆمان دەبین بۆ ئاگاداربوون لە ئەو کەسە نەخۆشەمان. هەندێك بۆنە لە ژیاندا هەن کە وا پێویست دەکات تیایدا ئەرکێکی زۆر بکێشین و دەشێت بڕوامان وابێت کە ئێمە قوربانیمان بە کاتی خۆشیو حەوانەوەی خۆمان داوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو. هەموومان ئارەزوویەکی زۆرمان هەیە بۆ خزمەتکردنی فەرمانی یەزدانی و زۆر بەخشندانەش کات و وزەی خۆمان، هەروەها هێندەی کە لە تواناشدا بێت بەشێك لە داهاتی داراییشمان، بۆ ئەو کارە تەرخاندەکەین. کاتێك کە ئەو کارەدەکەین پێویستە ئەوەمان لە یاد بێت کە دەبێت لەرێی خزمەتدا، واز لە کاروباری ئەم دنیایە بهێنین چونکە ئەوەی کە ئێمە پێی دەگەین بەختیارییەکی راستەقینەیە کاتێك کە لەلایەنی رۆحییەوە گەشەدەکەین. لە خولەکانی داهاتوودا هەلی باشترمان بۆ دەرەخسێت کە زیاتر لە سروشتی ئەو قوربانیدانە وردببینەوە. ئەوە گرنگییەکی زۆری هەیە کە هەر لە سەرەتاوە ئەوە بزانین کە قوربانیدان دەستبەرداربوونە لە ئەو شتەی کە ئاستێکی نزمی هەیە لە پێناو شتێکدا کە ئاستێکی باڵای هەیە، تەواو هاوشێوەی ئەوەی کە تۆو قوربانی بەخۆی دەدات بۆ ئەوەی درەختێك لەدایکببێت. قوربانی خۆشی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت و ئەو خۆشییەش نایەتەدی، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە ئامادەییمان هەبێت بۆ ئەوەی بەردەوام کۆشش بکەین.

حەزرەتی بەهائوڵا دەفەرموێت:

" پێویستە لە پێناویدا هەوڵ چڕبکەین و کۆششبکەین تاوەکو لە هەنگویناوی پێگەیشتنەکەی بخۆینەوە. خۆ هەرکە لە ئەو کاسەیەمان خواردەوە ئەوسا گشت جیهان لەبیردەکەین."[١٧]

هەروەها حەزرەتی بەهائوڵا بەم جۆرە ئامۆژگاریمان دەکات:

" هیچ بڕیارێك مەدەن و داوای حەوانەوە مەکەن و خۆتان بە خۆشییەکانی دنیای لەناوچوو پیس مەکەن، خۆتان لە گشت کۆتەکان رزگار بکەن و بە دڵ و رۆحتانەوە هەوڵبدەن تاوەکو لە دنیادا تەواو خۆڕاگربن، ئێوە سامانە ئاسمانییەکان بدۆزنەوە، رووناکتردەبن و رۆژ لەدوای رۆژ لە دەروازەی یەزدانی تاك و بێوێنە نزیکدەبنەوە."[١٨]

ئێمە گشت بڕوامان وایە کە بۆ ئەوەی ئامانجەکانمان بەدیبهێنین پێویستە کۆشش بکەین، بەڵام کاتێك کە ئەو بڕوا سادەیە پەیڕەو دەکەین دەبینین هەندێك پێویستیی دیاریکراو هەن کە ناشێت دەستبەرداریان ببین. سەرەتا پێویستە ئەوەمان لەیادبێت کە دەبێت گونجانێك هەبێت لەنێوان بڕی وزەی پێویست لەگەڵ ئاستی سەختی ئەو ئامانجە یان ئەو ئەرکەی کە پێویستە جێبەجێبکرێت. ئەوە خۆخەڵەتاندنە ئەگەر پێمان وابێت کە دەشێت ئەو ئەرکە بە کاتێکی کەمتر جێبەجێبکرێت. بەڵام خۆ وەنەبێت تەنیا قەبارەی کۆششکردنەکە تاکە هۆکارێك بێت کە پێویستە رەچاوی بکەین،بەڵکو لەهەمان کاتدا پێویستمان بە بەردەوامی و کۆڵنەدانیش هەیە، هەروەها جەختلێکردنیش کارێکی پێویستەو ئەوەش ئاساییە کە دەبێت کارەکە بەبێ دابڕان تەواوبکرێت، واتە دەستیلێهەڵنەگیرێت، بۆ ئەوەی کارێکی دی ئەنجامبدرێت. ئەو ئەرکەی کە ئەنجامدەرەکەی بۆی بەپەرۆش نەبێت بەرهەمێکی باشی نابێت. تۆ بیر لە پۆلێکی خوێندن بکەرەوە کە تیایدا منداڵان هەفتانە وانەیەکی پەروەردەی رۆحیی تێدا دەخوێنن، بۆ ئەو وانەیە مامۆستاکە پێویستە چەند سەعاتێك تەرخانبکات بۆ ئەوەی خۆی ئامادەبکات بۆ وتنەوەی هەر وانەیەك. پاشان لە پۆلدا، پێویستە بەدرێژایی کاتی وانەکە تەواو جەخت لەسەر ئەوە بکات کە گشت قوتابییەکان فێری بابەتی وانەکە بکات و دواتریش پێویستە بەشێوەیەکی رێکوپێك سەردانی دایکان و باوکانی منداڵەکان بکاتو هەفتە لەدوای هەفتەش بەدواداچوون بۆ بەرەوپێشچوونی هەریەك لە ئەو منداڵانە بکات. بەڵام ئاخۆ دەشێت چارەنووسی پۆلێك چی بێت ئەگەر مامۆستاکە هەر تەنیا جاروبار ئامادەبێتو هەرکاتێکیش بێزاربوو ئەوا کوتوپڕ و بەزوویی کۆتایی بە وانەکە دەهێنێت. ئەو جۆرە مامۆستایە لەوەشدا سەرکەوتوونییە کە کاتی پێویست تەرخانبکات بۆ بیرکردنەوە لەبەرەوپێشچوونی هەریەکە لە منداڵەکان تاوەکو لەگەڵ دایکانو باوکانیاندا سەبارەت بە ئەوان گفتوگۆبکات؟ ئەی چی دەڵێیت ئەگەر لەوەش خراپتر، مامۆستاکە هەر کات ئارەزووی ئەوەی هەبوو کە کارێکی دی ئەنجامبدات،بۆ نموونە بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوڕێیەکیدا بێت کە لە دەرەوەی شارەوە هاتوە بۆلای، ئیتر زۆر سووكو ئاسان واز لەوانەکەی دەهێنێت؟

ئەو تێبینییە کەمانە بە ئامانجی ئەوەن کە بە ئەوە قایلمان بکەن کە پێویستە لەسەرمان کە لەڕووی بڕێتیی و جۆرێتییەوە بایەخبدەین بە ئەو کۆششەی کە پێویستە بۆ هەر کارێك کە ئەنجامیدەدەین. ئەوەش هەر تەنها بۆ ئەو کارە خزمەتگوزارییانە پێویست نییە کە ئێمە پێوەی خەریکین، بەڵکو ئەوە بۆ گەشەکردنی کەسێتیشمان هەر راستە. تەنانەت ئەو خوە رۆحییانەی کە لە کتێبی یەکەمی ئەم زنجیرەیەدا باسیان لێکرا، واتە وەك ئەوەی کە نزابکەین و بە شێوەیەکی رێکوپێك نوێژ بکەین و هەموو رۆژێك چەند ئایەتێکی یەزدانی بخوێنینەوە و بیر لە ئەوە بکەینەوە چۆن کارێکی وەها بکەین کە ژیانی خۆمان لەگەڵ رێنماییە پیرۆزەکاندا بگونجێنین و زۆر بە دڵسۆزییەوە بەشدارییکەین لە دانیشتنەکانی نزاکردندا، کە گشت ئەوانەش بەندن بە کۆششی بەردەوامەوە.

لای خوارەوە چەند رستەیەك هەن کە پەیوەندییان بە کۆششەوە هەیە، کاتێك کە تۆ ئەوە دەستنیشان دەکەیت کام یەك لە ئەم رستانە راست و دروستن، ئەو کارە یارمەتیدەرت دەبێت بۆ ئەوەی زۆر بە وردی لەو رووەوە بیربکەیتەوە:

______ ئەگەر تۆ زیرەك بیت، ئەوا پێویستت بە کۆشش کردن نابێت.

______ تۆ بۆچی رێگایەکی دوور و درێژ دەگریتەبەر، هەمیشە بەدوای رێگایەکی کورتدا بگەڕێ.

______ هیچ بەدەستهێنانێك بەبێ ئەرك بەدینایەت.

______ با خەونەکانت گەورەبن، ئەوسا ئاواتەکانت دێنەدی.

______ چەندە خەڵات گەورەبێت هێندە کۆششی گەورەی پێویستە.

______ چەندە کۆششکردن زۆربێت، ئەوسا تامی پاداشتەکە خۆشتر دەبێت.

______ بۆچی تۆ کاردەکەیت لەکاتێکدا دەتوانیت وابکەیت کە کەسانێکی دیکە لەبری تۆ ئەو کارانە بکەن؟
______ ئەگەر کارێك پێویستی بە کۆششی زۆر هەبوو ئەوا ئەستەمە جێبەجێ بکرێت.
______ هەنگاوە بچووکەکان کە دووبارە دەبنەوە و بەردەوامن دەتوانن قۆناغێکی دوور و درێژ ببڕن.
______ هەرشتێك کە شایستەی ئەوەبێت کە تۆ هەتبێت بە ئاسانی نایەتە دەستت.
______ کاری نایاب پێویستی بە خۆتەرخانکردنێکی تەواو هەیە.
______ گەشتی هەزار میلی بە یەك هەنگاو دەستپێدەکات.
______ ئەوەی کە کۆششکار هەوڵی بۆ دەدات بریتییە لە بە نایاببوون، نەك تەنها تێپەڕبوون.
______ پێویستە چاوەڕوانی کاروبارەکان بین رووبدەن تاوەکو هەوڵبدەین بۆ چارەسەرکردنیان.
______ مەسەلەی سەرکەوتن بریتییە لە بەخت.
______ ئێمە ناتوانین ئامانجی دوولایەنە بە شێوازێکی ئەفسووناوی بەدیبهێنین.
______ پێویستە هەموو رۆژێك لێپرسینەوە لەگەڵ خۆماندا بکەین.

ئێمە بەرێی خزمەتگوزاریدا تێدەپەڕین و بەئەوپەڕی کۆششەوە هەوڵدەدەین کە گەشەکردنی رۆحی و هزریمان بەدیبهێنین و بتوانین بەشداربیکەین لە گۆڕینی کۆمەڵگەدا. ئەوە ئاشکرایە کە هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دوولایەنە پێویستی بە بڕێکی زۆر لە کۆشش هەیە. حەزرەتی بەهائوڵلا پێمان دەڵێت:

**"یەزدانی تاك و تەنها و بێ وێنە گشت خەڵکی وەك یەك دروستکردووە و لە هەموو زیندووەرەکانی دیکە شکۆدارتری کردووە. کەواتە بەرزی و نزمی و زۆر و کەمی، گشت ئەوانە بەندن بە کۆششی مرۆڤەوە و ئەو رەنجەی کە دەیدات. چەندە هەوڵی زۆرتر بێت هێندە پێشکەوتنی زیاتر دەبێت".** [19]

دەشێت تۆ ئارەزووی ئەوەبکەیت ئەو دەقەوەرگێراوەی لای سەرەوە لەبەر بکەیت ئەگەر پێشتر لەبەرت نەکردبێت.

## بەشی نۆیەم

بۆ ئەوەی بتوانین لە پێشکەشکردنی خزمەتدا خۆشی بەدیبهینین، پێویستە هەندێك هەڵوێست لەناخی خۆماندا گەشە پێبدەین. بۆ نموونە پێویستە لەسەرمان سوپاسگوزاریی دەربڕین بۆ ئەو بەخششی خزمەت پێشکەشکردنەی کە یەزدان داویەتی بە ئێمە، ئەوە ئەستەمە بتوانین وێنای ئەوە بکەین کە ئێمە چاکەیەك پێشکەش بە یەزدان دەکەین کاتێك کە فەرمانەکەی جێبەجێ دەکەین. هەروەها پێویستە فێری ئەوە ببین چۆن خۆمان لە رەشبینی بەدوور بگرین و بەدیدێکی گەشبینانەوە سەرنج لە جیهان بدەین. ئەو دەرئەنجامانەی کە لەرێگەی خزمەتگوزارییەوە بەدیدێن دەشێت بگۆڕێن بۆ چەند پلەیەك لە پلیکانەی پێشکەوتندا. تەنانەت لە کاتی کێشە و ناهەمواریشدا پێویستە بەچاوێکی پڕ لە بڕواوە بۆ داهاتوو بڕوانین. ئەم وشانەی خوارەوە کەهی حەزرەتی عەبدولبەهان ئاماژە بە ئەو هیواو گەشبینییە دەدەن کە پێویستە لە کۆششەکانماندا رەنگبدەنەوە:

**"تۆ و لە سەرەتادا زۆر بچووکە، بەڵام لە کۆتاییدا دەبێت بە درەختێکی گەورە. بۆیە پێویستە لە تۆوەکە نەڕوانین، بەڵکو لە درەختەکە بڕوانین و لە ئەو گشت چرۆ و گەڵا و بەرانەش کە پێوەیەتی".** [20]

**"کەواتە ئێوە گرنگیی ئەو تۆوە بزانن کە جوتیارێکی راستەقینە بە دەستێکی پڕ لە بەزەییەوە لە کێڵگەی یەزدانیدا دەیڕوێنێت و پاشان وروژمی بارانی بەهرە ئاوی دەدات و ئێستاش بە گەرمیی راستەقینەی رۆژ و رووناکییەکەی ئاگاداری لێدەکات".** [21]

**"کاتێك دەبینن درەختێك دەڕوێت و گەورە دەبێت، ئێوە گەشبیننن بە بەرهەمەکانی، چونکە ئەو درەختە گوڵ دەکات و لە کۆتاییدا دێتەبەر بەڵام کاتێك کە دارێك یان قەدێکی وشك دەبینن ئەوا هیچ هیوایەکی هاتنەبەر بەدیناکرێت".** [٢٢]

**"خۆشەویستانی خودا درەختی هیوا ئاودەدەن و بەڵێنی رووان و ئاگادارکردنی دەدەن لەڕێی ئاوی کۆششەوە".** [٢٣]

**"ئەگەر دڵ پشتی کردە پیرۆزی یەزدان، ئیتر چۆن بەهیوای بەختەوەری دەبێت؟ ئەی ئەگەر هیواو متمانەت بە میهرەبانیی خودا نەبێت ئەی لە ئیتر لە کوێ دەحەوێتەوە؟".** [٢٤]

**بۆ بیر کردنەوە لەو دەقە وەرگیراوانەی لای سەرەوە، ئەم رستانەی خوارەوە تەواوبکە :**

**١. تۆو لە سەرەتادا زۆر بچووکە بەڵام لە کۆتاییدا ______________________________.**

**٢. نابێت تەماشای ئەو تۆوە بچووکە بکەین، بەڵکو دەبێت تەماشای ______________________.**

**٣. کەواتە پێویستە گرنگیی ئەو تۆوە بچوکە بزانین کە ____________________________ خودا بەدەستی پڕ بەزەیی و ______________________________.**

**٤. کاتێك دەبینین درەختێك دەڕوێت و گەورە دەبێت پێویستە ________________________.**

**٥. کاتێك دەبینین درەختێك دەڕوێت و گەورە دەبێت پێویستە لەسەرمان گەشبینبین کە ______________.**

**٦. پێویستە لەسەرمان ______________________________ بە ئاوی کۆشش.**

**٧. ئەگەر دڵ پشتی لە پیرۆزییەکانی یەزدان هەڵکرد، ______________________________.**

**٨. ئەگەر دڵ بڕواو متمانە نەدات بە میهرەبانی خودا، ______________________________.**

---

**ئێستا بۆ ماوەیەك بیربکەرەوە: ئایا تۆ ئەوەت لەلا پەسەندە کە ئەگەر رۆحمان پڕبێت لە خۆشی و هیوا و لە هەمان کاتدا هەڵوێستی سوپاسگوزاریی و بێفیزیمان هەبێت، گشت ئەوانە دەبنە سەرچاوەیەك بۆ بەختیاریی کەسانی دی؟ با هەمیشە ئەوە رەچاوبکەین کە ئێمە کاتێك خزمەت بە فەرمانی یەزدانی دەکەین، ئەوا مزگێنی هاتنی بەرەبەیانی رۆژێکی نوێ دەدەین، ئەویش ئەو رۆژەیە کە لێپرسینەوە لە گشت مرۆڤایەتی دەکرێت.**

**دەشێت ئەم وشانەی حەزرەتی بەهائولڵا دەنگدانەوەیەك لە دڵماندا دروستبکات:**

**"پیرۆزن ئەوانەی کاردەکەن و پیرۆزن ئەوانەی من دەناسن و پیرۆزن ئەوانەی رێی رەوا دەگرن و لە گشت ئەو شتانە دوور دەکەونەوە کە دژبە خاوەنی ئاسمان و زەوییەکانن".** [٢٥]

*** *** ***

## سەرچاوەکان

---

[1] هەڵبژاردەیەك لە بەرهەمەکانی حەزرەتی بەهائوڵڵا ( هۆفهایم، دەزگای چاپەمەنیی ئامری، ئەڵمانیا، ٢٠٠٦ )، دەقە وەرگێراوی ژمارە ١٥٣، لاپەڕە ١٢٨.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو، دەقەوەرگێراوەی ژمارە ١٣٢، لا ١١٣.

[3] حەزرەتی بەهائوڵڵا، وشە شاراوەکان ( لە بڵاوکراوەکانی خانەی بڵاوکردنەوەی بەهاییی لە بەرازیل، ١٩٩٥ )، ژمارە ٢، لا ٤.

[4] هەڵبژاردە لە بەرهەمە پیرۆزەکانی حەزرەتی بەهائوڵڵا، دەقەوەرگێراوی ژمارە ١٠٦، لا ٨٣.

[5] حەزرەتی بەهائوڵڵا، لە کتێبی ( بەهائوڵڵادا نوسراوە چاپەمەنی ئۆرۆرا، لەندەن، ١٩٩٢ )، لا ٧٥،

[6] حەزرەتی بەهائوڵڵا، تۆمارکراوە لە : ( ژنان : کورتەیەك لە نوسینەکانی بەهائوڵڵا و عەبدولبەها و شەوقی ئەفەندی و خانەی دادی مەزنی جیهانی کە لەلایەن بەشی توێژینەوەی تایبەت بە خانەی دادی مەزنی جیهانییەوە کۆکراوەتەوە )، ویلمەتە متمانەی بڵاوکردنەوەی بەهایی، چاپی ١٩٨٦، ١٩٩٧، دەقەوەرگێراوی ژمارە ٥٣، لا ٢٦.

[7] حەزرەتی بەهائوڵڵا، وشە شاراوەکان، ژمارە ١١، لا ٨.

[8] گوڵەچنییەك لە نوسینەکانی بەهائوڵڵا ( ویلمەتە متمانەی بڵاوکردنەوەی بەهایی، چاپی ١٩٨٣، ٢٠١٧، دەقەوەرگێراوی ژمارە ١٥٣، بڕگەی ٥، لا ٣٧٠.

[9] هەڵبژاردە لە بەرهەمە پیرۆزەکانی حەزرەتی بەهائوڵڵا، دەقەوەرگێراوی ژمارە ١٢٩، لا ١١٠.

[10] کۆمەڵێك لە خشتەکانی حەزرەتی بەهائوڵڵا کە لە دوای کتێبی پیرۆز هاتونەتە خوارەوە ( خانەی بڵاوکردنەوەی بەهایی لە بەلجیکا، ٢٠٠٦ )، لا ١١٨.

[11] لە وتارێکەوە کە حەزرەتی عەبدولبەها لە بەرواری ١٩ ی نۆڤەمبەری ١٩١١ دا پێشکەشی کردووە و لە کتێبی وتارەکانی پاریسدا هاتووە ئەو وتارانەی کە عەبدولبەها لە ساڵی ١٩١١ دا پێشکەشی کردون ( ویلمەتە بڵاوکراوە بەهاییەکان، ٢٠٠٦، چاپی ٢٠١٦ )، لا ١٢١.

[12] حەزرەتی بەهائوڵڵا، وشە شاراوەکان بە فارسی، ژمارە ١٢، وەرگێڕانێکی پوختکراو بەڵام هێشتا بڵاونەکراوەتەوە.

[13] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژمارە ١٤.

[14] حەزرەتی بەهائوڵڵا، وشە شاراوەکان، ژمارە ١٥، لا ١٠.

[15] حەزرەتی بەهائوڵڵا، وشە شاراوەکان بە فارسی، ژمارە ٣٢، وەرگێڕانێکی پوختکراو بەڵام هێشتا بڵاونەکراوەتەوە.

[16] حەزرەتی بەهائوڵڵا، نوسراوە لە فەرمان و خەڵك ( لیژنەی میللی، بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی فەرمانی یەزدانی بە زمانی فارسی و عەرەبی، ئەڵمانیا ١٩٨٦ )، ب ٣، لا ٣٩٨.

[17] بانگەوازە خۆشەکەی یەزدان:کارە رۆحییە هەڵبژێراوەکانی بەهائوڵڵا ( حەیفا، سەنتەری جیهانی بەهایی، ٢٠١٨ )، ژمارە٢,١٢ ، لا ١٧.

[18] لەیەکێك لەو خشتانەوە کە ئاراستەی بەهاییەکانی کەنەداو گرینلاند کراوە و لە خشتەکانی پلانی یەزدانیدا بڵاوکراوەتەوە و لە سەردەستی حەزرەتی عەبدولبەها ( خانەی بڵاوکراوەی بەهایی لە بەرازیل، ١٩٨١ ) ، لا ٤١.

[19] هەڵبژاردە لە بەرهەمە پیرۆزەکانی حەزرەتی بەهائوڵڵا، دەقەوەرگێراوی ژمارە ٣٤، لا ٣٢.

[20] هەڵبژاردە لە بەرهەمە پیرۆزەکانی حەزرەتی بەهائوڵڵا، دەقەوەرگێراوی، ب ١، ژمارە ٤٠، لا ٧٩.

[21] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٨٠.

[22] حەزرەتی عەبدولبەها، پەرەپێدانی ئاشتی جیهانی ( خانەی بەدیع بۆ چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە، لوبنان، ٢٠١٧ )، لا ١٣٦.

[23] هەڵبژاردە لە بەرهەمە پیرۆزەکانی حەزرەتی بەهائوڵڵا، دەقەوەرگێراوی، ب ١، ژمارە ٢٠٦، لا ٢٤٩.

[24] لە وتارێکەوە کە حەزرەتی عەبدولبەها لە بەرواری ٢١ ی نۆڤەمبەری ١٩١١ دا پێشکەشی کردووە و لە کتێبی وتارەکانی پاریسدا هاتووە ئەو وتارانەی کە عەبدولبەها لە ساڵی ١٩١١ دا پێشکەشی کردون ( ویلمەتە بڵاوکراوە بەهاییەکان، ٢٠٠٦، چاپی ٢٠١٦ )، ژمارە ٨، ٤٣، لا ١٣٣.

[25] حەزرەتی بەهائوڵڵا، خشتی بێچووە گورك.



# ئەو وتانەی پەرە بە رۆح دەدەن

## ئامانج

**بەدەستهێنانی توانا بۆ پێشکەشکردنی بنەما رۆحییەکان لە گفتوگۆدا**

## بەشی یەکەم

لە یەکەی یەکەمی ئەم کتێبەدا باسمان لە ئەو خۆشییە بێ کۆتاییە کرد کە لەڕێی بەشداریکردنمانەوە لە گەیاندنی وشە یەزدانییەکان بە کەسانی دیکە بەدەستیدەهێنین. کاتێك کە ئێمە ڕێی خزمەتکردن دەگرینەبەر گەلێك هەلمان بۆ دەڕەخسێت کە گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێیان و ناسیاواندا بکەین سەبارەت بە ئەو دید و بۆچوونانەی کە لە نامەکانی حەزرەتی بەهائوڵاوە وەریاندەگرین. کەواتە یەکێك لە گرنگترین ئەو توانایانەی کە هەموومان پێویستمانەو دەبێت گەشەی پێبدەین، بریتییە لە ئەوەی کە یارمەتیدەرمانە بۆ بەشداریکردن لە گفتوگۆیەکی ئامانجداردا کە پەرە بە رۆح دەدات. ئامانجی ئەم یەکەیە و یەکەی دواتریش بریتییە لە یارمەتیدانت لە ئەو ڕووەوە، لێرەدا گرنگیی بە چۆنێتی بەرزکردنەوەی ئاستی گفتوگۆ دەدرێت لەڕێی ئاماژەدانەوە بە پرنسیپە رۆحییەکانە، هەر کاتێك کە ئەوە پێویستبێت. لە یەکەی دواتریشدا بیر لە ئەوە دەکرێتەوە کە چۆن زنجیرەیەك گفتوگۆ سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو دەستپێدەکرێت و بەردەوامیی پێدەدرێت وەك بەشێك لە ئەرکی بە پرۆگرامکراوی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی بەهایی، کە پڕبێت لە چالاکی، لە گوندەکەتدا یان لە گەڕەکەکەتدا.

ئەوەی لە چەند بەشی داهاتوودا ئێمە ئەنجامیدەدەین بریتییە لە سەرنجدان لە ژمارەیەك راگەیاندن سەبارەت بە بابەتی جۆراوجۆر، ئەوانەش هەرچەندە لە خۆیاندا دەقە وەرگیراونین بەڵام هەر هەموویان لەسەر بنەمای ئەو وتار و خشتانەی حەزرەتی عەبدولبەهان کە ژمارەیەکی زۆر لە ئەو دەربڕینانەی تێدایە کە حەزرەتیان بەکاریهێناون.

پێویستە تۆ هەریەك لەو راگەیاندنانە چەند جارێك بخوێنیتەوە و زنجیرەی بیرۆکەکان دیاریبکەیت و بە دەنگی بەرز بیانلێیتەوە، ئەوەش بە نۆرە لەگەڵ ئەندامەکانی دیکەی گروپەکەتدا، تاوەکو بتوانیت بەشێوەیەکی سروشتیی دەریانببڕیت. ئەم راهێنانە یارمەتیتدەدات کە ئامادەبیت بۆ ئەوەی بتوانیت زۆر بە ئاسانی بدوێیت کاتێك کە دەبینیت ئەوە شتێکی گونجاوە کە تۆ پشت بە ڕێنماییەکانی فەرمانی پیرۆز ببەستیت بۆ ئەوەی ئاستی گفتوگۆکانتی پێ بەرزبکەیتەوە.

بێگومان ئەم یەکەیە بەردەوام دەبێت لەسەر لەبەرکردنی دەقە وەرگیراوەکانی کتێبە پیرۆزەکان چونکە ئەو دەقانە هێزێکی تایبەتییان هەیە و دەچنە ناو ناخی دڵی مرۆڤەوە و کاریگەرییەکی زۆری دەبێت لەسەر گوێگر، کاتێك کە تۆ دەیخەیتە نێو گفتوگۆکانت. لەگەڵ ئەوەشدا وەرگرتنی دەق لە کارە پیرۆزەکان لە کاتی هەر گفتوگۆیەکدا پێویستی بە دانایی هەیە. ئەوەی کە پێویستە بریتییە لە میانڕەوی، واتا ڕەچاوکردنی هاوکێشەییەك لە نێوان ئەو دەقانەدا کە راستەوخۆ لە کتێبە پیرۆزەکان وەرگیراون لەگەڵ ئەو وشانەدا کە مرۆڤ خۆی بەکاریاندەهێنێت بۆ روونکردنەوەی ڕێنماییەکانی فەرمانی پیرۆز. بۆ بەدیهێنانی ئەو هاوکێشەییەش تۆ پێویستت بە تەرخانکردنی بڕێکی زۆر لە کات و وزە هەیە بۆ ئەوەی ئەو کتێبە پیرۆزانە بخوێنیتەوە و ڕێگە بەوە بدەیت کە ئەو بابەتانە بتوانن بیر و هەستەکانت بگۆڕن.

## بەشی دووەم

یەکەم راگەیاندن، کە پێویستە تۆ لێی بکۆڵیتەوە، پەیوەستە بە ئەوەی کە مرۆڤایەتیی پێویستی بە پەروەردەکارێك هەیە:

خۆ ئەگەر بە وردی سەرنج لە جیهانیبون بدەین تێبینی ئەوە دەکەین کە جیهانی نازیندوو و رووەك و ئاژەڵ و مرۆڤ گشت پێویستیان بە پەروەردەکارێك هەیە. بۆ نموونە باخێك پێویستی بە باخەوان هەیە، زەوییەك بۆ ئەوەی بەرهەمێکی زۆر بدات پێویستی بە جوتیار هەیە، مرۆڤیش ئەگەر بە تەنیا لە دەشت و کێو بەرەڵا بکرێت ئەوا

ئەویش هەروەك ئاژەڵ هەڵسوکەوت دەکات، بەڵام ئەگەر پەروەردە بکرێت ئەوسا دەتوانێت بگاتە دواترین پلەی ئامانج بەدەستهێنان، کەواتە بەبێ بوونی پەروەردەکار شارستانێتی هەرگیز دروست نەدەبوو.

پەروەردە بەسەر سێ لایەندا دابەش دەبێت: لایەنی جەستەیی و مرۆیی و رۆحی. پەروەردەی جەستەیی پەیوەندیی بە دروستبوونی جەستە و گەشەکردنییەوە هەیە. پەروەردەی مرۆیی بایەخ بە شارستانێتی و پێشکەوتنەوە هەیە، کەواتە ئەمیان پەیوەستە بە حوکمڕانی و سیستمی کۆمەڵایەتیی و خۆشگوزەرانی مرۆیی و بازرگانی و پیشەسازی و زانست و هونەرەکان و دۆزینەوە و داهێنانە گەورەکانەوە. بەڵام پەروەردەی رۆحی بریتییە لە بەدەستهێنانی تەواوکارییە یەزدانییەکان، کە هەر ئەوەش پەروەردەی راستەقینەیە چونکە هۆکارێکە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی سروشتی رۆحیی مرۆڤ کە ئەوە دەبێتە باڵاترین ئاستی سروشتێتی.

بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی گەشەبکاتو پێشبکەوێت پێویستی بە پەروەردەکارێکە کە بڕیارەکانی جێبەجێبکرێت، واتە دەبێت پەروەردەکارێکی جەستەیی و مرۆیی و رۆحی هەبێت. خۆ ئەگەر کەسێك بڵێت: "من ئەقڵ و هۆشێکی تەواوم هەیە و پێویستم بە ئەو پەروەردەکارە نییە،" ئەوە نکولیکردنە لە راستییە بەڵگە نەویستەکان و هاوشێوەی ئەوەیە کە منداڵێك بڵێت: "من پێویستم بە پەروەردە نییە و خۆم بە پێی ئەوە کاردەکەم کە بیر و هۆشی خۆم سروشم پێدەدات و دەتوانم هەر لەرێی خۆمەوە بگەم بە دۆخی تەواوکاری".

هەمیشە مرۆڤایەتی پێویستی بە ئەو پەروەردەکارە تەواوکارە هەیە، ئەو پەروەردەکارەی کە یارمەتیدەرە لە رێکخستنی ئەو کاروبارانەی کە پەیوەندییان بە خۆراك و تەندروستییەوە هەیەو رێپیشاندەرە بۆ پێشکەوتن لە بواری زانست و زانین و داهێنان و دۆزینەوەدا، لە گشت ئەوانەش گرنگتر ئەوەیە کە رۆحی بەبەردا دەکات. مرۆڤی ئاسایی ناتوانێت ئەو ئەرکە گەورەیە بەجێبهێنێت، ئەوە هەر تەنها دەرکەوتە یەزدانییەکانن کە ئەو توانایەیان هەیە کارێکی لە ئەو جۆرە بەدیبهێنن. ئەوان ئەو دەروونە پیرۆزەن کە یەزدان هەڵیبژاردوون و هەر کات ناکاتێك دەیانێرێت بۆ مرۆڤایەتی تاوەکو ببنە پەروەردەکارێکی گشتی.

١. راگەیاندنەکە چەند جارێك لەگەڵ گروپەکەتدا بخوێنەرەوە، با هەریەکێك لە ئێوە یارمەتی ئەوانی دیکە بدات بۆ بەباشی فێربوونی ناوەڕۆکەکەی. پێویستە ئەو پرسیارانە لە یەکتری بکەن کە پەیوەندییان بەو بیرۆکانەوە هەیە کە پێشتر پیشکەشکراون، هەروەها خۆتان رابهێنن لەسەر دەربڕینی ئەو بیرۆکانە بە شێوەیەکی سروشتیی و زۆر ئاسان.

٢. پاشان، لەگەڵ گروپەکەتدا گفتوگۆ سەبارەت بە ئەوە بکە کە چۆن ئەو بیرۆکانە دەربڕیت کە لێرەدا فێریانبویتو دەشێت لە گفتوگۆیەکدا پێشکەشیانبکەیت. بێگومان تۆ هەروا کتوپڕ بە هاوڕێکانت ناڵێیت کە پەروەردە سێ جۆری هەیە. کەواتە وا باشە بۆ تۆ کە بیر لە جۆری ئەو کارلێکانە بکەیتەوە کە دەبنە هۆی چەسپاندنی ئەو بیرۆکانەی سەرەوە کە پەیوەندیان بە بابەتەکەوە هەیە. دەشێت ئەو مەسەلەیەی کە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت سەبارەت بە دابەزینی ئاستی ئاکاریی کۆمەڵگەبێت، یان چۆنێتیی کارکردن لە پێناو چاکردنی جیهاندا. سەرنج لە ئەو گفتوگۆ جۆراوجۆرانە بدە کە هاوڕێکانت پێوەی خەریکن هەروەها لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت و ناسیاوەکانتدا. لە نێو ئەو بابەتانەدا کە بیری ئەوانی پێوە خەریك بووە ئایا هیچ شتێکی وەهای تێدایە کە گونجاوبێت لەگەڵ گفتوگۆیەك سەبارەت بە ئەو بیرۆکانەی کە لەم راگەیاندنەدا هەیە؟

---

---

---

٣. بە شێوەیەکی ئاسایی لە چوارچێوەی ئەو گفتوگۆیانەدا کە سەبارەت بە هەندێك بابەت دەکرێن، وەك ئەوانەی کە ئێستا فێریانبوویت، تۆ چۆن وەڵام دەدەیتەوە ئەگەر کەسێك ئەم پرسیارەی لێکردیت؟: "کێن هەندێك لە ئەو پەروەردەکارانەی کە تۆ باسیان دەکەیت؟"

---

---

---

٤. لای خوارەوە هەندێك لەو دەقە وەرگێراوانەی نووسینەکانی حەزرەتی بەهائوڵڵا کە پەیوەندییان بەو مەسەلەیەوە هەیە کە مرۆڤایەتی پێویستی بە پەروەردەکار هەیە. تۆ بەوردی بیری لێبکەرەوە و لانی کەم یەکێك لەو دەقانە لەبەربکە، ئیتر بەو جۆرە دەتوانیت چەند دەقێك لە وتە پیرۆزەکان تێکەڵ بە گفتوگۆکانت بکەیت هەرکات ئەوە گونجاوبوو.

"هەمووان لە پێناو چاککردنی جیهاندا دروستبوون." [١]

"دەرکەوتە یەزدانییە مەزنەکان بۆ ئەوە نێردراون کە گەوهەری واتاکان لە مرۆڤدا پیشانبدەن". [٢]

"ئەوەی یەزدان ویستوویەتی لە دەرخستنی پەیامبەرەکاندا بریتییە لە بەدیهێنانی دوو شت: یەکەم، رزگارکردنی خەڵکی لە تاریکیی نەزانی و ڕێنیشاندانیان بەرەو ڕووناکیی زانست. دووەم، ئارامی و سەقامگیرییانە و ئاشنابوون بە ئەو ڕێیانەی کە دەیانگەیەنێت بەوە". [٣]

"هەرچۆنێك بێت بیرخەرەوە و ڕێنیشاندەر و ئاشناکەر و فێرکار پێویستن." [٤]

## بەشی سێیەم

ئەم بڕگانەی لای خوارەوە ئەوە ڕووندەکەنەوە کە چۆن خودای مەزن لەڕێی دەرکەوتەکانییەوە نەبێت ناناسرێت، ئەمانەی خوارەوە یارمەتیدەرت دەبن بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ هاوڕێکانتدا:

تۆ بیر لە ئەم گەردوونە بێ کۆتاییە بکەرەوە، ئایا دەشێت ئەوە بەبێ دروستکەرێك دروستکرابێت؟ یان دەتوانرێت راستیی ئەو دروستکەرە بزانرێت بەر لە کاتی دروستبوونی؟ خۆ ئەگەر سەیری گشت زیندوەران بکەین دەبینین هیچ کام لە ئەوانەی کە لە پلەیەکی خوارەوەدان توانای ئەوەیان نییە کە لە هێزێکی سەروو خۆیان تێبگەن. بەو پێیە بەرد و درەخت چەندە پێشکەوتووبن هەرگیز ناتوانن وێنای زیندوەرێکی دیکە بکەن کە هێزی بینین و بیستنی هەیە. هەروەها ئاژەڵ ناتوانێت راستیی مرۆڤ بزانێت و بە هێزەکانی ڕۆحی مرۆیی ئاشنابێت. کەواتە چۆن ئێمەی دروستکراو دەتوانین بەراستیی دروستکەرەکەمان ئاشنابین؟

هەرچەندە تێگەیشتنی ئێمە هەرگیز ناتوانێت بگاتە ئاستیی خودای گەورە و مەزن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بێبەش نین لەوەی کە ئەو بناسین. چونکە هەر لە ماوەیەك بۆ ماوەیەکی دیکە کەسێکی تایبەت لەسەر رووی زەوی سەرهەڵدەدات کە ئەوەش دەرکەوتەی یەزدانییە. گشت تەواوکارییەکان و ورووژم و نیشانە یەزدانییەکان لەو دەرکەوتە پیرۆزانەدا بە ئاشکرایی دیارە هەروەك چۆن تیشکی رۆژ لە ئاوێنەیەکی بێگەردا دەدرەوشێتەوە. خۆ کە دەگوترێت ئاوێنە وێنەی تیشکی ڕۆژ دەداتەوە ئەوە واتای ئەوە ناگەیەنێت کە رۆژ لە گەورەیی و بەرزییەکەی کەم بۆتەوە و بەشێکی چۆتە ناو ئاوێنەکەوە بەهەمان شێوە، خودای گەورە و مەزن خودی خۆی لە ئاسمانی پیرۆزی خۆیەوە نایەتە خوارەوە بۆ ئەم جیهانەی بوونی ئێمە، کەواتە مەبەست ئەوەیە کە ئەوەی مرۆڤایەتی دەیزانێت و

فێریدەبێت و پێی ئاشنادەبێت سەبارەت بە ناوەکانی یەزدان و سیفەتە جوان و تەواوەکانی دەگەڕێنەوە بۆ دەرکەوتە پیرۆزەکانی.

١. لە پاش چەند جارێك خوێندنەوەی ئەو راگەیاندنە لەگەڵ گروپەکەتدا و وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە هەریەك لە ئێوە لە یەکتری دەکەن سەبارەت بە ناوەڕۆکەکەی، پێویستە تۆ خۆت رابهێنیت لەسەر گفتوگۆکردن سەبارەت بە ئەو جۆرە بیرۆکانە بە شێوەیەکی تاڕادەیەك ئاسان.

٢. ئێستا لەگەڵ گروپەکەتدا گفتوگۆ لەسەر ئەوە بکە کە چۆن دەتوانیت لە گفتوگۆیەکدا پلە بە پلە و بەشێوەیەکی سروشتیی ئەو بیرۆکانە رابگەیەنیت کە لێرەدا فێریان بویت. بێگومان دەشێت ئەوە بە ئاسانی بێتەدی، بۆ نموونە لە گفتوگۆیەکدا سەبارەت بە بوونی یەزدان یان ئامانج لە ژیان. ئاخۆ هەندێك بابەت و پرسیاری دیکە کامانەن کە دەشێت لە گفتوگۆیەکدا سەرهەڵبدەن کە تۆ لەگەڵ خێزانەکەت یان هاوڕێکانتدا دەیانکەیت و هەلت بۆ دەرەخسێت کە ئەو بیرۆکانە بگەیەنیت بە ئەوان؟

٣. وادابنێ کە تۆ لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ هاوڕێکانت هەلی ئەوەت بۆ رەخساوە ئەو بیرۆکانە پێشکەش بکەیت کە لێرەدا فێریان بوویت، تۆ چۆن دەتوانیت وەڵامی کەسێك بدەیتەوە، ئەگەر لێت بپرسێت: "هەندێك لە ئەو شتانە چین کە ئێمە سەبارەت بە خودا دەیانزانین لەڕێی دەرکەوتەکانییەوە؟".

٤. دەشێت تۆ ئارەزوو بکەیت یەکێك یان زیاتر لە ئەم دەقە وەرگێراوانەی لای خوارەوە، کە لە نوسراوە پیرۆزەکانی حەزرەتی بەهائوڵڵا، لەبەربکەیت تاوەکو بتوانیت بەکاریانبهێنیت کاتێك کە لەگەڵ هاوڕێکانتدا سەبارەت بە ئەو بابەتە گفتوگۆ دەکەیت:

" ئاشنابوون بە دروستکەری یەکەم و گەیشتن پێی ناشێت بێتەدی تەنها لەڕێی ئاشنابوونەوە نەبێت بە ئەو بوونە درەوشاوانەی کە لەرۆژی راستەقینەوە دەدرەوشێنەوە و پێمان دەگەن". [٥]

"پێکهاتەی دەرکەوتە، ئەوساش و ئێستاش شوێنگرەوەی حەقە. ئەوە دەرکەوتنی ناوە جوانەکانە و هەڵهاتنی سیفەتە بەرزەکانە". [٦]

"... هەروەها لە کار و کردارەکانیاندا و لەهەر شتێکدا کە لە ئەوانەوە سەرهەڵدەدات یان روودەدات، گشت ئەوانە لەلای یەزدانەوەن و بە فەرمانی ئەو روودەدەن". [٧]

## بەشی چوارەم

بەلای زۆر کەسەوە، یەکبوونی ئایین بابەتێکی خۆشە. ئەم بیرۆکانەی خوارەوە لە گەلێك بۆنەدا یارمەتیت دەدەن:
پێویستە ئێمە شەیدای رووناکی بین، تیشکەکەی لە هەر چرایەکەوە بێت، هەروەها پێویستە گوڵمان خۆشبوێت لە هەر باخێکدا دەمبکاتەوە. پێویستە داوای راستی بکەین لە هەر سەرچاوەیەکەوە بێت. پابەندبوونێکی زۆرمان بە چرایەکەوە دەشێت وامان لێبکات ناسینی بەهای ئەو رووناکییەمان لێبشارێتەوە کاتێك کە لە چرایەکی دیکەوە دێت. لە کاتی گەڕانماندا بە شوێن راستیدا پێویستە خۆمان رزگاربکەین لە ئەو بیرۆکانەی کە پێشکات هەمانەو

دەستبەرداری دەمارگیریی خۆمان ببین. خۆ ئەگەر جامی ئێمە هەر پڕبێت لە "خۆم" و "من" ، ئەوسا لەو جامەدا شوێن بۆ هیچ ئاوێکی ژیان نامێنێتەوە.
ئایین رووناکیی جیهانە، چونکە هەنگاوەکانمان پیشاندەدات و دەرگای بەختەوەریی بێکۆتامان بۆ دەکاتەوە. کاتێك کە سەرنج لە رێنماییەکانی گشت ئایینە گەورەکان دەدەین، بەمەرجێك خۆمان رزگار کردبێت لە کۆتی بیر و بۆچوونی توندرەو و دەمارگیرانەو کوێرانە، ئەوسا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە گشت ئەو ئایینانە لەسەر یەك بنەمان. گشتیان زانستی یەزدانیمان بۆ دەردەخەن و هەوڵی پێشخستنی جیهانی مرۆیی دەدەن.
بێگومان جیاوازی هەن لە نێوان ئەو حوکم و یاسا کۆمەڵایەتییانەی کە هەریەك لە ئەو ئایینانە بەپێی پێویستییەکانی کات و شوێن هێناویانە. بەڵام لە ناوەڕۆکدا گشت ئایینەکان یەکن، گشتیان باوەڕ و زانین و دڵنیایی و دادپەروەریی و لەخواترسی و شکۆیی و دەستپاکی و خۆشەویستیی خودا و کاری خێر گەشەپێدەدەن. هەروەها پیرۆزی و بێگەردی و دابڕان و ملکەچبوون و ئارامیی و خۆڕاگری و کۆڵنەدانمان فێردەکەن. ئەو رەفتارە مرۆییە باشانەش لە هەر خولێکی ئایینیدا نوێدەبنەوە.
ئەوەی جێی داخە، ئەوەیە کە بەهۆی دەمارگیریی و لاساییکردنەوەی کوێرانەوە، گەلێك کەس ناتوانن یەکبوونی بناغەی گشت ئایینەکان ببینن. رێنیشاندانی یەزدان لە رەوتی مرۆڤایەتیدا راستییەکە و ئەو راستییەش یەك راستییەو دابەش نابێت. خۆ ئەگەر بە شێوەیەکی سەربەخۆیانە لە راستی وردببینەوە و ئەو بیرۆکانەی کە پێشتر بڕیارمان لێداوە بیانخەینە لاوە، ئەوسا لێکۆڵینەوەکەمان دەبێتە هۆی یەکبوون و یەکگرتن. ئایین دەتوانێت یەکمان پێبگرێت و پێویستە پەیوەندیی خۆشەویستی لە نێوان خەڵکیدا دروستبکات، خۆ ئەگەر شتێك ببێتە هۆی دوژمنایەتی و کینە ئەوا نەبوونەکەی باشترە.
١. هەروەك بەشی پێشوو، پێویستە تۆ ئەم راگەیاندنە بۆ چەند جارێك لەگەڵ گروپەکەتدا بخوێنیتەوە و پرسیار لە یەکتری بکەن سەبارەت بەو بیرۆکانەی کە تیایاندایە. هەروەها دەبێت راهێنانیش بکەن لەسەر ئەوەی کە چۆن دەتوانن بە شێوەیەکی باش ئەو بیرۆکانە دەربڕن.
٢. بیر لە گروپەکەی خۆت بکەرەوە، تاوەکو بزانیت چۆن دەتوانیت ئەو بیرۆکانەی کە خوێندوتە بیانخەیتە دووتوێی گفتوگۆیەکەوە، با بڵێین، سەبارەت بە ململانییەکی ئایینی کە زۆرجار بیری خەڵکی پێوەخەریك بووە. بەڵام دەشێت تۆ خۆت لە نێو چەند هاوڕێیەکدا ببینیتەوە کە خەریکی گفتوگۆن سەبارەت بە بایەخی گەڕان بە شوێن راستیدا و خۆبەدوورگرتن لەوەی کە لەڕێی پڕوپاگەندەوە بخەڵەتێنرێن. ئەو دوایین گفتوگۆیەت لەگەڵ هاوڕێیان و دراوسێیان و ناسیاواندا بەبیری خۆت بهێنەوە. هەندێك لە ئەو مەسەلانە چین کە بیری ئەوانی پێوە خەریك بووەو دەشێت گفتوگۆیەك سەبارەت بە ئەو بیرۆکانە بەکەڵك بێت؟

---

---

---

٣. لەدوای خستنەڕووی ئەو بیرۆکانە بۆ کەسانی دیکە لە دووتوێی گفتوگۆیەکدا تۆ چۆن وەڵام دەدەیتەوە ئەگەر یەکێکیان ئەم پرسیارەی لێکردیت:
"هەندێك لە ئەو راستییە هاوبەشانە چین کە لە نێو گشت ئایینەکاندا هەن؟"

---

---

---

٤. وا پێشنیار دەکەین کە تۆ دەقە وەرگێراوێك یان دووان لەو دەقانەی خوارەوە لەبەربکەیت کە وتەی پیرۆزی حەزرەتی بەهائوڵڵان:

"بێگومان گشت لایەنە ئایینییەکان چاویان بڕیوەتە ئاسۆیەکی باڵا و کار بە ئەوە دەکەن کە یەزدان فەرمانی پێکردووە". [٨]

" لەگەڵ گشت ئایینەکاندا بە خۆشی و باشییەوە مامەڵە بکە". [٩]

"ئایینی یەزدان و ڕێڕەوی ئەو لە پێناو پاراستنی جیهان و یەکگرتن و ڕێککەوتن و خۆشەویستی و تەباییدایە...". [١٠]

" ئایینی یەزدان لە پێناو خۆشەویستی و یەکبوندا دروستبووە، مەهێڵن ببێتە هۆی دوژمنایەتی و جیاوازی". [١١]

## بەشی پێنجەم

ئەم بابەتەی لای خوارەوە دەربارەی پەیوەندیی نێوان زانست و ئایینە، پێویستە بە باشی لێی بکۆڵیتەوە:

پێویستە ئایین و زانست لەگەڵ یەکدا کۆکبن. یەزدان هزری بە ئێمە بەخشیوە تاوەکو بزانین ڕاستی کامەیە. پێویستە هەریەك لە زانست و ئایین لەگەڵ لێکدانەوە هزرییەکاندا کۆکبن. بۆیە پێویستە ئایین و زانست لەگەڵ یەکتردا بگونجێن، چونکە هەریەك لە ئەوان ئەو باڵە پێکدەهێنێت کە بەهۆیەوە تێگەیشتنی مرۆیی دەتوانێت بەرەو لوتکەی بەرزاییەکان بفڕێت. ئاخر مرۆڤایەتی پێویستی بە دوو باڵ هەیە کە پێیان بفڕێت، چونکە یەك تاکە باڵ بەس نییە بۆ فڕین.

زانست لەخۆیدا بەهرەیەکی یەزدانییە. لەڕێی زانستەوە یاساکانی جیهانی ماددی دەدۆزرێنەوە و دەتوانین زاڵببین بەسەر ئەو کۆتو بەندانەدا کە سروشت سە پاندوونی بەسەرماندا. لەڕێی زانستەوە ئێمە دەتوانین ئەو شتانە ببینین کە بە چاو نابینرێن. هەروەها دەتوانین لەچاو تروکاندنێکدا پەیوەندی بکەین بە ئەو شوێنانەوە کە ماوەیەکی زۆر لێمانەوە دوورن. زانست ئێستا و ڕابوردوو پێکەوە گرێدەدات و نهێنییەکانی داهاتووش دەردەخات. پێشکەوتنی هەر گەلێك بەندە بە دەستکەوتە زانستییەکانییەوە.

ئایینی یەزدان باخ و گوڵ و گوڵزارێکە بۆ ڕاستی و پاڵپشتیشە بۆ زانین و هۆکارە بۆ بەشارستانیکردنی توخمی مرۆیی. بەبێ ئایین زانست دەبێتە ئامرازێك بۆ پەرەپێدانی ماددی، کە لە کۆتاییدا بەرەو نائومێدی دەچێت. کاتێك کە ئایین دژ بە زانست بوو، ئەوا تەنها دەبێتە ئەفسانەیەك. خۆ ئەگەر ئایین و زانست بە گونجاوی پێکەوە ڕۆیشتن ئەوسا گەلێك لە ئەو ڕق و ناخۆشییانە کۆتاییان دێت کە ئێستا بونەتە هۆی بێئومێدی و کوێرەوەری بۆ مرۆڤایەتی.

١. هەروەك ئەوەی کە لە بەشەکانی دیکەدا پێی ڕاهاتوویت، بۆ چەند جارێك ئەو ڕاگەیاندنە بڕگە بە بڕگە لەگەڵ گروپەکەتدا بخوێنەرەوە و پرسیار ئاراستەی یەکتر بکەن تاوەکو بەباشی لە ناوەڕۆکەکەی بگەن و بتوانن بە شێوەیەکی ئاسایی دەریببڕن.

٢. تۆ چۆن وەڵامی کەسێك دەدەیتەوە کە بڵێت: "ئایین شتێکی کۆنە، زانست گشت کێشەکانی مرۆڤایەتی چارەسەر دەکات". ئایا ئەوە بەسوودە تۆ ئەوە ڕوونبکەیتەوە کە ئایین هاوشێوەی ئەفسانە نییە، بەڵام ئایین بەبێ زانست دەبێتە ئەفسانە، هەروەها زانست بەبێ ئایین دەبێتە هۆی ئەو نائومێدییەی کە جیهانی ماددی دروستیدەکات. ئایا دەتوانیت چەند نموونەیەك بڵێیت ئەوە ڕوونبکەنەوە کە ئەو کارە چۆن ڕوودەدات؟

٣. وا پێشنیار دەكرێت كە دەقێك یان زیاتر لە ئەم دەقانە لەبەر بكەیت كە لە نووسینە پیرۆزەكانی حەزرەتی بەهائوڵڵان:

"یەكەم بەخششێك كە خودا بەخشیوییەتی بە مرۆڤ بریتییە لە ئەقڵ ... چونكە هەر ئەو زانا و ڕێنیشاندەر و ئاشكراكەرە". [١٢]

"سەیری جیهان بكە و بیری لێبكەرەوە، ئیتر كتێبەكەی خۆیت پیشاندەدات و ئەوەشی كە بە پێنووسی خودای فراهەمهێنەر و زانا تێیدا نوسراوە". [١٣]

"زانست هاوشێوەی باڵە بۆ بوون و ئامرازێكە بۆ سەركەوتن. كەواتە بەدەستهێنانی ئەركی سەرشانی هەمووانە". [١٤]

## بەشی شەشەم

یەكگرتوویی مرۆڤایەتی بابەتێكە كە لەم ڕۆژگارەدا دەنگدانەوەیەك لە دڵی خەڵكانی گشت شوێنێكدا دروستدەكات و گەلێك كەس پێشوازیدەكەن لە ئەوەی كە گفتوگۆت لەگەڵدا بكەن سەبارەت بە ئەم بیرۆكانە:

ئەو باخچەیەی كە گوڵی جۆراو جۆریان تێدا دەڕوێت، بۆن و ڕەنگی جیاوازیان هەیە دڵی بینەرانی خۆش دەكات. هەریەك لەو گوڵانە سەرەڕای جیاوازییان، بە هەمان باران پاراودەبن و گەرمیش لە یەك تاكە ڕۆژەوە وەردەگرن. مرۆڤیش بە هەمان شێوەیە، ئەوان لە چەندین توخم و ڕەنگی جۆراو جۆر پێكدێن، بەڵام هەر هەموویان یەك یەزدان دروستیكردوون، هەر هەمووشیان دەگەڕێنەوە بۆ سەر یەك بنەچە. جۆراو جۆرێتیی لە خێزانی مرۆیدا پێویستە ببێتە سەرچاوەیەك بۆ پێكەوە گونجان، هەروەك ئەوەی كە لە میوزیكدا دەیبینین، دەنگە جۆراو جۆرەكانی میوزیك پێكەوە دەگونجێن و ئاوازێكی ڕێكوپێك دروستدەكەن.

یەكگرتویی پێویستە بۆ بوون، خۆشەویستیش هۆكاری ژیانە. لە جیهانی ماددیدا توخمەكانی گشت شتێك لەگەڵ یەكتردا یەكدەگرن بەهۆی هێزی ڕاكێشانەوە. هێزی ڕاكێشان توخمی دیاریكراو بۆلای یەكتر رادەكێشێت لە شێوەی گوڵێكی جواندا، بەڵام كاتێك هێزی ڕاكێشان نامێنێت ئەوسا ئەو گوڵە دەپوكێتەوە و لەناو دەچێت. مرۆڤیش بەهەمان شێوەیە، ڕاكێشان و پێكەوەگونجان و یەكگرتوویی ئەو هێزانەن كە مرۆڤایەتیی پێكەوە كۆدەكەنەوە. حەزرەتی بەهائوڵڵا دیزاینێكی كردووە بەمەبەستی یەكگرتنی گشت خەڵكێكی ئەم جیهانە، بۆیە پێویستە لەسەرمان ئەوپەڕی هەوڵبدەین بۆ ئەوەی كە بچینە نێو بازنەی ئەو یەكبوونەوە. كاتێك بە كەسانێك دەگەین كە لە توخم و نەتەوە و ئایین و بیروڕادا لەگەڵ ئێمەدا جیاوازن، نابێت ڕێگەبدەین كە ئەو جیاوازییانە ببنە كۆسپ و دیوار لە نێوانماندا. پێویستە ئێمە وەك ئەو گوڵانە تەماشایان بكەین كە ڕەنگەكانیان جیاوازن و لە باخچەی جوانی مرۆڤایەتیدا ڕوواون و خۆمان بە بەختیار بزانین كە لەگەڵیانداین.

١. لەدوای لێكۆڵینەوەی ئەو ڕاگەیاندنەی لای سەرەوە بەهەمان ئەو شێوەیەی كە لە لێكۆڵینەوەی ڕاگەیاندنەكانی پێشوودا پەیڕەوتكرد، بیر لە ئەو گفتوگۆ زۆرانە بكەرەوە كە لە دەوروبەرتدا سەرهەڵدەدەن. هەندێك لە ئەو بابەتانە چین كە بیری خەڵكیان پێوە خەریكە و هەل بۆ ئەوە دەرەخسێنن كە تۆ بتوانیت ئەو بیرۆكانەی لای خۆتیان پێڕابگەیەنیت؟

٢. گفتوگۆیەك كە دەربارەی یەكبوونی مرۆڤایەتیی بەڕێوەبچێت دەشێت ببێتە هۆی وتوویژ سەبارەت بە گرنگیی یەكبوون لەنێو كۆمەڵگەی بەهایی ناوخۆیدا. ئایا تۆ دەتوانیت بە چەند وشەیەك ئەوە دەربڕیت كە چۆن هەریەك لە ئێمە دەتوانێت بەشدارییكات لەو یەكبوونەدا؟

٣. دەشێت ئارەزووی لەبەركردنی دەقە وەرگیراوێك یان زیاتر لەم دەقانەی خوارەوە بكەیت تاوەكو بتوانیت لەكاتی گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێكانتدا سەبارەت بە ئەو بابەتە ئاماژەیان پێبدەیت:

"رەشماڵی یەكگرتوویی بەرز هەڵدراوە و هیچ كام لە ئێوە وەك كەسێكی نامۆ سەیری ئەوانی دیكە ناكات. هەمووتان بەری یەك درەختن و گەڵای یەك تاكە چڵن".[١٥]

"رووناكیی كۆكبوون ئاسۆكان رووناكدەكاتەوە".[١٦]

"روو لە یەكگرتوویی بكەن ، با رووناكیی كۆكبوون بەرچاوتان رووناك بكاتەوە، لە پێناو یەزداندا لە یەك شوێندا كۆببنەوە و گشت ئەو شتانە لەناوببەن كە دەشێت ببنە هۆی جیاوازیی لە نێوانتاندا ".[١٧]

"پێویستە پەنا بۆ ئەو هۆكارانە ببەن كە دەبنە هۆی پەیدابوونی تەبایی و خۆشەویستی و یەكگرتوویی".[١٨]

## بەشی حەوتەم

ئەم راگەیاندنەی خوارەوە یارمەتیت دەدات كە بەشداری بكەیت لە ئەو گفتوگۆیانەدا كە سەبارەت بە بابەتی دادپەروەرین، ئەوەش بابەتێكی تەواو گرنگە بەلای زۆرینەی خەڵكەوە:

جیاوازی لە نێوان توانای تاكەكەساندا مەسەلەیەكی بنەڕەتییە لە بوونی مرۆڤدا. كەواتە ناشێت توانای خەڵكی لە گشت روویەكەوە یەكسانبن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بنەمای دادپەروەریی گشت كاروبارە مرۆییەكان بەتەواوی بگرێتەوە. دەبێت دادپەروەری وەك كارێكی پیرۆزبێت، تاوەكو مافی هەركەسێك بپارێزێت.

دادپەروەریی سنوردارنییە، چونكە ئەوە تایبە تمەندییەكی گشتییە. پێویستە دادپەروەریی گشت لایەنەكانی ژیانی مرۆڤ بگرێتەوە. پێویستە لەسەر هەر ئەندامێكی كۆمەڵگە سوودمەندبێت لە شتە باشەكانی شارستانێتی، چونكە ئێمە هەموومان سەر بە یەك پێكهاتەی مرۆیین.

خۆ ئەگەر ئەندامێكی كۆمەڵگە سكاڵای لەدەست ناخۆشییەك یان نەبوونییەك هەبوو، ئەوا پێویستە كە گشت ئەندامانی دیكەی كۆمەڵگەكە هەست بەو ناخۆشیی و نەبوونییەی ئەو بكەن. ئاخر چۆن دەشێت ئەندامەكانی دیكە ئاسوودەبن لە كاتێكدا یەكێك لە ئەندامانی ئەو كۆمەڵگەیە ئازار دەچێژێت؟

كۆمەڵگەی ئەمڕۆ پێویستی بە ئاڵوگۆڕ و هاوشێوەیی هەیە، لە ئێستادا كۆمەڵگە پێویستی بەوە هەیە كە بەباشی رێكبخرێت. هەروەها پێویستی بە كۆمەڵێك یاسا و بنەما هەیە كە چاكە و بەختەوەری تێكڕای خێزانی مرۆڤایەتی دەستەبەربكات.

دادپەروەریی لەسەر دوو كۆڵەكە رادەوەستێت كە ئەوانیش بریتین لە: پاداشت و سزادان. ئەو حكومەتانەی كە بە پێی ئەو دوو كۆڵەكە سەرەكییە كاردەكەن، بەڵام ترسی سزای خودایییان نییە ئەوا دەشێت یاسای ناداد پەروەرانە

بەکاربهێنن. بەهیوابوون بۆ پاداشت و ترسان لە سزادان هەردووکیان پێویستن ئەگەر بمانەوێت ستەمکاریی نەمێنێت. ئەوانەی کە یاسا دەردەکەن و جێبەجێیان دەکەن، پێویستە ئاگاداری ئەنجامە رۆحییەکانی بڕیارەکانیان بن. ئەو حوکمڕانانەی کە بڕوایان بەوە هەیە دەتوانن لێکەوتەی کارەکانی خۆیان لە ئەستۆ بگرن بۆ دوای ژیانی ئێستایان و دەزانن کە ئەو بڕیارانەیان دەخرێنە ناو تەرازووی دادپەروەریی یەزدانییەوە، ئەوا بێگومان ئەوان لە ستەمکاریی و زۆرداریی دووردەکەونەوە.

١. کاتێك کە فێردەبیت بەشێوەیەکی ئاسایی ئەو بیرۆکانەی لای سەرەوە دەربڕیت، بیر لە ئەو بابەتانەی گفتوگۆ بکەرەوە کە سوود لە ئەو بیروبۆچوونە وەردەگرن کە ئەم راگەیاندنە پێشکەشی دەکات.

---

---

---

٢. تۆ چۆن وەڵامی کەسێك دەدەیتەوە کە بڕوای وایە ستەمکاریی هەرگیز کۆتایی پێنایەت؟

---

---

---

٣. لای خوارەوە هەندێك لە ئەو دەقە وەرگیراوانەی نووسینە پیرۆزەکانی حەزرەتی بەهائوڵڵا سەبارەت بە دادپەروەریی، ئێمە هانی ئەوەت دەدەین کە لەبەریان بکەیت:

"دادپەروەری چرای بەندەکانی یەزدانە، کەواتە لەڕێی رەشەبای ستەمکاریی و زۆردارییەوە مەیکوژێننەوە، چونکە مەبەست لە دادپەروەری بەدیهێنانی یەکگرتوویی نێوان بەندەکانی خودایە". [19]

"هیچ رووناکییەك نییە هاوتای رووناکیی دادپەروەری بێت. چونکە هۆکارە بۆ رەوایی رسیستمەکانی جیهان و ئاسودەیی میللەتان". [20]

" پەروەردەکاری گشت جیهان بریتییە لە دادپەروەری، چونکە هەردوو کۆڵەکەی سزاو پاداشتی تێدایە. ئەو دوو کۆڵەکەیەش سەرچاوەی ژیانی خەڵکانی ئەم جیهانەن". [21]

## بەشی هەشتەم

ئەو کەلێنەی کە لە نێوان دەوڵەمەند و هەژاردا هەیە رۆژ لەدوای رۆژ گەورەتر دەبێت، ئەم راگەیاندنەی لای خوارەوە یارمەتیت دەدات کە لەگەڵ هاوڕێکانتدا سەبارەت بە ئەو بابەتە و بابەتی دیکەی پەیوەندار گفتوگۆ بکەیت:

لە ئەم رۆژگارەدا بەهۆی نەبوونی پەیوەندیی ئاڵوگۆڕ و گونجاوەوە، هەندێك لە ئەندامانی کۆمەڵگە هەست بە قایلبوون دەکەن و لە ئەوپەڕی خۆشی و خۆشگوزەرانیدا دەژین، لە کاتێکدا کەسانێکی دیکە نەخۆراك و نە شوێنی حەوانەوەیان هەیە. هەندێك کەس دەوڵەمەندییەکی لە رادەبەدەریان هەیە و کەسانێکی تر لە هەژارییەکی زۆر تاڵدا دەژین.

پێویستە یاساکان بۆ کۆمەڵگە دەربچن و بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە بە شێوازێکی ئەوتۆ کە کەمینەیەکی خەڵك نەتوانن سامانێکی زۆر گەورە کۆبکەنەوە و کەسانی دیکەش نابووت بن. ئەمەش وا ناگەیەنێت کە پێویستە هەمووان یەکسانبن، چونکە جیاوازی لە ئاست و تواناد شتێکە بەقووڵی رۆچووەتە ناو پێکهاتەی مرۆڤەوە. بەڵام دەشێت رێگە لە دەوڵەمەندبوونێکی زۆر و هەژارییەکی شکستخواردوو بگیرێت. خۆ ئەگەر ئەوە راستبێت کە کەسێکی

سەرمایەدار سامانی هەبێت، ئەوا بێگومان داد پەروەریی لە ئەوەدایە کە کرێکارێکیش هێندەی هەبێت کە بتوانێت پێی بژی. کاتێك کە هەژارییەکی زۆر دەبینین ئەوسا بەدڵنیاییەوە لە شوێنێکدا ستەم دەبینین.

کرۆکی بابەتەکە بریتییە لە ئەوەی کە داد پەروەریی یەزدانیی پێویستە لە بارودۆخی مرۆیدا سەرهەڵبدات. گشت سەرمایەکانی بابەتی ئابووری تێکرا لە سروشتیاندا یەزدانین و بەندن بە جیهانی دڵ و رۆحەکانەوە. پێویستە لەسەر سامانداران لەو سامانەی کە هەیانە هەندێکی لێببەخشن، پێویستە ئەوان دڵێکی نەرمیان هەبێت و لەناخیاندا پەرە بەبەزەیی بدەن. پێویستە دڵەکان بەزەییان بە یەکتردا بێتەوە و خۆشەویستیی باڵ بەسەر هەمواندا بکێشێت تا ئەو رادەیەی وابکات دەوڵەمەند بەدەستپێشخەریی خۆی دەستی یارمەتیی درێژبکات بۆ بەدیهاتنی چاکسازیی ئابووریی هەمیشەیی. هەروەها پێویستە خۆیان ئەو راستییە بزانن کە ئەوە کارێکی داد پەروەرانە نییە و یاساییش نییە کەئەوان ئەو گشت سامانە کۆکراوەیەیان هەبێت، لە کاتێکدا کە کۆمەڵگەی بەهایی ناوخۆ هەژارییەکی زۆری تێدابێت. بەو شێوەیە ئەوان وەك دەستپێشخەرییەکی تایبەت بەخۆیان لە سامانەکەیان دەبەخشن و هێندەش بۆخۆیان دەهێڵنەوە کە بتوانن ژیانێکی خۆشی پێ بەسەرببەن.

١. ئەو راگەیاندنە بخوێنەرەوە و لەگەڵ گروپەکەتدا بە شێوەیەکی ئاسایی لێی بکۆڵەرەوە. گەلێك بابەت هەن کە بیری خەڵکی پێیانەوە خەریکە و پەیوەندییان بە سامان و هەژارییەوە هەیە بۆ نموونە وەك کرێکاری، کرێ، شوێنی نیشتەجێ. ئایا تۆ دەتوانیت بیر لە هەندێك بابەتی دیکە بکەیتەوە ئەو بیرۆکانەی تێدابێت کە لە راگەیاندنەکەدا هاتوون و گفتوگۆکردن لە بارەیانەوە سوودبەخش دەبێت؟

________________________________________

________________________________________

________________________________________

________________________________________

٢. تۆ چۆن وەڵامی کەسێك دەدەیتەوە کاتێك کە ئەو دوای بیستنی ئەو بیرۆکانەی کە لەلای سەرەوە باسکران ئەم پرسیارەت لێدەکات: "ئایا تۆ دەڵێیت گوایە دەوڵەمەندەکان لە ئەو یاسا سەختانەی باج تێدەگەن و پشتیوانی لێدەکەن و بە دڵێکی فراوانەوە ئەوەی کە لەسەریانە بەراستی دەیدەن؟ ئەوە چییە کە وا لە تۆ دەکات پێتوابێت کارێکی لەو جۆرە دەشێت رووبدات؟"

________________________________________

________________________________________

________________________________________

٣.وەها پێشنیاردەکەین کە دەقەوەرگێراوێك یان دووان لەمانەی خوارەوە لەبەربکەیت کە لە نووسینە پیرۆزەکانی حەزرەتی بەهائوڵان:

"... با لە ئێوەوە ئەو بەرهەمە نایاب و خۆشانە سەرهەڵبدات کە سوودتان پێدەگەیەنێت و ئێوەش سوود بە کەسانی دیکە دەگەیەنن. بۆیە پێویستە لەسەر هەمووان کە بە کارێك یان بە پیشەیەکەوە خەریکبن. ئەوانە هۆکاری دەوڵەمەندبوونن ( ئەی ئەوانەی کە هۆشدارن )". [٢٢]

"ئەگەر چاوت لە چاکەیە، ئەوا ئەوەی کە سوودت پێدەگەیەنێت دایینێ و ئەوەشی کە بەندەکانی دیکەی یەزدان سوودی لێدەبینن بیدە، خۆ ئەگەر لە دادپەروەریی بڕوانیت ئەوە هەڵبژێرە بۆ خەڵکانی دی کە بۆخۆتی هەڵدەبژێریت". [٢٣]

"پیرۆزن ئەوانەی کە براکانیان بەر لە خۆیان هەڵدەبژێرن". [٢٤]

"هیچ کارێك لەڕێی خودادا بەفیڕۆ ناچێت و لەناو ناچێت، گشت کارە خێرۆمەندییەکان لەلای خودا سامانن بۆ خاوەنەکانیان". [٢٥]

"... زێدەڕۆیی مەکەن لە هیچ شتێکدا و هەرگیز زێدەڕۆ مەبن". [٢٦]

## بەشی نۆیەم

لای خوارەوە هەندێك لەو بیرۆکانەن کە یارمەتیت دەدەن بۆ بەشداریکردن لە گفتوگۆکردندا سەبارەت بە بابەتی دەمارگیری:

گشت جۆرە دەمارگیرییەك لەسەر هەر بنەمایەك بێت، ئایینی، رەچەڵەکی، رەگەزی، ئیسنی یان تەنانەت ئابووریش بێت، گشت ئەوانە پێکهاتەی مرۆڤایەتی وێراندەکەن و سەرپێچی کردنە لە فەرمانی یەزدان. لە هەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە مرۆڤایەتی گیرۆدەیە بەدەست جەنگ و خوێنڕشتنەوە،کە گشتی بەهۆی دەمارگیرییەوە بوە، سا لە هەر جۆرێك بێت. تاوەکو ئەو دەمارگیرییانە بەردەوامبن، ئەوا مرۆڤایەتیی هەرگیز ئاسوودە نابێت.

یەزدان پەیامبەرانی خۆی بۆ یەك مەبەست ناردوە کە ئەویش بریتییە لە چەسپاندنی خۆشەویستی و یەکێتیو گشت کتێبە ئاسمانییەکان پڕن لە وشەی خۆشەویستی. خۆ ئەگەر دەرکەوت هەر وشەیەك دەبێتە هۆی لێکدوورکەوتنەوە و دابڕان ئەوسا ئەو وشەیە بێسوود دەبێت. لەبەر ئەوە دەمارگیریی ئایینی دژ بە فەرمانەکانی یەزدانە.

دەمارگیریی نەتەوەیی بەهیچ جۆرێك پاساوی نییە، چونکە جیهان یەك خاکە و یەك نیشتمانە. ئەو هێڵ و سنوورانەی کە نەتەوەکانی جیاکردۆتەوە گشتییان خەیاڵین، چونکە خودا هیچ سنوورێکی لە نێوان ئەو وڵاتانەدا دانەناوە. هەندێك کەس وا رادەگەیەنن کە رووبارێك بریتییە لە هێڵی سنووری نێوان دوو وڵات و هەرلایەك لە لایەکانی رووبارەکە ناوێکی لێدەنرێت، لە کاتێکدا رووبارەکە بۆ هەردوولایەن دروستبووە و ڕاڕەوێکی سروشتییە بۆ هەمووان. ئەی باشە ئەوە نەزانی و خەیاڵ نییە کە پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت وابکەن کە خۆشییەکانی ژیان ببنە هۆی جەنگ و وێرانکاری؟

دەمارگیریی ئیسنی لەوە بەدەرنییە کە ئەفسانەیەك بێت، رەنگی پێستی مرۆڤ هەر تەنها ئەوەیە کە دەرئەنجامی راهاتنی باو و باپیرانی پێشوویانەوە بەهۆی ئاو و هەواو ژینگەوە بە تێپەڕبوونی کات رەنگی پێستیان گۆڕاوە. رەوشت پێوەرێکی مرۆیی راستەقینەیە و تاکە تایبەتمەندییەکی نایابە کە پشت بە رەچەڵەك و رەنگ نابەستێت. ئەوەی کە لە دەرباری یەزداندا پەسەندە بریتییە لە بڕوابوون و دڵپاکی و چاکەکاری و وتەی بەجێ.

لە هەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە ئافرەت ستەملێکراوە و ملکەچە بۆ پیاو. جیاکاریی لە نێوان مێینە و نێرینەدا خواستێکی جیهانی ماددیە، چونکە لە جیهانی رۆحدا هەردوکیان یەکسانن. لەلای خودا جیاکاریی لە نێوان نێرینە و مێینەدا نییە. خودا تێگەیشتن و زانینی بە گشت مرۆڤ بەخشیوە و هەمووان توانای بەدەستهێنانی کاری چاکەیان هەیە. لەم رۆژگارەدا هیچ بارودۆخێك نییە ریگە بە پاساوی دەمارگیریی بدات لەسەر بنەمای رەگەزی کەسەکە.

یەزدانی مەزن لە تەوراتدا فەرموویەتی، "مرۆڤ لەسەر شێوەی خۆمان دروستدەکەین، تاوەکو هاوشێوەمان بێت"، بێگومان ئەوە زۆر بەڕوونی ژنانیش دەگرێتەوە. مرۆڤ لەسەر شێوە و نموونەی یەزدان دروستکراوە، واتە چاکەکارییە یەزدانییەکان لە راستیی مرۆڤایەتیدا رەنگدەدەنەوە و دەردەکەون، ئەوەش گشت مرۆڤایەتی دەگرێتەوە. کەواتە ئەوە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، ئەگەر ئێمە بانگەشەی ئەوە بکەین کە تەنیا خاوەنی رەنگێك لە رەنگەکان یان توخمێك لە توخمەکان یان نەتەوەیەك لە نەتەوەکان یەزدان لەسەر شێوە و نموونەی خۆی دروستیکردبن، هەروەها

ئەوە چەند کارێکی پڕوپووچە، ئەگەر وا گریمانە بکەین کە تەنیا دەوڵەمەندەکان هاوشێوە و لەسەر نموونەی ئەو دروستکراون، یان بڕوامان وابێت کە یەکێك لە پێوەرەکانی نزیکبوونەوە لە یەزدان بریتییە لە پێگەی بەرزی کەسێك لە کۆمەڵگەدا. مرۆڤایەتیی ناتوانێت بەرچاوڕوون بێت تەنها لەڕێی دەستبەرداربوونیەوە نەبێت لە دەمارگیریی و لە هەمان کاتدا بەدەستهێنانی ڕەفتارە یەزدانییەکان.

١. ئەم ڕاگەیاندنە، هاوشێوەی ئەوانی پێشوو، بخوێنەرەوە و پاشان بیر لە هەندێك ئەو بەرووداوەستانانە بکەرەوە کە هاوڕێکانت و دراوسێکانت لە گفتوگۆدا دەریدەبڕن و دەبنە هۆی لەناوبردنی دەمارگیریی.

---

---

---

---

٢. ئەگەر کەسێك گوێی لە تۆ بوو کە ئەو بیرۆکانەی سەرەوە بەکەسانی دیکە ڕادەگەیەنیت، تۆ چی وەڵام دەدەیتەوە ئەگەر ئەم پرسیارەت لێبکات: "ئایا دەشێت ئێمە دەمارگیریمان تێدابێت، بەڵام پێی نەزانین؟"

---

---

---

٣. دەشێت هەلێکت بۆ هەڵکەوێت بۆ ئەوەی گفتوگۆیەك بەدیبهێنیت سەبارەت بە ئەو بیرۆکانە و بتوانیت یەکێك لە ئەم دەقە وەرگێڕاوانەی خوارەوەی تێدا بەکاربهێنیت کە لە وتە پیرۆزەکانی حەزرەتی بەهائوڵڵان:

"لەڕاستیدا جیهان بەیەك نیشتمان دادەنرێت، کە گشت ئەوانەی لەسەر زەوی دەژین خەڵکی ئەوێن". [27]

"گشت درەختەکانی جیهان لە یەك درەختەوە سەریان هەڵداوە و گشت دڵۆپە ئاوەکان لەیەك دەریاوەن و گشت بونەوەرێك بوونەکەی لە سایەی یەك یەزدانەوەیە". [28]

"مرۆڤی ئەمڕۆ ئەو کەسەیە کە خزمەت بە گشت ئەو کەسانە دەگەیەنێت کە لەسەر زەوین". [29]

"ڕووناکیی ڕەوشت ... لە ڕووناکی ڕۆژ و درەوشانەوەکەی زیاترە". [30]

"مرۆڤ بەڕازاندنەوە و سامان جوان نابێت، بەڵکو بە ڕەوشت و زانین". [31]

"بەڵکو یەزدان، لە گشت بارودۆخێکدا، پشتیوانتان بێت لەسەر شکاندنی بتەکان و خەیاڵ و زێدەڕۆیی مرۆیی". [32]

"بێهۆشترین بەندەی خودا ئەو کەسەیە کە مشتومڕ لەسەر گوتارێك دەکات بەو نیازەی کە خۆی بەسەر براکەیدا زاڵبکات". [33]

## بەشی دەیەم

لە کاتی گفتوگۆکردندا لەگەڵ هاوڕێیان، زۆرجار تۆ دەتوانیت پشت بە ئەو بیرۆکانە ببەستیت کە لەم ڕاگەیاندنەی خوارەوەدا هاتوون و سەبارەت بە یەکسانیی پیاوان و ژنانن:

ڕۆژی ڕووناك شێوەی ڕاستەقینەی گشت شتەکانی سەر زەوی دەردەخەن، ئەوەش لەڕێی ڕووناکی و گەرمییەوە. بۆ نموونە ئەو بەرە شاراوەیەی کە لە درەختدا هەیە لەڕێی کاردانەوەیەوە بۆ هێزی ڕۆژ لەسەر لقەکانی دەردەکەوێت. هەروەها ڕۆژی هەڵهاتوویی پشنگدار لە ئاسمانی ڕۆحیدا ئەو ڕاستییانە دەخاتە بەرچاوی هەمووان کە لە ڕابوردوودا دەرنەکەوتبوون. لەبەر ئەوەی کە بنەمای یەکسانیی پیاوان و ژنان لەم سەردەمەدا پرسێکە تەواو بڕوای پێهێنراوە و ئێستا بوەتە ڕاستییەکی چەسپاو. حەزرەتی بەهائوڵڵا بەڕوونترین دەربڕین ئەوە ڕادەگەیەنێت کە لەلای خودا هیچ

جیاوازییەك لە نێوان پیاوان و ژناندا نییە. ئەو نایەكسانییەی كە چەندین سەدە هەبوە، بەهۆی ئەوەوە نەبوە كە پیاوان باڵادەستترن، بەڵكو دەرئەنجامی ئەوەبوە كە ژنان هەمان ئەو هەلانەیان لەبەردەمدا نەبوە كە پێویستن بۆ گەشەپێدان و پێشخستنی تواناكانیان. بەڵام سەرەڕای ئەو دەمارگیرییەی كە دژ بە ژنان هەبوە مێژوو ژیاننامەی گەلێك لەو ژنانەی تۆماركردووە كە گەورەترین شتیان بەدیهێناوە.

یەكێك لەو ژنانە ژنە شاعیری فارس، "تاهیرە" بوو. تاهیرە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا لە وڵاتێك لەدایكبوە كە تیایدا ژنان پێگەیەكی تەواو نزمتریان هەبوو لە پیاوان. ئەو یەكەم ژن بوە كە بڕوای بە سەرهەڵدانی دەركەوتەی یەزدانی نوێ هێناوە. كاتێك بەربەیانی ڕۆژی نوێی بینی، ئیتر ئەو دڵنیابوو لە ئەوەی كە كاتی ئەوە هاتووە دان بەڕاستیی یەكسانیی نێوان ژنان و پیاواندا بنرێت، بۆیە گشت هێزێكی خۆی بۆ بڵاوكردنەوەی ئەو ڕاستییە تەرخانكرد. ئەو ژنە شاعیرە لەڕێی زانست و زمان پاراوییەوە زۆربەی زاناكانی ئەو سەردەمەی سەرسام كردبوو، هەرچەندە گشت هێزەكانی سوڵتان و پیاوانی ئایینیی ستەمكار و نەزان گشت لە دژی وەستابوون، بەڵام ئەو بۆ ساتێكیش دەستی لە گوتنی ڕاستیی هەڵنەگرت، لە كۆتاییشدا ژیانی خۆی كرد بە قوربانیی ئەو بڕوایەی كە بە هێزێكی تەواو و باوەڕێكی نەگۆڕەوە شوێنی كەوتبوو.

بڕوابوون بە هەر شتێك، بەدەر لەو شتانەی كە خودا دەیەوێت، تەنها نەزانی و ئەفسانەیە. ئەمڕۆ پێویستە گشت هەلێكی فێربوون بۆ ژنان بڕەخسێنرێت تاوەكو بتوانن پێگەیەكی یەكسان بە پیاوان بەدیبهێنن لە گشت بوارەكانی كاروباری مرۆییدا. كەواتە تاوەكو یەكسانیی پیاوان و ژنان نەبێت بەڕاستییەكی تەواوی ئەم جیهانە، هەروەك ئەوەی كە لە جیهانی ڕۆحیدا هەیە، بەهیچ جۆرێك پێشكەوتنی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی بەدینایەت.

١. هەروەك بەشەكانی پێشوو پێویستە ئەم ڕاگەیاندنەش لەگەڵ گروپەكەتدا بخوێنیتەوە و ڕاهێنان بكەیت لەسەر دەربڕینی ئەو بیرۆكانەی كە لەدووتوێیدا ئاماژەیان پێدراوە. ئایا لەم دواییانەدا تۆ هیچ گفتوگۆیەكت لەگەڵ هاوڕێكانتا كردەووە تاوەكو بتوانیت لە ئەو دیدانە سوودمەندبیت كە لێرەدا پێشكەشكراون؟ ئەو مەسەلانە چیبوون كە گفتوگۆیان لەسەردەكران؟

---

---

٢. هەندێك لەو بڕواو هەڵوێستە باوانەی كۆمەڵگەی ئەمڕۆ چین، كە وا پێویستدەكات بگۆڕدرێن گەر بمانەوێت ژنان پێگەیەكی یەكسانیان هەبێت لەگەڵ پیاواندا لە گشت بوارەكانی كۆشش و كاركردندا؟

---

---

٣. لای خوارەوە هەندێك دەقی وەرگێراون لە وتە پیرۆزەكانی حەزرەتی بەهائوڵا كە دەشێت ئارەزوو بكەیت بۆ لەبەركردنیان:

"ژنان و پیاوان ئەوساش و ئێستاش لەلای خودا هەر یەكسانبوون". [٣٤]

"ئایا دەزانن بۆچی لە یەك گڵ دروستمان كردوون، بۆ ئەوەی هیچ كەس شانازیی و باڵادەستی بەسەر كەسێكی دیكەدا نەنوێنێت". [٣٥]

"لەسایەی دەستی بەخشینی یەزدانییەوە، لە ئەمڕۆدا گشت جیاكارییەكان لەناوبراون، بەندەكانی خودا و رابەرەكانیان گشت لەیەك پێگەدان". [٣٦]

## بەشی یانزەهەم

**ئەو دواین راگەیاندنەی کە پێویستە تۆ بە وردی بیخوێنیتەوە سەبارەت بە بابەتی فێرکردنی گشتییە :**

**پشتگیریکردن لە خوێندن و بڵاوکردنەوەی یەکێکە لە پێویسترین پێداویستییەکانی ئەم سەردەمەمان، هیچ نەتەوەیەك ناتوانێت پێشکەوتن و گەشەکردن بەدیبهێنێت ئەگەر بایەخی تەواو بە پەروەردە و فێرکردن نەدات. هۆی سەرەکی ئەوەش بریتییە لەوەی کە دواکەوتوویی هیچ نەتەوەیەك لەوە بەدەرنییە کە توانای گەیشتنیان بە زانین نەبێت.**

**پێویستە فێرکردن هەر لە سەرەتای منداڵییەوە دەستپێبکرێت، ئەوە ئەرکی دایك و باوکە کە گشت هەوڵێك بدەن بۆ پەروەردەکردن و فێرکردنی منالەکانیان و باشکردنی کەسایەتیان بە پێی بەهاو حوکمە رۆحی و ئاکارییەکان، هەروەها دابینکردنی راهێنانیان لەسەر هونەر و زانست. دایکان یەکەمین پەروەردەکاری مرۆڤن، ئەوان بە شیری زانست منداڵەکانیان پەروەردەدەکەن. پێویستە گشت منداڵێك زانین بەدەستبهێنێت، ئەوەش کارێکە ناشێت کەمتەرخەمی تێدابکرێت. خۆ ئەگەر دایكو باوك بتوانن پارەی پێویست بۆ ئەو مەبەستە خەرجبکەن ئەوا پێویستە لەوە دوو دڵ نەبن. بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە ئەو توانایەیان نەبوو، ئەوسا وا پێویستدەکات کە کۆمەڵگەی بەهایی ناوخۆیی گشت پێداویستییەکی فێرکردن بۆ منداڵەکە دابینبکات.**

**فێرکردن دەتوانێت ئارەزووی بەدیهێنانی کاری نایاب لە گشت کەسێکدا پەرەپێبدات. پێویستە لەسەرمان بە پەرۆشبین بۆ تەواوکاریی مرۆڤ و زۆر بە ئارەزووەوە هەوڵی بۆ بدەین. پێویستە ئارەزووی دەرکەوتوویی رۆحی بەدیبهێنین و بە شتە باشەکانی جیهانی مرۆیی ئاشنابین، واتە دڵسۆزی و گوێڕایەڵی و خزمەتکردنی مرۆڤایەتی و خۆشەویستی و دادپەروەریی. هەروەها پێویستە لەسەرمان کە هەوڵی ئەوەبدەین کۆششەکانمان چڕبکەینەوە لە پێناو پەرەپێدانی ئاشتیی و یەکێتیی و بڵاوکردنەوەی فێربووندا. ئەرکی راستەقینەی پەروەردە و فێرکردنیش لە هەر وڵاتێك ئەوەیە کە خەڵکی بخاتە سەر رێی راست و چاکەکاری.**

**١. لەدوای خوێندنەوەی ئەم راگەیاندنە، هەوڵبدە لەگەڵ گروپەکەتدا هەندێك بابەت دەستنیشانبکەیت کە بیری هاوڕێکانتی پێوە خەریکبووە سەبارەت بە بواری پەروەردە و فێرکردن. تۆ چۆن دەتوانیت مامەڵە لەگەڵ ئەو بیرۆکانە و بابەتەکانی ئەواندا بکەیت؟**

---

---

---

**٢. وا پێشنیار دەکرێت کە دەقێك یان زیاتر لەم دەقە وەرگێراوانەی خوارەوە لەبەربکەیت کە وتەی پیرۆزی حەزرەتی بەهائوڵان :**

**"ئەوە پەسەند نییە لێبگەڕێین کە مرۆڤ بێزانین و بێتوانا بێت، چونکە ئەوکات وەك دارێکی بێبەری لێدێت".** [٣٧]

**"رەنجتان بخەنەگەڕ بۆ فێرکردنی خەڵکی ئەم جیهانە ...".** [٣٨]

**"زانستەکان و هونەرەکان و پیشەکان، گشتییان دەبنە هۆی پێشکەوتن و بەرزبوونەوەی جیهانی بوون".** [٣٩]

**"لەڕاستیدا سامانی بەهادارو راستەقینەی مرۆڤ بریتییە لە زانستەکەی، چونکە ئەوە هۆی بەرزی و بەخشش و خۆشی و چالاکیی و بەختەوەری و دڵخۆشییەتی".** [٤٠]

## بەشی دوانزەهەم

ئاشتی بابەتێکە کە بەبیری گشت کەسێکدا دێت، چەسپاندنی ئاشتی کارێکی گرنگ و زۆر پێویستە. ئێستا دوای ئەوەی کە تۆ بیرت لە ئەو بنەمایانە کردەوە کە لەڕاگەیاندنەکانی لای سەرەوەدا کورتکرابوونەوە، دەشێت ئەوەت پێباشبێت کە لە پرسی ئاشتیی جیهانیی وردبییتەوە.

بێگومان گەلێك کەس پشت بە حکومەتەکان دەبەستن بۆ ئەوەی هەنگاوی پراکتیکی بنێن لە پێناو کۆتایهێناندا بە جەنگ. رێککەوتنە سیاسییەکانی تایبەت بە چارەسەکردنی ناکۆکیی و کەمکردنەوەی چەك بەکارێکی پێویست دادەنرێت بۆ هەوڵدان لە پێناو بەدیهێنانی ئاشتیدا، ئەوەش هاوشێوەی گەلێك شێوازی دیکەی هاوکاریی نێودەوڵەتیی نێوان گەلەکانە. بەڵام هەرچەندە ئەگەر ئەو کارانە بە گرنگیش بگیرێنەبەر هێشتا نابنە هۆی ئاشتییەکی هەمیشەیی ئەگەر لە گشت شوێنێکی جیهاندا ئەو بنەمایانە دانەنرێن و نەچەسپێندرێن کە پێشتر گفتوگۆیان لەسەرکرا. پێویستە لەخۆمان بپرسین: ئەگەر خەڵکی فێری ئەوەنەبن کە لەڕاستی بکۆڵنەوە و بگەنە ئەو ئەنجامەی کە پێیان وایە راستییەکان یەکن، ئایا ئیتر ئەو دوژمنکارییە هەمیشەییە کۆنانە بەدرەوام دەبن؟ ئێمە گشتمان یەك بنەچەمان هەیە، هەمووشمان خودا دەمانپارێزێت و پەروەردەماندەکات لەڕێی دەرکەوتەکانی خۆیەوە، چونکە رێنماییەکانی ئەوان پشت بە بنەماکانی خۆشەویستی و تەبایی دەبەستن. هەرکاتێکیش کە دان بە یەکبوونی ئاییندا نرا، تەنها ئەوسا ناکۆکیی نێوان ئایینەکان نامێنێت و رووناکی ئایین رێگای ئاشتیی رووناکدەکاتەوە. با لە خۆمان بپرسین: ئایا ئەوە پێویست نییە کە زانست و ئایین پێکەوە بەتەبایی کاربکەن لە پێناو لەناوبردنی هەوری تاریکی نەزانی و دەرخستنی ناڕەوایی گشت جۆرێك لە دەمارگیریی کە هەریەك لەو جۆرانە بەربەستێکی بەهێزن لەبەردەم بەدیهاتنی ئاشتیدا؟ پرسیارێکی دیکە هەیە کە دەبێت لە خۆمانی بکەین، ئایا دەتوانرێت جیهانێك بنیاتبنرێت کە ئاشتیی باڵی بەسەردا بکێشێت، ئەگەر ئەو جیاوازییە زۆرە چارەسەر نەکرێت کە ئێستا هەیە لە نێوان دەوڵەمەند و هەژاردا لە گشت کونج و شوێنێکی جیهاندا؟ هەروەها ئاشتیی و خۆشگوزەرانیی راستەقینە ناتوانن شوێنی ئەو توندوتیژییە بگرنەوە کە لە ماوەیەکی زۆری مێژوودا هەبوە، ئەگەر رێگە بە ژنان نەدرێت کە لەسەر بنەمایەکی یەکسان لەگەڵ پیاواندا بێنە نێو گشت بوارەکانی ئەرك و کۆششی مرۆییەوە. پێویستە نەوەکانی داهاتوو بەبێ جیاوازی بە پێی ئەم بنەمایانە پەروەردەبکرێن، ئەگینا گشت هیوایەك بۆ ئاشتی دەڕەوێتەوە.

دەشێت تۆ ئارەزووی لەبەرکردنی ئەم وتە پیرۆزەی حەزرەتی بەهائوڵا بکەیت تاوەکو بتوانیت لەگەڵ کەسانی تردا، لەوانەی کە پاشەڕۆژی مرۆڤایەتییان بەلاوە گرنگە، باسی لێبکەن:

"ئەو چاکییە سەرهەڵنادات و ئەو ئارامییە بەدینایەت تەنها بە یەکگرتن و تەبایی نەبێت". [41]

*** *** ***

# سەرچاوەکان

1 هەڵبژاردەیەك لە بەرهەمەکانی حەزرەتی بەهائوڵا ( هۆفهایم، دەزگای چاپەمەنیی ئامری، ئەڵمانیا، ٢٠٠٦، دەقە وەرگێراوی ژمارە ١٠٩، لاپەڕە ٨٤.

2 هەمان سەرچاوە، دەقە وەرگێراوی ژ. ١٣٢، لا ١١٣.

3 هەمان سەرچاوە، دەقە وەرگێراوی ژ. ٣٤، لا ٣٢.

4 کۆمەڵێك لە خشتەکانی حەزرەتی بەهائوڵا کە لە دوای کتێبی پیرۆز هاتونەتە خوارەوە، ( لە بڵاوکراوەکانی خانەی بڵاوکردنەوەی بەهایی لە بەلجیکا، ٢٠٠٦ )، لا ١٤٩.

5 حەزرەتی بەهائوڵا، دڵنیابوون، ( خانەی بڵاوکردنەوەی بەهایی لە بەرازیل ١٩٩٧ )، لا ١١٩.

6 هەڵبژاردەیەك لە نووسینە پیرۆزەکانی حەزرەتی بەهاوڵا، دەقە وەریگراوی ژمارە ٢٨، لا ٢٨.

7 هەمان سەرچاوەی پێشوو، دەقە وەرگێراوی ژمارە ٢٤، لا ٢٤.

8 هەمان سەرچاوەی پێشوو، دەقە وەرگێراوی ژمارە ١١١، لا ٨٥.

9 هەمان سەرچاوەی پێشوو، دەقە وەرگێراوی ژمارە ٤٣، لا ٣٨.

10 هەمان سەرچاوەی پێشوو، دەقە وەرگێراوی ژمارە ١١٠، لا ٨٤-٨٥.

11 کۆمەڵێك لە خشتەکانی حەزرەتی بەهائوڵا کە لەدوای کتێبی پیرۆزەوە هاتونەتە خوارەوە، ( لە بڵاوکراوەکانی خانەی بڵاوکردنەوەی بەهایی لە بەلجیکا، ٢٠٠٦ )، لا ٢٤٩.

12 هەڵبژاردەیەك لە بەرهەمە پیرۆزەکانی حەزرەتی بەهائوڵا، دەقەوەرگێراوی ژمارە ٩٥، لا ٢٨.

13 کۆمەڵێك لە خشتەکانی حەزرەتی بەهائوڵا کە لەدوای کتێبی پیرۆز هاتونەتە خوارەوە، لا ١٢٨.

14 هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٧٩.

15 هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٥٠.

16 هەڵبژاردەیەك لە بەرهەمە پیرۆزەکانی حەزرەتی بەهائوڵا، دەقەوەرگێراوی ژمارە ١٣٢، لا ١١٣.

17 هەمان سەرچاوەی پێشوو، دەقە وەرگێراوی ژمارە ١١١، لا ١١٣.

18 کۆمەڵێك لە خشتەکانی حەزرەتی بەهائوڵا کە لەدوای کتێبی پیرۆز هاتونەتە خوارەوە، لا ١١٤.

19 هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٩٤.

20 حەزرەتی بەهائوڵا، حەزرەتی رابەری فەرمانی یەزدان ئاماژەی پێداوە لە سەرهەڵدانی دادپەروەریی یەزدانی ( The advent of divine justice )، لا ٤١.

21 کۆمەڵێك لە خشتەکانی حەزرەتی بەهائوڵا کە لەدوای کتێبی پیرۆز هاتونەتە خوارەوە، لا ٣٩.

22 حەزرەتی بەهائوڵا، وەرگێڕانی عەرەبیی کتێبی وشە شاراوەکان بە فارسی، ژمارە ٨٠، وەرگێڕانێکی پوختە هێشتا بڵاونەکراوەتەوە.

23 کۆمەڵێك لە خشتەکانی حەزرەتی بەهائوڵا کە لەدوای کتێبی پیرۆز هاتونەتە خوارەوە، لا ٩١.

24 هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٩٨.

25 حەزرەتی بەهائوڵا، ئەوەی کە لە مافە یەزدانییەکاندا هاتووە: کۆمەڵێك دەقەوەرگێراو لە نووسینە پیرۆزەکانی حەزرەتی بەهائوڵا و حەزرەتی عەبدولبەها و ئەو نامانەی کە حەزرەتی شەوقی ئەفەندی و خانەی دادی مەزن نوسیویانە یان لەبری ئەوان نوسراوە ( خانەی البدیع بۆ چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە، ٢٠١٤ )، ژمارە ١٦، لا ١٨.

26 هەڵبژاردەیەك لە بەرهەمە پیرۆزەکانی حەزرەتی بەهائوڵا، دەقەوەرگێراوی ژمارە ١١٨، لا ٩٨.

27 کۆمەڵێك لە خشتەکانی حەزرەتی بەهائوڵا کە لەدوای کتێبی پیرۆز هاتونەتە خوارەوە، لا ١٥٥.

28 حەزرەتی بەهائوڵا، حەزرەتی رابەری فەرمانی یەزدان ئاماژەی پێداوە لە کتێبی"رۆژی بەڵێن دێت" ، ویلمەتە: بڵاوکراوە بەهاییەکان، برگەی ٢٧٩، لا ١٨٧.

29 هەڵبژاردەیەك لە بەرهەمە پیرۆزەکانی حەزرەتی بەهائوڵا، دەقەوەرگێراوی ژمارە ١١٧، لا ٩٨.

30 کۆمەڵێك لە خشتەکانی حەزرەتی بەهائوڵا کە لەدوای کتێبی پیرۆز هاتونەتە خوارەوە، لا ٦٤.

31 هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٨٥.

32 هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٨٦.

33 حەزرەتی بەهاوئوڵا، وشە شاراوەکان بە فارسی، ژمارە ٥، وەرگێڕانێکی پوخت کە هێشتا بڵاو نەکراوەتەوە.

34 حەزرەتی بەهائوڵا، تۆمارکراوە لە: ( ژنان: کورتەیەك لە نووسینەکانی بەهائوڵا و عەبدولبەها و شەوقی ئەفەندی و خانەی دادی مەزنی جیهانی کە لەلایەن بەشی توێژینەوەی تایبەت بە خانەی دادی مەزنی جیهانییەوە کۆکراوەتەوە )، ویلمەتە متمانەی بڵاوکرردنەوەی بەهایی، چاپی ١٩٨٦، ١٩٩٧، دەقەوەرگێراوی ژمارە ٥٤، لا ٢٦.

35 حەزرەتی بەهائوڵا، وشە شاراوەکان ( لە بڵاوکراوەکانی خانەی بڵاوکردنەوەی بەهایی لە بەرازیل، ١٩٩٥ )، ژمارە ٦٨، لا ٣٢.

[36] حەزرەتی بەهائولاّ، تۆمارکراوە لە: (ژنان: کورتەیەك لە نووسینەکانی بەهائولاّ و عەبدولبەها و شەوقی ئەفەندی و خانەی دادی مەزنی جیهانی کە لەلایەن بەشی تویژینەوەی تایبەت بە خانەی دادی مەزنی جیهانییەوە کۆکراوەتەوە)، دەقەوەرگیراوی ژمارە ٣، لا ٣.

[37] حەزرەتی بەهائولاّ تۆمارکراوە لە "نایابیی لە گشت شتێکدا": کۆکردنەوەی چەند کورتەیەك لە نووسینە بەهاییەکان، کەلەلایەن بەشی تویژینەوەی خانەی دادی مەزنی جیهانییەوە کۆکراوەتەوە (لەندەن: متمانەی بڵاوکردنەوەی بەهایی، چاپی ١٩٨١، ١٩٨٩، دەقەوەرگیراوی ژمارە ٥، لا ٢.

[38] هەڵبژاردەیەك لە بەرهەمە پیرۆزەکانی حەزرەتی بەهائولاّ، دەقەوەرگیراوی ژمارە ١٥٦، لا ١٣١.

[39] حەزرەتی بەهائولاّ، خشتی بێچووە گورك، لە کتێبی پەروەردە و فێرکردندا هاتووە، (خانەی بڵاوکردنەوەی بەهایی لە بەرازیل، ١٩٨١٤)، دەقەوەرگیراوی ژمارە ١٦، لا ١٠.

[40] کۆمەڵێك لە خشتەکانی حەزرەتی بەهائولاّ کە لەدوای کتێبی پیرۆز هاتونەتە خوارەوە، لا ٧٩.

[41] هەڵبژاردەیەك لە بەرهەمە پیرۆزەکانی حەزرەتی بەهائولاّ، دەقەوەرگیراوی ژمارە ١٣١، لا ١١٢.



# چەند بابەتێك بۆ قووڵبوونەوە

## ئامانج:

**گەشە پێدانی نەریتی سەردانی هاوڕێ و**
**دراوسێ بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بە ئەو بابەتانەی**
**کە مەبەستێکی ڕۆحییان هەیە**

## بەشی یەکەم

ئەم یەکەی سێیەمە هەر وەك ئەوانەی پێشووتر بایەخ  بە ئەو توانایانە دەدات کە وامان لێدەکەن بتوانین تێکەڵ بە گفتوگۆیەکی ئامانجدار ببین تاوەکو ببێتە هۆی بەرزکردنەوەی لایەنی رۆحی. لە یەکەی دووەمدا جەختی ئێمە لەسەر ئەو بۆنە جۆراو جۆرانەبوو کە تیایدا هەل دەرەخسێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی گفتوگۆ لەرێی ئاماژەدانەوە بە پرنسیپە رۆحییەکان. لێرەدا جەختەکە دەخرێتە سەر ئەو سەردانانەی کە ئەنجامیاندەدەین بۆ ماڵی هاورێیان و دراوسێیان تاوەکو بتوانین پێکەوە بابەتە تەوەرییەکانی ناو ژیانی کۆمەڵگە بەهائییە ناوخۆییەکان بدۆزینەوە.

لە گوندەکان و گەرەکەکانی سەرتاسەری شوێنەکانی جیهاندا کۆمەڵێك لە هاورێیان بە شێوەیەکی چڕوپڕ خەریکی چەند چالاکییەکی پێکەوە گرێدراو دەبن کە چالاکی وەك دانیشتنی ریکوپێك بۆ نزاکردن دەگرێتەخۆ، هەروەها رێکسختنی پۆلی منداڵان بە مەبەستی پەروەردەی رۆحی و چاوپێکەوتنی تازە پێگەیشتوان و زنجیرە بابەتی فێرکاری و چادرگەی لاوان و شاڵاوی ئەنجامدانی کاری جۆراو جۆر. لە کاتێکدا ئەم جۆرە چالاکییانە لە ناوچەیەکدا رەگ دادەکوتن کە ژمارەیەکی زۆر خۆیان تەرخان دەکەن بۆ ئەنجامدانی کاری خزمەتگوزاری، ئەوسا بەو هۆیەوە ناوەرۆکی هاورێیەتی پەرەدەسێنێت لەرووی قەبارە و هێزەوە. هەروەها پرۆگرامێکی رێکخراو دادەنرێت بۆ سەردانی ژمارەیەکی زۆر لە ماڵەکانی گوندێك یان گەرەکێك، ئەوەش دەبێتە توخمێکی زیندوو بۆ پرۆسەی بنیاتنانی کۆمەڵگەی بەهایی کە ئێستا قەبارەکەی لە گەورەبووندایە. هەروەها بابەتی جۆراو جۆر لە کاتی ئەو سەردانانەدا باسدەکرێن، بۆ نموونە مامۆستای یەکێك لە پۆلەکانی منداڵانی بەهایی پێویستە لە پەیوەندییەکی بەردەوامدا بێت لەگەڵ دایك و باوکی منداڵەکاندا بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بە ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە پەروەردە و فێرکردنەوە هەیە. هەروەها سەردانی هاوشێوە پێویستە بۆ لای ئەو ماڵانەی کە لاوان و لاوانی تازەپێگەیشتوویان هەیە لەلایەن ئەو کەسانەوە کە وەك رابەر یان بزوێنەر خزمەتگوزاریی پێشکەشدەکەن بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتانە بکرێت کە پەیوەندییان هەیە بە ئەو هەرەشە وئەو هەلانەی کە پەیوەستن بە ئەو تەمەنە هەستیارەی ژیانی مرۆڤـەوە. هەروەها ئەو وتوویژانەی کە لەگەڵ ئەندامانی دیکەی خێزانێکدا ئەنجامدەدرێت سەبارەت بە ئەو بابەتانەی کە زانیارییان قووڵتر دەکات، هێندەی کە پەیوەندی بە فەرمانی پیرۆزەوە هەیە، ئەوەش گرنگییەکی هاوتای ئەوانی دیکەی هەیە. بە گشتیی ناشێت زێدەرۆیی بکرێت لە خەملاندنی کاریگەریی ئەو جۆرە سەردانانەدا کە هەیانە لەسەر رۆشنبیریی تایبەت بە ئەو خۆشەویستی و پەیوەندییەی کە بەرەبەرە لە نێو کۆمەڵگە ناوخۆییە بەهاییەکاندا خەریکە سەرهەڵدەدات.

## بەشی دووەم

بەمەبەستی ئەم یەکەیە ئێمە سەرنج لە گەرەکێکی خەیاڵی دەدەین کە تیایدا ئەو پرۆسەیە بەرێوەدەچێت کە لەلای سەرەوە روونکراوەتەوە و بەکاریدەهێنین لە دووتوێی توێژینەوەی ئەو جۆرە گفتوگۆیانەدا  کە دەشێت لە کاتی سەردانی ماڵەکاندا سەرهەڵبدەن.

ئالیخاندرا کچە لاوێکە لە قۆناغی سێیەمی زانکۆدا دەخوێنێت. ئەو،هەروەها یەکێك لە براکانی کە ئەویش هەر بەهەمان شێوە خوێندکارە، لەگەڵ دایك و باوکیاندا لە ئەو ماڵەدا دەژین کە تیایدا لە دایکبوون و تیایدا پەروەردە بوون و دەکەوێتە ئەو گەرەکە خەیاڵییەوە. ئەم چوار کەسە لەگەڵ ئەو دوو هاوسەرە لاوەدا کە لەم دواییانەدا هاتونەتە گەرەکەکە هەفتانە کۆدەبنەوە بەمەبەستی نزاکردن و راوێژکردن سەبارەت بە پێشکەوتنی ئەو چالاکییانەی کە لە دەوروبەرییاندا ئەنجامدەدرێن لەناو کۆمەڵێك لە دانیشتوانی گەرەکەکەدا کە ژمارەیان دەگاتە

نزیکەی ٨٠٠٠ کەس. جاروبـاریش سێ کەسی دیکە لە ئەو کۆبونەوە هەفتانەدا بەشداردەبن، ئەوان بیر لە ئەوە دەکەنەوە کە نەك هەر کارەکانی خزمەتگوزاریی کە ئەنجامیاندەدەن بەڵکو گشت ئەو کارانەش کە کۆمەڵگەی ناوخۆیی بەهایی ڕێکیاندەخات بە پرۆگرامبکەن: مامۆستایەك بۆ پۆلی منداڵان کە شەش مانگە دەستبەکاربوە، بە هاوکاریی دوو لاوی تەمەن حەڤدە ساڵ ئەرکەکانی کۆمەڵێك لاوانی تازە پێگەیشتوو ئاراستەدەکەن لەڕێی یارمەتیی برا گەورەکەی ئالیخاندراوە کە وەك بزوێنەرێکی ئەو دوو گروپە کاریکردوە کاتێك کە هێشتا تەمەنی کەمبووە، هەروەها ئەو بە شێوەیەکی ڕێکوپێك سەردانی باوك و دایکی دەکات.

ئەو کۆمەڵە وتووێژانەی کە ئێمە لێیان دەکۆڵینەوە لە نێوان ئالیخاندرا و خانەوادەی سانشیزدا ئەنجامدراوە، کە خانەوادەیەکی ناسراو و بەڕێزی گەڕەکەن. پیاو و هاوسەرەکەی لە شەستەکانی تەمەنیاندان، دوای ئەوەی کوڕەکان و کچەکانیان گەورە بوون ئەمان ئێستا بەتەنیا لە ماڵێك دەژین کە چەند ماڵێك لەولای ماڵی ئالیخاندراوەیە. بەڕێز سانشیز و خاتوو سانشیز خوێندەوارییان هەیە و دەتوانن بخوێننەوە و بنووسن، بەڵام کاتی خۆی خوێندنی فەرمیان کەمتر بۆ ڕەخساوە. ئەو ڕێزە بەرفراوانەی کە ئەوان هەیانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو داناییەی لەڕێی ئەزموونی ژیانیانەوە بەدەستیانهێناوە کە پڕ بووە لە بەخشندەیی و چاکەکاری. ئەوان ماوەیەکە ئاگاداری ڕێنماییە بەهاییەکانیشن، بەڵام لەم دواییانەدا بڕیاریاندا کە زۆر بە وردی لە ئەو ڕێنماییانە بکۆڵنەوە. بەر لە هەفتەیەك ئەوان دایك و باوکی ئالیخاندرایان ئاگادارکردووە سەبارەت بە ئەوەی کە ئارەزوودەکەن بێنە ناو کۆمەڵگەی بەهاییەوە. بۆیە کۆبونەوەیەك ڕێکخرا بە مەبەستی بەخێرهاتن لێکردنیان، سەرەڕای ئەوەش بڕیار لەسەر ئەوەشدرا کە ئالیخاندرا بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك بە شێوەیەکی ڕێکوپێك سەردانیان بکات تاوەکو بەشداریان پێبکات لە وتووێژکردن سەبارەت بە زنجیرەیەك بابەت کە یارمەتیدەریان دەبێت بۆ قووڵکردنەوەی شارەزاییان لە فەرمانی پیرۆزدا. لەڕێی بەدواداچوونی ئەو سەردانانە و باسکردنیان ئەو دەتوانێت لە ئەم بابەتانە تێبگات و لە هەمان کاتدا سەرنج لە داینامیکیی گفتوگۆکان بدات لە ئەم جۆرە بۆنانەدا.

## بەشی سێیەم

ئالیخاندرا بەنیازە یەکەم گفتوگۆی لەگەڵ ڕێزدار سانشیز و خاتوو سانشیزدا سەبارەت بە کورتە ناساندنێك بێت دەربارەی بابەتی پەیمانی هەتا هەتایی یەزدان.

دروستکەری گشت شتەکان خودای تاك و تەنیا و هەمیشە زیندووە. حەزرەتی بەهائوڵڵا ئەوەمان فێردەکات کە شێوەی خودی یەزدان بەدەرە لە ئەوەی کە ژیریی مرۆیی بتوانێت پەی پێببات چونکە ژیریی مرۆڤ سنوردارە و ناتوانێت لە ئەو گەورەییە بێسنورە تێبگات. ئەو وێنا جۆراو جۆرانەش کە شوێنکەوتوانی ئایینە جیاوازەکان لە مێشکی خۆیاندا سەبارەت بە خودا هەیانە تەنیا بەرهەمی خەیاڵی خۆیانە چونکە یەزدان مرۆڤ نییە و هەر بە تەنیا ئەوەش نییە کە هێزێك بێت و لە گشت شوێنێکی ئەم گەردوونەدا بڵاوبووبێتەوە. ئەو وشانەی کە بەکاریاندەهێنین بۆ ئاماژەدان بە سەرچاوەی بوونمان وەك ئەوەی کە دەگوترێت باوکی ئاسمانی یان هێزی گەردوونی یان گەورەترین ڕۆح، مەرج نییە بتوانن ناوی یەزدان و سیفەتەکانی دەرببڕن لەڕێی زمانی مرۆڤەوە چونکە بە شێوەیەکی گشتیی ئەو زمانە مرۆییە ناتوانێت وەسفی یەزدانی مەزن بکات.

با لە کتێبی پیرۆزی "وشە شاراوەکان"دا ئەم دەقە بخوێنینەوە:

**"ئەی نەوەی مرۆڤ، من ئارەزووی دروستکردنی تۆم هەبوو، بۆیە دروستم کردیت، کەواتە منت خۆش بوێت تاوەکو لەیادم بیت و لە ڕۆحی ژیانذا جێگیرت بکەم"** [1]

لەم دەقەدا حەزرەتی بەهائوڵلا پێمان دەڵێت کە خۆشەویستی یەزدان بۆ ئێمە هۆکاری راستەقینەی بوونمانە، بۆیە پێویستە بەردەوام بەو خۆشەویستییە بزانین کە دەمانپارێزێت و بژێویمان بۆ دابین دەکات و رۆحی ژیانمان بەبەردا دەکات. لە کاتی خۆشی و ناخۆشیدا، هەروەها لە غەمباری و دڵخۆشیدا پێویستە ئەو خۆشەویستییەی یەزدان لەبیر نەکەین کە هەمیشە سەرا پای ئێمەی گرتۆتەوە.

لە رێنماییە بەهاییەکانەوە ئەوە فێردەبین کە خودا ئێمەی بەهۆی خۆشەویستییەوە دروستکردووە واتا پەیمانێکی لەگەڵ ئێمەدا بەستوە. وشەی "پەیمان" واتە رێککەوتنێك یان گرێبەستێك لە نێوان دوو کەس یان زیاتردا. بە پێی ئەو پەیمانە هەتاهەتاییەی خودا، یەزدانی بەخشندە هەرگیز دەستبەرداری ئێمە نابێت، هەر ناو بەناوێکیش لەرێی یەکێك لە دەرکەوتەکانییەوە سەبارەت بە ویست و تواناکانی خۆی ئاشنامان دەکات.

کاری "دەریخست" واتای پیشانیدا یان ئەوەی خستەڕوو کە شاراوە بووە. دەرکەوتە یەزدانییەکانیش ئەو بونەوەرە تایبەتانەن کە وشەی خودامان بۆ دەردەخەن. ئەوانە ئەو پەروەردەکارە گشتییانەن کە فێرمان دەکەن چۆن بژین بە پێی ویستی یەزدان و چۆنیش بتوانین بەختەوەریی راستەقینە بەدەستبهێنین. لەناو ئەو دەرکەوتانەدا ئیبراهیم و کریشنا و موسا و زەردەشت و بوزا و مەسیح و محەمەد، بێگومان باب و بەهائوڵلا- یش دوو دەرکەوتەی یەزدانی ئەم سەردەمەی مێژوویی مرۆڤایەتین.

کەواتە لە پەیمانی هەتاهەتایی خودادا هەمیشە یەزدان پەیمانی خۆی بردۆتەسەر، لێرەدا پرسیاری بنەڕەتیی کە پێویستە هەریەك لە ئێمە لە خۆی بپرسێت بریتییە لە ئەمە، "ئەی من چۆن لەلای خۆمەوە ئەو پەیمانە بەجێبهێنم؟" ئەو وەڵامەی کە لە گشت کتێبە پیرۆزە ئایینییەکاندا هەیە بریتییە لە: ئەوە لەرێی ناسینی دەرکەوتەی یەزدانی و پەیڕەوکردنی رێنماییەکانیەوەیەتی. ئەم وەڵامە ئاماژەیە بۆ ئامانجی ژیانمان واتە ناسینی یەزدان و پەرستنی. ئێمە لە کورتە نوێژدا ئەمە رادەگەیەنین:

"ئەی خودا من شایەتی دەدەم کە تۆ منت دروستکردووە بۆ ناسینت و بۆ پەرستنت، ئێستا شایەتی دەدەم بە بێتوانایی خۆم و بە بەهێزی تۆ، بە لاوازیی خۆم و بە توانای تۆ، بە هەژاری خۆم و بە دەوڵەمەندی تۆ، بێجگە لە تۆی بەتوانا و هەمیشە زیندوو یەزدانێکی دیکە نییە". [٢]

لەبەر ئەوەی ئەستەمە بۆ ئێمە یەزدان بناسین ئەگەر لەرێی دەرکەوتەکانییەوە نەبێت، تاکە رێگایەك بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە لە ژیانماندا لەرێی ناسین و پەیڕەوکردنی رێنماییەکانی ئەوانەوەیە. ئەمرۆ دڵمان پڕە لە پیزانین سەبارەت بە بەهرەی ژیان لە سەردەمێکدا کە ئەو پەیمانە دێتەدی کە لەناو گشت کتێبە یەزدانییەکاندا هەیە ئەوەش لەرێی ئاشتی و داد پەروەرییەوە لەسەر زەوی. حەزرەتی بەهائوڵلا بەم جۆرە ئەوە رادەگەیەنێت:

" ئەمرۆکە رۆژی بەخششی مەزن و سەرهەڵدانی گەورەیە، پێویستە لەسەر هەمووان ئارامبن و پشوو بدەن لەرێی یەکگرتن و کۆکبوونی تەواو لەسایەو پەنای ئاگاداریی یەزدانییەوە". [٣]

بەر لەوەی بەردەوام بین لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەماندا پێویستە تۆ ئەو روونکردنەوەیەی پێشوو بخوێنیتەوە و برگە بە برگە لەگەڵ گشت بەشدارانی گروپەکەتدا لێیان وردبیتەوە. دەشێت یەکێك لە ئێوە پرسیار بکات و پێکەوە وەڵامی بدەنەوە تاوەکو هەریەك لە ئێوە توانای ئەوەی هەبێت کە بیرۆکەکانی بە شێوەیەکی ئاسایی و ئاسان دەربرێت. بەباشی فێربوونی دەقە وەرگیراوەکان گرنگییەکی تایبەتی هەیە چونکە بەشداریکردن لە بەکارهێنانی ئەو دەقانەی کتێبی پیرۆز لە گفتوگۆدا کارێکە ناشێت مرۆڤ دەستبەرداری ببێت. ئەم راهێنانەی لای خوارەوە یارمەتیت دەدەن بۆ وردبوونەوە لە ئەو بیرۆکانەی کە لە ئەم بەشەدا پێشکەشکراون، هەروەها بۆ تێگەیشتن لە واتای دەقە وەرگیراوەکان:

١. چۆن بۆ یەکێك لە بەشداران ئەوە روون دەکەیتەوە کە هزری مرۆڤ ناتوانێت لە شێوەی بوونی یەزدان بگات؟ بڕگەی یەکەمی لای سەرەوە یارمەتیدەرتە بۆ ئەو مەبەستە.

___

٢. خودا بۆچی ئێمەی دروست کردووە؟ ___

٣. وشەی "پەیمان" واتای چییە؟ ___

٤. یەزدان بەڵێنی چی داوە لە ئەو پەیمانە هەتاییەدا کە لەگەڵ مرۆڤایەتیدا بەستوویەتی؟

___

٥. ئامانج لە ژیانی ئێمە چییە؟ ___

٦. ئەگەر ئێمە هەرگیز نەزانین خودی یەزدانی چۆنە، ئەی کەواتە ئەوە واتای چییە کە دەڵێین ئامانج لە ژیانماندا بریتییە لە ناسینی یەزدان؟ ___

٧. وشەی "دەریخست" واتای چییە؟

___

٨. ناوی هەندێك لە دەرکەوتە یەزدانییەکان بڵێ: ___

٩. چی لەسەر ئێمە پێویستە ئەگەر بمانەوێت ئەو بەشە پەیمانەی خۆمان بەجێبهێنین؟

___

١٠. ئەم رستانە تەواو بکە:

أ. ئەمڕۆ ئەو رۆژەیە ___.

ب. ئەمڕۆ ئەو رۆژەیە ___.

پ. ئەمڕۆ پێویستە لەسەرمان کە ___ بە هۆی یەکگرتن و کۆکبوونی تەواو لەسایەی ___.

١١. حەزرەتی بەهائوڵڵا داوا لە خەڵکی ئەم جیهانە دەکات چی بکەن؟ ___

___.

## بەشی چوارەم

ناوەڕۆکی ئەو بابەتەی کە ئالیخاندرا ویستی بە ڕێزدار سانشیز و خاتوو سانشیزی بگەیەنێت ئەو تاکە شتە بوو کە هەمیشە مێشکی خەریك کردبوو، چونکە ئەو ئاواتی ئەوەبوو پەیوەندییەکی دۆستانەی بەهێز لەگەڵ ئەو دوو هاوسەرەدا بنیاتبنێت. ئەو لەڕێی ئەزموونە ڕاستەوخۆکەی خۆیەوە ئاگاداری ئەو کاریگەرییە خراپانەی دەمارگیریی و خۆ بەگەورەزانین بوو. ئەوانەش ڕەفتارێکن بێگومان دەبێت لێیان دووربکەوێتەوە، چونکە ئەو خوێندنە باڵاکانی نەبووە بەهۆی ئەوەی کە بێ فیزییەکەی کەمبکاتەوە، هەروەها ئەو بێجگە لە خۆشەویستی و ڕێزگرتنی ڕاستەقینە لە خێزانی سانشیز هیچ شتێکی دیکە لە دڵیدا نییە. کاتێك کە بیر لە چۆنێتی لێکدانەوەی بابەتی یەکەم دەکاتەوە ئەوە وەبیر خۆی دەهێنێتەوە کە ئەوە سەرەتای گفتوگۆیەکی بەردەوامە و لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا دەردەکەوێت. هەروەها ئەو دەزانێت کە لەگەڵ ئەوەشداکە بیرۆکەکان بە زنجیرەیەکی روون پێشکەشدەکرێن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە هەڵوەستە لەسەر هەندێك خاڵی تایبەت بکات بۆ ئەوەی گوێی لە کاردانەوەی هەردوو هاوسەرەکە بێت. بۆیە لە دڵی خۆیدا دەڵێت، "پێویستە لەسەرم کە هەوڵبدەم شپرزە و شڵەژاو نەبم چونکە من لای ئەوان بەبێ وەستان بەردەوام دەبم لەسەر گفتوگۆ کردن و ئیتر هەڵیکی ئەوتۆ نابێت بۆ ئەوەی کە وتووێژەکان بەتەواوی ئاڵوگۆڕ بکرێن". هەر بەو شێوەیە ئالیخاندرا بۆ ماوەیەك بەردەوام دەبێت لەسەر بیرکردنەوە سەبارەت بە سەردانەکەی.

ئەی ئەگەر تۆ لە شوێنی ئەو بویتایە، کام لە ئەو بیرۆکانە بەلاتەوە گونجاون بۆ ئەوەی لە مێشکی خۆتدا بیریان لێبکەیتەوە؟

______ ئەوە ئەرکی منە کە خێزانی سانشیز فێربکەم سەبارەت بە فەرمانی یەزدان و دڵنیابم لەوەی کە لە گشت ئەو شتانە تێدەگەن کە من فێریان دەکەم.

______ ئای ئەوە چ بەهرەیەکە گەر من بتوانم هەندێك کات لەگەڵ ئەو دوو هاوسەرە ڕێکوپێکەدا بەسەر ببەم و ئەو دەقە پیرۆزانەیان بۆ ئاشکرا بکەم.

______ من دەزانم ئەم سەردانە گرنگە. لەگەڵ ئەوەشدا هیوادارم کە ئەو کارە کاتێکی زۆر نەبات چونکە ئیش و کاری دیکە هەن کە پێویستە جێبەجێیان بکەم.

______ ئەو دەقە وەرگیراوانە بۆ ئەوان زۆر گران دەبێت. پێویستە لەسەرم تەنها هەندێك بیرۆکەی ئاسانیان بۆ باس بکەم، چونکە گرنگ ئەوەیە کە خۆشەویستی بۆ ئەوان دەرببڕم.

______ لە ئەم جۆرە تەمەنەدا، بەڕێز سانشیز و خاتوو سانشیز ناتوانن شتی زۆر فێربن.

______ من بەنیازم سەردانەکە ئەنجامبدەم و گوێ لە دید و بۆچونیان بگرم کاتێك کە گفتوگۆ لەسەر بابەتەکە دەکەین و لە دەقە وەرگیراوەکان ورد دەبینەوە.

______ ئەو دوو هاوسەرە توانای خوێندنەوەیان هەیە، بۆیە من تەنها بابەتەکە پێشکەش دەکەم و دەیخەمەڕوو ئیتر لێکدانەوەی دەقە وەرگیراوەکان بۆخۆیان بەجێدەهێڵم.

______ لە کاتی پێشکەکردنی بیرۆکەکاندا، پێویستە گەلێکجار بوەستم تاوەکو بتوانین دەقە وەرگیراوەکان پێکەوە لێکبدەینەوە و ڕاوێژکاری دەربارەیان بکەین.

______ هیوادارم بتوانم کە بابەتەکە بە تەواوی پێشکەش بکەم بەبێ پێبڕین، لە کۆتایشدا لێیان دەپرسم کە ئاخۆ هیچ ڕوونکردنەوەیەکیان پێویست نییە.

ئایا دەتوانیت بیر لە هەست و بۆچوونی دیکە بکەیتەوە کە دەشێت ئارەزوو بکەیت، یان بە پێچەوانەوە ئارەزوو نەکەیت کە ئەنجامی بدەیت لە کاتێکدا کە خۆت ئامادە دەکەیت بۆ ئەو جۆرە سەردانانە؟

## بەشی پێنجەم

یەکەم سەردانی ئالیخاندرا بۆ ماڵی خانەوادەی سانشیز بەشێوەیەکی باش بەڕێوەچوو. ئەو دوو هاوسەرە هەستیان بە پەشۆکاویی ئالیخاندرا کرد، بۆیە هەوڵیاندا ئەو هێمن بکەنەوە تا هەست بە ئاسوودەیی و ئارامی بکات لەڕێی ئەو هەموو وێڵ و دڵنەواییەوە کە بەرانبەر ئەو نواندیان. ئەوان زۆر بە ئاگادارییەوە گوێیان دەگرت و بەشدارییەکی تەواویان لە گفتوگۆ و لێکدانەوەدا دەکرد و بەتایبەتیش بیری خۆیان بەباشی بە دەقە وەرگێراوەکانەوە خەریکدەکرد. تاکە ساتێکی سەخت ئەوەی کۆتایی بوو، کاتێك کە خاتوو سانشیز کتوپڕ ئەم پرسیارەی لە ئالیخاندرا کرد: "ئایا من دەبێت حەزرەتی مەسیح لە بیر بکەم، کاتێك کە دێمە ناو کۆمەڵگەی بەهائییەوە؟" ئالیخاندرا وەڵامەکەی دەزانی بەڵام پێویستی بە هەندێك کات دەبوو بۆ ئەوەی بەباشی دەربڕینەکان دابڕێژێت.

خاتوو سانشیز زەردەخەنەیەکی کردو لەڕێی ئەم وتەیەوە ئەوی لە ئەو هەڵوێستە دەربازکرد: "من پێموایە خۆشەویستیم بۆ حەزرەتی مەسیح زۆرتر بووە لەو کاتەوە کە بە ڕێنمایییە بەهاییەکان ئاشنا بووم". لێرەدا ئالیخاندرا گشت بیرۆکەکانی خۆی کۆکردەوە: "ئەمە لە گەلێك شوێنی جیهان روودەدات. ئەوان خۆشەویستیان بۆ حەزرەتی موسا و حەزرەتی مەسیح و حەزرەتی کریشنا و حەزرەتی زەردەست و حەزرەتی محەمەد زۆرتر دەبێت بەهۆی ئەو زانیارییانەی کە حەزرەتی بەهائوڵا سەبارەت بە خوای تاك و بێ وێنە و یەکگرتوویی ئایین و یەکگرتوویی جیهانی مرۆیی فێریان دەکات".

ئەوە کارێکی بەکەڵك دەبێت بۆ تۆ، کە کاتێك تەرخان بکەیت بۆ وتووێژکردن لە گروپەکەتدا سەبارەت بە هەندێك لە ئەو سیفەت و هەڵوێستانەی کە هەبوون لە کاتی سەردانەکەی ئالیخاندرادا، کە وایکرد سەردانەکە ئامانجی خۆی بەدیبهێنێت. گرنگترین شت کە پێویستدەکات بیری لێبکەیتەوە بریتییە لە گوێڕایەڵی، چونکە بناغەی هەر گوێڕایەڵییەك بریتییە لە گوێڕایەڵبوون بۆ خوداو ئەوە هەر لە گوێڕایەڵی ئەویشەوەیە کە گشت گوێڕایەڵییەك سەرچاوەدەگرێت. هیچ ساتێکی گوێڕایەڵیی مرۆڤ لە ئەو کاتانە گرنگترنییە کە تیایدا کەسێك گوێڕایەڵی خودا و دەرکەوتەکانی دەبێت. پێویستە بیر لە ئەو وشانەی لای خوارەوەی بکەیتەوە کە هی حەزرەتی بەهائوڵان و هەوڵێکی تەواویش بدە بۆ لەبەرکردنیان:

"پێویستە لەسەر خۆشەویستانی خودا، کاتێك کە لە هەر کۆمەڵگە و شوێنێك کۆدەبنەوە، گوێڕایەڵی و ملکەچبوون بنوێن لەکاتی ناوهێنانی یەزدان و پیرۆزکردنیدا تاوەکو تەنانەت خۆڵی ئەو شوێنەش بە دڵسۆزییەوە ئەو کۆمەڵە خەڵکە ببینێت و لەبەردەم هێزی ئەو وتە رۆحییانەی ئەو کەسە دەروون پاکانەدا بلەرێتەوە. نەك گڵەکە لە دڵی خۆیدا بڵێت، - من باشترم لە ئێوە، من بە ئارامی لەبەردەم ئەو هەموو ئەرکەی کە جوتیارەکان دەیخەنە سەر شانم، من ئێستاش هەرچی هەڵچوونێکی فراوانی ئەوەی کە لە ناخمدا هەیە دەییەخشم بە هەموو زیندەوەرێك. هەرچەندە کە من ئەو گشت خاوەن پلە بەرزانە و ئەو دەرکەوتانەی کە لە ژمارە نایەن، بوونیان پێویستی بە من بووە بەڵام من هەرگیزاو هەرگیز شانازیی بەسەر هیچ کەسێکەوە ناکەم و تا ئەوپەڕی گوێڕایەڵم و لەژێر پێی هەمووواندا سەقامگیرم-". [٤]

هەروەك ئەوەی کە لەلای سەرەوە باسکرا، گوێڕایەڵی لەبەردەم برایانی مرۆڤایەتیماندا لە گوێڕایەڵیمانەوە بۆ یەزدان سەرهەڵدەدات. خۆ هەر ئەوەش هەمان ئەو گوێڕایەڵییەیە کە لە پاڕانەوەدا بەدیدەهێنین کاتێك کە سەردانی ماڵی هاوڕێیەك یان دراوسێیەك دەکەین لە پێناو ئەوەی کە پێکەوە لە چەند بابەتێکی دیاریکراو تێبگەین. لە کاتی وتووێژدا ئێمە بەردەوام بیرمان ئاراستەی یەزدان دەکەین و داوای لێدەکەین کە بیر و دڵمان روونبکاتەوە، هەروەها

بیر و دڵی گشت کەسێك لە ئامادەبووەکان. گەلێك رستە و دەربڕین لە نزاکاندا هەن کە دەتوانین لەبەریان بکەین کاتێك کە ئێمە ئەو ئاما نجە دەخەینە بیری خۆمان، ئەمانەی خوارەوە هەندێکن لەو نزایانە:

"ئەی رووناکی دڵان، دیدێکی روون و گوێیەکی سووکمان پێببەخشە". [٥]

"خودایە! لە ئەو چاکەکارییانەی خۆتمان پێببەخشە کە هەرگیز کۆتاییان نایەت و رووناکیی پشتیوانیشت بۆمان داگیرسێنە". [٦]

"دەروازەی خوداناسی بکەرەوە، تاوەکو رووناکیی بڕوا بدرەوشێتەوە". [٧]

"ئەی خودایە بەرچاومان روونبکە بۆ بینینی رووناکییەکانت". [٨]

"من بە گشت شتێکمەوە، بەڕاستییەکانم و بە بوونم و بە پێناس و بە ناخ و زمانمەوە لێت دەپاڕێمەوە کە بمپارێزی لە گشت کردارێك کە دژ بە رەزامەندیی تۆی تاك و تەنیابێت"[٩].

## بەشی شەشەم

لەدوای سەردانەکەی بۆ ماڵی خێزانی سانشیز و گفتوگۆکردنی لەگەڵیاندا سەبارەت بە پەیمانی هەتا هەتایی خودا دڵی ئالیخاندرا پڕبوو لە خۆشی و بیری لەوە کردەوە، "سەردانی داهاتوو هەلێکی گونجاو دەبێت بۆ قووڵکردنی زانیارییەکانی ئەوان سەبارەت بە ژیانی حەزرەتی بەهائوڵڵا". ئەمە ئەو بابەتە پێشنیارکراوەیە کە ئالیخاندرا پشتی پێدەبەست:

حەزرەتی بەهائوڵڵا لە ١٢ ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٨١٧دا لە تارانی پایتەختی ئێران لەدایك بووە. هەر لە منداڵییەوە چەند سیفەتێکی تایبەتی تێدابوو، بۆیە دایك و باوکی بڕوایان وابوو کە گەورەیی و توانا لە چارەنووسی ئەودا نووسراوە. باوکی حەزرەتی بەهائوڵڵا وەزیرێکی دەرکەوتوو بوو لە دەرباری پادشادا و وەك باوکێك خۆشەویستییەکی زۆری بۆ کوڕەکەی هەبوو. شەوێکیان لە خەویدا ئەوەی بینی کە حەزرەتی بەهائوڵڵا لە دەریایەکی فراواندا ناوی خودا دەهێنێت و گشت گیانی رووناکیی لێدەردەچێت، بە جۆرێك ئەو دەریا فراوانەی رووناك کردبۆوە، موە درێژەکانی لەشیشی هێندە رەش بوون کە بەسەرییەوە دەبریسکانەوە و بە هەموو لایەکدا سەر ئاوەکە کەوتبوون. بە چواردەوریشیدا کۆمەڵێك ماسی دەسووڕانەوە هەریەك لەو ماسییانە تاڵێك لە مووی ئەویان گرتبوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە ژمارەیان زۆربوو یەك تاڵ موو لەسەری ئەو نەدەبووەوە. ئەو زۆر رەهاو بەبێ بەربەست دەسوڕایەوە و ماسییەکانیش بەدوایدا دەڕۆیشتن. باوکی بەهائوڵڵا پرسیاری لە پیاوێك کرد، کە وەك کەسێکی دانا ناسرابوو، تاوەکو ئەو خەونەی بۆ لێکبداتەوە. داناکە پێی گووت دەریا فراوانەکە بریتییە لە جیهانی بوون و حەزرەتی بەهائوڵڵاش بە تاك و تەنیایی لەوێدا دەسەڵاتی خۆی بەسەریدا بەدیدەهێنێت. بەڵام ماسییە زۆرەکان ئاماژەن بۆ ئەو پشێوییەی کە ئەو بەدیدەهێنێت لە نێوان کەسانی جیهاندا، بەڵام یەزدان دەیپارێزێت و ئەو پشێوییە هیچ ئازارێك بە ئەو ناگەیەنێت.

کاتێك کە حەزرەتی بەهائوڵڵا هێشتا تەمەنی سیانزدە بۆ چواردە ساڵ بوو دانایی‌و زانستی ئەو گەیشت بە دەرباری پادشا. لە تەمەنی بیست و دوو ساڵیدا کاتێك کە باوکی کۆچی دوایی کرد حکومەت پێشنیاری ئەوەی بۆکرد کە پۆستەکەی باوکی وەك وەزیر وەربگرێت، بەڵام ئەو ئارەزووی لەوە نەبوو کە کاتی خۆی بە بەڕێکردنی کاروباری دنیاوە بەسەرببات. ئەو وەزیری و دەرباری پادشای نەویست تاوەکو بتوانێت ئەو رێیەبگرێت کە یەزدان لە ناوچەوانی نووسیبوو، ئیتر کاتی خۆی بە یارمەتیدانی ستەم لێکراوان و نەخۆش و هەژارەوە بەسەر دەبرد. هەر بە زوویش ناوبانگی پەیداکرد وەك پشتیوانێك بۆ مەسەلەی داد پەروەریی.

لە تەمەنی بیست و حەوت ساڵیدا، حەزرەتی بەهائوڵڵا لەڕێی نوێنەرێکی تایبەتەوە هەندێك لە نووسراوەکانی حەزرەتی بابی پێگەیشت کە بانگەوازی هەڵهاتنی بەرەبەیانێکی نوێ بوو، واتە ئەو ڕۆژەی کە دەرکەوتەیەکی یەزدانی نوێ ئاشتیی و یەکگرتوویی و دادپەروەریی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت کە لە مێژە مرۆڤایەتیی چاوەڕوانی دەکات. هەر بە خێرایی حەزرەتی بەهائوڵڵا نامەکەی حەزرەتی بابی ماچ کردو ئیتر بوو بە یەکێك لە شوێنکەوتووە بە پەرۆشەکانی. بەڵام بەداخەوە ئەوانەی کە حوکمڕانیی گەلی ئێرانیان دەکرد ئارەزووە تایبەتییەکانی خۆیان بەرچاویانی ڕەش کردبوو ئیتر دەستیان کرد بە چەوساندنەوەیەکی دڕندانەی شوێنکەوتووەکانی باب و لە ئەوەشدا حەزرەتی بەهائوڵڵا لێی بێبەش نەبوو، هەرچەندە ئەم ئەو گشت ناوبانگە باش و شکۆمەندەشی هەبوو. لە پاش هەشت ساڵ، چەند مانگێك لەدوای ڕاگەیاندنی بانگەوازەکەی حەزرەتی باب و تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر شەهیدکردنیدا، حەزرەتی بەهائوڵڵا لە زیندانێکی قووڵ و تاریکدا زیندانی کرا کە بە زیندانی سیاه چاڵ (واتە چاڵە ڕەش) ناسراوە. سەرەڕای ئەوەش کۆت و بەندێکی قورس لە ملی ئاڵێندرابوو بەجۆرێك نەیدەتوانی سەری بەرزبکاتەوە. دوای ئەوەی کەوا حەزرەتی بەهائوڵڵا چوار مانگی ترسناکی پڕ لە ناهەمواریی سەختی بەسەربرد، هەر لەو زیندانەدا ڕۆحی یەزدانی سەرا پای ڕۆحی ئەوی داگیرکردو ئەوەی بۆ ڕوونبووەوە کە ئەو بەڵێنپێدراوی گشت سەردەمەکانە. لەو زیندانە تاریکەوە، ڕۆژی پرشنگداری بەهائوڵڵا هەڵهات بۆ ئەوەی گشت جیهان ڕووناکبکاتەوە.
دوای بەسەربردنی ئەو چوار مانگە لە زیندانی سیاه چاڵ-دا، حەزرەتی بەهائوڵڵا هەرچییەکی هەبوو دەستی بەسەردا گیراو خۆی و خێزانەکەشی ڕەوانەی شوێنێکی دوورکران. ئەوان لە زستانێکی سارد و سەختدا بە چیاکانی ڕۆژئاوای ئێراندا بەرەو شاری بەغدا ڕەوانەکران. کە ئەو کات سەر بە ئیمپراتۆرێتی عوسمانی بوو، کە ئێستا پایتەختی عێراقە. ئەوەی کە بەسەر ئەوان هات، ئەستەمە بە وشە بتوانرێت دەرببڕدرێت چونکە ئەوان سەدان کیلۆمەتریان بە پێ بەناو بەفر و سەهۆڵدا بڕی بەرەو ئەو شارەی کە پڕە لە چارەنووسی یەزدانی.
هێندەی نەبرد ناوبانگی حەزرەتی بەهائوڵڵا لە بەغدا و گشت شارەکانی ئەو ناوچەیەدا بڵاوبووەوە و کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵکێکی زۆر دەهاتنەبەر دەرگای ئەو کەسە زیندانیکراو و دوورخراوەیە بە مەبەستی بەدەستهێنانی پیرۆزی لە ئەوەوە، بەڵام کەسانێکی کەمیش هەبوون ئیرەییان بە ناوبانگی ئەو دەبرد. لەناو ئەوانەشدا میرزا یەحیا بوو کە زڕبرای بوو، تەنانەت لەگەڵ خودی حەزرەتی بەهائوڵڵاشدا دەژیا و بە خۆشەویستییەوە ئاگاداری لێدەکرد. پیلانەکانی میرزا یەحیا بوونە هۆی دروستبوونی دووبەرەکی لە نێوان شوێنکەوتوانی حەزرەتی بابدا، ئەوەش بووە هۆی غەمبارییەکی زۆر بۆ حەزرەتی بەهائوڵڵا بۆیە شەوێك بەبێ ئەوەی بە کەس بڵێت ماڵی بەجێهێشت و ڕوویکردە چیاکانی کوردستان. لەوێ چووە خەڵوەتەوە و بەردەوام خەریکی نزا و بیرکردنەوە بوو. خەڵوەتگەکەی ئەو ئەشکەوتێکی بچووك بوو، خۆراکیشی تەنیا خواردنێکی کەمبوو. هیچ کەسێکی ئەو ناوچەیە نە بنەچەی ئەو و نە ناوی ئەویان دەزانی، بەڵام بەرەبەرە خەڵکی ناوچەکە دەستیان کرد بە لێدوان سەبارەت بە "ئەو کەسە نەناسراوە" ئەو وەلییە گەورەیەی کە یەزدان بە زانستی خۆی ڕێزی لێناوە. کاتێك کە دەنگو باسی ئەو کەسە پیرۆزە گەیشتە کوڕە گەورەی بەهائوڵڵا کە ناوی عەبدولبەها بوو یەکسەر زانی کە ئەو کەسەی باسی لێدەکرێت باوکی خۆشەویستییەتی. بەو جۆرە بە کەسێکی تایبەتدا چەند نامەیەك دەنێردرێت کە تکا لە حەزرەتی بەهائوڵڵا دەکات بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ بەغدا، ئەویش ئەو داوایەی ئەوانی پەسەند کردو بەوەش کۆتای بە ئەو ماوە ناخۆشەی دابڕانی هێنا کە دوو ساڵ بەردەوام بوو. بارودۆخی کۆمەڵگەی بابییەکان زۆر بە خێرایی تێکچوو، کاتێك کە حەزرەتی بەهائوڵڵا لەوێ نەبوو.
دوای گەڕانەوەکەی لە چیاو لەماوەی ئەو حەوت ساڵەی دواییدا کە لە بەغدا ژیا، حەزرەتی بەهائوڵڵا ڕۆحێکی نوێی کرد بەبەری شوێنکەوتووە چەوساوە سەرلێشێوەکانی بابدا. هەرچەندە ئەو هێشتا پێگەی گەورەی خۆی


رانەگەیاندبوو،  بەڵام ئەو هێز و پەند و داناییەی کە لە وشەکانیدا هەبوو وایکرد کە ژمارەیەکی زۆر لە بابییەکان بینە شوێنکەوتووی ئەو، خەڵکێکی زۆر لە گشت روویەکەوە پێوەی سەرسامببوون. بەڵام پیاوە ئایینییە موسوڵمانە دەمارگیرەکان چاویان بە ئەو کاریگەریی و توانایانەی حەزرەتی بەهائوڵڵادا هەڵنەدەهات، بۆیە لەلای کاربەدەستان پەیتا پەیتا سکاڵایان لەسەر دەکرد تاوەکوو ئەو سکاڵایانە بوو بەهۆی ئەوەی کە حکومەتی ئێران لەگەڵ هەندێك لە بەرپرسیارانی ئیمپراتۆریّتی عوسمانیدا لەسەر ئەوە رێکبکەون کە حەزرەتی بەهائوڵڵا رەوانەی شوێنێکی دوورتربکەن.  بۆیە ئەمجارەیان ناردیان بۆ ئەستەنبوڵ.

مانگی نیسانی ساڵی ١٨٦٣، مانگێکی پڕ لە خەمناکی بوو بۆ خەڵکی بەغدا چونکە بینیان ئەو کەسەی کە خۆشەویستییەکەی دڵی ئەمان پڕکردوە، دەبێت شارەکەیان بەجێبهێڵێت و روو لە شوێنێك بکات کە بۆ ئەوان نادیاربوو. کەمێك بەر لە ئەوەی کە بڕوات، حەزرەتی بەهائوڵڵا روویکردە باخچەیەك کە لە دەوروبەری شاری بەغدابوو، لەوێ چادری خۆی هەڵداو بۆ ماوەی دوانزدە رۆژ بەردەوام پێشوازی لە وروژمی میوان دەکرد، کە دەهاتن بۆ خواحافیزی لێکردنی. شوێنکەوتوانی حەزرەتی باب بەدڵێکی پڕ لە پەژارەوە رویان دەکردە ئەو باخچەیە و هەندێکیشیان خۆیان ئامادە کردبوو کە بۆ قۆناغی دواتری دوورخستنەوەکەی هاوڕێی ئەو بن، بەڵام زۆرینەیان نەیانتوانی لەگەڵیدا بڕۆن و لە ئەوە بێبەش بوون. ویستی یەزدان وابوو کە نەهێڵێت ئەو بۆنەیە بۆنەیەکی غەمباری بێت. چونکە دەرگاکانی بەخششی بۆ خستە سەرپشت و حەزرەتی بەهائوڵڵا ئەوەی بەو کۆمەڵە خەڵکەی دەوروبەری راگەیاند کە ئەوە ئەمە بووە بە "دەرکەوتەی خودا" ئەو دەرکەوتەیەی کە کاتی خۆی حەزرەتی باب مزگێنی دابوو. ئیتر ناخۆشی بوو بە خۆشییەکی تێر و پڕ و دڵەکان گشتیان بووژانەوە و دەروونەکان بە ئاگری خۆشەویستی ئەو گەرمبوونەوە. تاکو ئێستاش لەماوەی ئەو دوانزدە رۆژەی مانگی نیساندا لە هەموو شوێنێك ئاهەنگ دەگێڕدرێت کە پێیدەوترێت  جەژنی رەزوان، ئەوەش یادەوەری ساڵانەی بانگەشەی پەیامە جیهانییەکەی حەزرەتی بەهائوڵڵایە.

ئەو کاتە ئەستەنبوڵ پایتەختی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی بوو، هەر لە ئەوێش لە ماوەی تەنها چوار مانگدا دانایی مەزنی حەزرەتی بەهائوڵڵا و کەسایەتییە دڵفرێنەکەی ژمارەیەکی زۆر خەڵکی بەلای خۆیدا بەکێشکرد، بۆیە زانا ئایینییە موسڵمانە دەمارگیرەکان دەستیان بە چپ و هوڕ کرد،  وەك ئەوەی دەیانگوت: "نابێت بۆ ماوەیەکی  لەمە زیاتر ئەو لە ئەستەنبوڵ بمێنێتەوە" ئیتر دەسەڵاتدارانیان قایلکرد کە بۆ شاری ئەدرنە دووربخرێتەوە. ئەو چوار ساڵ و نیو م لە ئەدرنە مایەوە،  لە ئەو ماوەیەدا حەزرەتی بەهائوڵڵا چەند نووسراوێکی (خشتێکی) بۆ  پادشا و حوکمڕانانی جیهان نارد تیایدا داوایان لێدەکات کە واز لە ڕێگەی ستەمکاری بهێنن و خۆیان بۆ چاکە و خۆشی و ئاسوودەیی گەلەکانیان تەرخان بکەن. دوای ئەوە دوژمنەکانی سەخترین سزایان بۆ ئەو دیاریکرد، کە بریتی بوو لە دوورخستنەوەی خۆی و خێزانەکەی بۆ شاری عەککا کە لەو کاتەدا ناخۆشترین شوێنی گشت ئیمپراتۆرێتی عوسمانی بوو، بۆیە ناردن بۆ ئەوێ هەمیشە وەك خراپترین سزا ناوبانگی دەرکردبوو. ئەو کەسە مێشك نەخۆشانە پێیان وابوو کە "بێگومان ئەو لەو بارودۆخە سەختەی زیندانی ئەو شارەدا تیادەچێت". ئاخر ئەوان پێیان وابوو دەتوانن ئەو پلانە راگرن کە خودا خستویەتیەکار. ئەو ئازار و سەختییەی کە حەزرەتی بەهائوڵڵا لە عەککا تووشی هات باسناکرێت. ئەو هیچ هۆکارێکی ژیانی ئاسایی بۆ دابین نەکرا، سەرەڕای ئەوەش شەو و رۆژ بە دوژمن چواردەوری گیرابوو. بەڵام بەرەبەرە بارودۆخی زیندان گۆڕا چونکە خەڵکی عەککا و حکومەتەکەشی ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە ئەم کۆمەڵە خەڵکە کەمەی بەهاییەکان کە دوورخراونەتەوە بۆ شارەکەی ئەوان بێ تاوانن، ئیتر بۆ جارێکی دیکەش خەڵکی شەیدای خۆشەویستی و پەندو داناییەکانی ئەو کەسە بێ وێنەیە بوون، هەرچەندە زۆرینەیەك لەوان

ئاگاداری پێگەی مەزنی ئەو نەبوو بوون. لەدوای تێپەڕبوونی نزیکەی نۆ ساڵ دەرگاکانی زیندانی شار لەڕووی حەزرەتی بەهائوڵا و شوێنکەوتووەکانیدا کرانەوە. کوڕە خۆشەویستەکەی کە ناوی حەزرەتی عەبدولبەها بوو توانی شوێنێکی شایستە بەدەستبهێنێت بۆ ئەوەی کە باوکی لە دەرەوەی شورەی شارەکەدا بژی. لە کۆتاییدا وای لێهات کە حەزرەتی عەبدولبەها بتوانێت خانوویەك لە دەرەوەی شار بەکرێ بگرێت، لەوێش حەزرەتی بەهائوڵا توانی سیانزدە ساڵی کۆتایی ژیانی تا رادەیەك بە ئارامی و ئاسوودەیی بەسەرببات. لە ئەم رۆژگارەدا ئێمە، ئەو ماڵە بە کۆشکی دڵخۆشی (قصر البهجه) ناودەبەین. هەر لەوێ لە مانگی ئایاری ساڵی ١٨٩٢ دا کە لە ئەوپەڕی مەزنی و جوانیدا بوو رۆحی بەرەو ئاسمان رۆیشت. حەزرەتی بەهائوڵا ئاڵای برایەتی و ئاشتیی جیهانی هەڵگرتبوو وشە یەزدانییەکانیشی خستەڕوو، هەرچەندە دوژمنەکانی خۆیان یەکخست لە دژی ئەو بەڵام ئەم بەسەریاندا زاڵ بوو هەروەك چۆن ئەو کاتەی کە هێشتا لە زیندانە تاریکەکەی تاراندا کۆت و پێوەندی لە ملکرابوو خودا بەڵێنی پێدا. ئەو ماوەیەی کە ئەو تیایدا ژیا پەیامەکەی دڵی هەزاران خەڵکی بوژاندەوە و ئەمڕۆش رێنماییەکانی بەردەوام لە گشت شوێنێکی جیهاندا بڵاودەبنەوە و هیچ شتێك ناتوانێت رێیان لێبگرێت تاوەکو دواین ئامانجەکانی بەدیدێن کە بریتین لە یەکگرتنی گشت ئەو کەسانەی کە لەسەر ئەم زەوییەن لەسەر یەك فەرمان و یەك یاسا.

ئەو ژیاننامەیەی حەزرەتی بەهائوڵا کە لای سەرەوە باسکرا تا رادەیەك درێژە، بەر لە ئەوەی بچینە سەر راهێنانی داهاتوو پێویستە لەسەرت ئەو گێڕانەوەیە برگە بە برگە لەناو گروپەکەتدا بخوێنیتەوە و پاشان پێویستە هەریەك لە ئێوە پرسیار لە ئەوی دیکە بکات سەبارەت بە ئەو ژیاننامەیە تاوەکو بە باشی ناوەڕۆکەکەی فێردەبن و دەتوانن بە ئاسانی لێی بدوێن. ئەو نەخشەیەی لای خوارەوە یارمەتیت دەدات بۆ بیرکەوتنەوەی ئەو رێگایانەی کە لە کاتی دورخستنەوەدا حەزرەتی بەهائوڵا گرتوونیەبەر، هەروەها ئەو رواداوانەی کە لە ئەو رێگایانەدا روویانداوە.




١. دەشێت ئەوەت پێ بەسوود بێت کە لە بۆشاییەکانی لای خوارەوەدا زنجیرەی ئەو روداوە سەرەکییانە بنووسیت کە پەیوەستن بە ژیانی حەزرەتی بەهائوڵاوە، لەسەر بنەمای باسەکەی لای سەرەوە.

______________________________________________

______________________________________________

______________________________________________

______________________________________________

٢. له گفتوگۆیەکدا سەبارەت بە مەسەلەی ژیانی حەزرەتی بەهائوللا هەمیشە چەمکی تایبەت هەن کە پێویستە پێیان ئاشنا ببین شانبەشانی زنجیرە ڕووداوەکان. بۆ نموونە ئەوە گرنگە کە لەو ئەو ئازارچەشتنە وردببینەوە کە حەزرەتیان خۆی لە ئاستیدا ڕاگرت بەهۆی ئەو خۆشەویستییەوە کە هەیەتی بۆ مرۆڤایەتی، هەروەها ئەو سەرکەوتنە ناوازانەی کە ئەو بەدیهێنان لە ڕووبەڕووبونەوەی لادەرەکاندا. با ئەم وشانە لە مێشك و دڵی خۆماندا بچێنین:

"جوانی دێرین بەندکرا بۆ ئەوەی جیهان بۆ هەموان واڵابێت، لە گەورەترین قەڵاش زیندانی کرا تاوەکو سەراپای جیهان ئازادببێت. پەژارەی بۆ خۆی هەڵبژارد تاوەکو گشت ئەوانەی لە گەرووندان دڵخۆش بن، ئەوە لە بەزەیی خودای مەزنی پڕ میهرو بەزەیی بوو. ئێمە بە داماویی قایلبووین، بۆ شکۆیی ئێوەسەختیمان بۆ خۆمان هەڵبژارد بۆ خۆشگوزەرانیی ئێوە ئەی خەڵکە یەکگرتوەکە، ئەوەی کە بۆ ئاوەدانکردنەوەی جیهان هاتبوو بێیاوەڕەکان لە وێرانەترین وڵات نیشتەجێیان کرد...."[١٠]

٣. کاتێك کە باس لە ئازارچەشتنی حەزرەتی بەهائوللا دەکەین پێویستە ئەوە ڕەچاو بکەین کە وەك قوربانییەکی لاواز ئەو پیشانی دوژمنەکانی نەدەین. چونکە ئەو بە ویستی خۆی قایل بوو بەوەی کە کۆت و زنجیر بکرێت لە پێناو ئازادی مرۆڤایەتیدا. چیرۆکی ژیانی ئەو، هەرچەندە پڕە لە ڕوداوی ئازارچەشتنی توند بەڵام لە گەوهەردا چیرۆکی سەرکەوتنە.

ئایا دەتوانیت لەڕێی یارمەتیی ڕابەری گروپەکەتەوە، وتەیەکی کورت ئامادە بکەیت سەبارەت بە ئازارچەشتنی حەزرەتی بەهائوللا و سەرکەوتنەکانی، لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانەی کە ئێستا هەتە سەبارەت بە ژیانی ئەو؟

ئەم پرسیارانەی خوارەوە دەشێت ببن بە یارمەتیدەرت بۆ ئەو مەبەستە:

أ. بۆچی حەزرەتی بەهائوللا قایل بوو بەوەی کە کۆت و زنجیر بکرێت؟ ______________________________

______________________________________________________________________

ب. بۆچی حەزرەتی بەهائوللا قایل بوو کە زیندانی بکرێت؟ ______________________________

ج. بۆچی حەزرەتی بەهائوڵڵا خەم و پەژارەی بۆ خۆی هەڵبژارد؟ ______________________

د. بۆچی حەزرەتی بەهائوڵڵا بە ملکەچبوون قایلبوو؟ ______________________

هـ. بۆچی حەزرەتی بەهائوڵڵا بەو رووداوە سەختانە قایلبوو؟ ______________________

و. ئایا حەزرەتی بەهائوڵڵا لەبەر ئەوە بە ئەو کارە سەختانە قایل دەبوو چونکە نەیدەتوانی کارێکی دیکە بکات؟

ز. ئەی ئەگەر حەزرەتی بەهائوڵڵا لەبەردەم دوژمنەکانیدا بێ توانا نەبوو، کەواتە بۆچی بە ئەو گشت کارە سەختانە قایل دەبوو؟ ______________________

______________________

## بەشی حەوتەم

دووەم سەردانی ئالیخاندرا بۆ ماڵی خێزانی سانشیز هاوشێوەی یەکەم سەردان پڕ لە خۆشی بوو. رێزدار سانشیز و خاتوو سانشیز پێشتر تا رادەیەك بە ژیانی حەزرەتی بەهائوڵڵا ئاشنا ببون، بەڵام ئەوان دڵخۆشبوون بەوەی کە ئالیخاندرا شتی زۆرتریان بۆ باسبکات، بە ئاشکراش ئەوان پەرۆش بوون بۆ چیرۆکی ئازارچەشتنەکەی. خاتوو سانشیز لە ساتێکی کتوپڕدا ئەمەی بەبیردا هات، "وادیارە دەرکەوتە یەزدانەییەکان هەمیشە تووشی ئازارچەشتن دەبن بەدەست ئەو کەسانەوە کە تینوی دەسەڵاتی دنیایین". بۆیە ئالیخاندرا لە دڵی خۆیدا بڕیاری ئەوەیدا کە کاتێکی گونجاوە ئەو دەقە وەرگێراوەی پێبناسێنێت کە لەبەری کردبوو، هەروەها ئێوەش لەڕێی بەشی رابوردووەوە پێی ئاشنابوون. لە ئەو دەقە وەرگێراوەدا، حەزرەتی بەهائوڵڵا باس لە ئەو ئازارچەشتنە دەکات کە خۆی لەبەریدا راگرتووە لە پێناو مرۆڤایەتیدا بۆ ئەوەی لە ستەمکاریی رزگاربین و بگەین بە خۆشییەکی هەتا هەتایی. ئەو سێ هاوڕێیە هەست بە پەرۆشی دەکەن لە گفتوگۆکەی ئەو رۆژەیاندا.

لەبیرکردنەوەیدا سەبارەت بە سەردانی داهاتوو، ئالیخاندرا گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە پێگەی حەزرەتی عەبدولبەها دەبێتە بابەتێکی ئاسایی بۆ وتووێژکردن دەربارەی. ئەمەش ئەو خاڵانەیە کە ئەو جەخت لەسەر باسکردنیان دەکات:

حەزرەتی عەبدولبەها کە کوڕە گەورەی حەزرەتی بەهائوڵڵایە کەسایەتییەکی ناوازەیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و ناشێت بتوانین کەسایەتییەکی هاوشێوەی ئەو لە هیچ ئایینێك لە ئایینەکانی پێشوودا ببینین. ئەو هەر لە منداڵییەوە پێگەی یەزدانیی باوکی دەزانی و لە کاتی دوورخستنەوە و ئازارچەشتنەکانیدا هەمیشە لەتەکیدابووە. هەروەها حەزرەتی عەبدولبەها ئاگاداری کردووە و پاراستوویەتی و کۆمەڵگەی بەهایی بەرەورووی ئەو کردەوە. ئێمە هەرگیز ناتوانین ئەو بایەخە زۆرە بە شێوەیەکی شایستە بخەملێنین کە حەزرەتی بەهائوڵڵا بەخشیوییەتی بە مرۆڤایەتی، چونکە ئەو هەر تەنیا پەیامە پیرۆزەکەی بە ئێمە نەبەخشیوە، بەڵکو ئەو کوڕە ناوازەیەشی بە ئێمە بەخشی و هەر خۆشی باسی لە ئەوە کردوە کە جیهان بە زانست و بە دانایی ئەو رووناك دەبێتەوە.

کاتێك کە ئێمە لە ژیانی حەزرەتی عەبدولبەهای و راگەیاندنەکانی وردەبینەوە بەرچاوڕوونییەکمان دەستگیردەبێت سەبارەت بە ئەو پێگە ناوازەیەی کە بوویەتی لە ئەو خولە ئاینییەدا. گرنگە لێرەدا سێ لایەن لە ئەو پێگەیە لەبیر نەکەین:

یەکەم، حەزرەتی عەبدولبەها ناوەندی بەڵێن و پەیمانی حەزرەتی بەهائوڵایە. حەزرەتی بەهائوڵا بەڵێنێکی بە شوێنکەوتووەکانی داوە کە تیایدا داوایان لێدەکات کە دڵیان ئاراستەی ئەو ناوەندە بکەن و بە تەواوی دڵسۆزبن بۆی. لەخشتەکانی ئامۆژگارییەکانیدا حەزرەتی عەبدولبەهاو حەزرەتی شەوقی ئەفەندی دەستنیشانکردوە وەك رابەڕی فەرمانی یەزدان تاوەکو ئەو ببێتە ئەو ناوەندەی کە پێویستە گشت کەسێك رووی تێبکەن لە دوای خۆی. بەلام لە ئەم رۆژگارەدا ئەو ناوەندە بریتییە لە خانەی دادی مەزن کە بەپێی فەرمانێکی ئاشکرای حەزرەتی بەهائوڵا دامەزراوە، هەروەها ئەو رێنمایییە ئاشکرایانەی کە حەزرەتی عەبدولبەها و حەزرەتی رابەڕی فەرمانی یەزدان دەریانکرد. هێزی ئەو بەڵێن و پەیمانە وادەکات کە کۆمەڵگەی بەهایی یەکگرتوو و پتەوبێت و لە دووبەرەکی و لێکدابڕان پارێزراوبێت.

دووەم، حەزرەتی عەبدولبەها روونکەرەوەیەکی بێ هەڵەی وشەکانی حەزرەتی بەهائوڵایە. لەبەر گەورەیی و فراوانی فەرمانی حەزرەتی بەهائوڵا و قووڵی واتا شاراوەکان لە راگەیاندنەکانیدا، وەها پێویست بوو کە لە دوای خۆی روونکەرەوەیەك دابنێت کە خودی خۆی بووە بە سەرچاوەی بەهرەکانی ئەو کەسە. ئیتر بەو شێوەیە و لەدوای چەندین نەوەی داهاتوو مرۆڤایەتیی دەتوانێت کە لە رێنمایییەکانی حەزرەتی بەهائوڵا تێبگات لەرێی ئەو لێکدانەوانەی حەزرەتی عەبدولبەهاوە کە لەسەر ئەو ژمارە زۆرەی خشتەکانیەتی، هەروەها لەرێی ئەو وتارانەیەوە کە بەشێوەیەکی دروست نووسراونەتەوە. حەزرەتی رابەڕی فەرمانی یەزدان لەدوای حەزرەتی عەبدولبەها بوو بە روونکەرەوەی رێنمایییەکانی حەزرەتی بەهائوڵا. ئیتر بەو شێوەیە ئەرکی روونکردنەوە کۆتاییپێهات و هیچ کەسێك دەستەڵاتی لێکدانەوەی وتەکانی حەزرەتی بەهائوڵای نییە لەو بەشە خولەی ئاینەکەدا کە ماوە.

لە رابوردوودا گشت ئاینەکان تووشی ناکۆیی نێوان شوێنکەوتووەکانیان بوون سەبارەت بە لێکدانەوەی جیاواز بۆ دەقەکانی کتێبە پیرۆزەکانیان، بەلام لە ئەم خولەی بەهائیدا کاتێك کە ناڕوونییەك هەبێت دەربارەی واتای یەکێك لە راگەیاندنەکانی حەزرەتی بەهائوڵا ئیتر هەمووان پەنا دەبەنە بەر روونکردنەوەکانی حەزرەتی عەبدولبەها و حەزرەتی رابەری فەرمانی یەزدان. خۆ ئەگەر ناڕوونییەك بمێنێت ئەوا دەتوانرێت پەنا ببرێتە بەر خانەی دادی مەزن بۆ روونکردنەوە. کەواتە هیچ بوارێك بۆ ناکۆکیی نەماوە سەبارەت بە واتای رێنمایییەکان و بەو جۆرە فەرمانی یەزدان بە یەکگرتوویی دەپارێزرێت.

سێیەم، حەزرەتی عەبدولبەها نموونەیەکی بالای رێنمایییەکانی باوکییەتی، هەرچەندە ئێمە بەهیوای ئەوەنین بگەینە پلەیەکی تەواوی لەو جۆرە، بەلام پێویستە هەمیشە ئەو نموونەیە وەبەرچاوبگرین و هەوڵبدەین رێگەی ئەو بگرین. بۆ نموونە کاتێك کە ئەو دەقە پیرۆزانەی تایبەت بە خۆشەویستی دەخوێنینەوە دەتوانین رووبکەینە حەزرەتی عەبدولبەها و کرۆکی خۆشەویستی و باشیی تێدابیینین. هەروەها کاتێك کە سەبارەت بە پوختی و دادپەروەریی و راستگۆیی و دڵخۆشی و بەخشندەیی دەخوێنینەوە، دەتوانین روو لەو بکەین و بیر لە ژیانی بکەینەوە، ئەوسا دەبینین کە چۆن ئەو گشت ئەو سیفەتە بەرزانەی تێدا کۆبونەتەوە.

بێگومان تایبەتمەندیی ژیانی حەزرەتی عەبدولبەها بریتییە لە بەندایەتییەکەی، ناوی "عەبدولبەها" واتای "خزمەتکاری بەها" دەگرێتەوە هەر ئەوەش ئەو نازناوە بوو کە خۆی لە هەموو نازناوێکی دیکەی پێباشتربوو. ئەم وشانەی حەزرەتی عەبدولبەها دەربڕینی پەرۆشییەتی بۆ خزمەتکردن:

"من ناوم عەبدولبەها یەو سیفەتیشم هەر عەبدولبەها یەو خودی ناخیشم هەر عەبدولبەها یەو راستییەکەشم عەبدولبەها یەو سوپاسیشم عەبدولبەها یە، بەندایەتیشم بۆ جوانیی پیرۆز چەپکە گوڵێکی مەزنمە (خزمەتکردنی من بۆ گشت توخمێکی مرۆیی ئایینی دێرینمە) ... بۆیە هەرگیزا و هەرگیز ناو و نازناوم نییە و ناشمبێت، هەروەها ناوبردن و سوپاسکردنم لەوە بەدەرنییە کە هەر عەبدولبەها بێت. ئەمە ئاواتی منە و ئامانج و هیوامە، ژیانی هەتا هەتایی و نەمریشم هەر لە ئەوەدایە".[11]

ئاشکرایە ئەوەی کە ئالیخاندرا پلانی بۆ دادەنێت، تاوەکو لەگەڵ خێزانی سانشیزدا لێی بدوێت لە سەردانی داهاتوویدا، لەوە بەدەر نییە کە پێشەکییەك بێت سەبارەت بە کەسێکی زۆر بێ وێنە. ئەو رێزەی کە ئەوان هەیانە بۆ ئەو پێگەیەی کە حەزرەتی عەبدولبەها لەو خولەی بەهاییدا بوویەتی بەردەوام دەبێت لە پەرەسەندندا لە چەند ساڵی داهاتوودا. لە ژیانی تۆشدا، کاتێك کە تۆ رێگای خزمەتکردن دەگریتەبەر گەلێك هەلت بۆ دەرەخسێت کە نموونەکانی ئەوت بەبیربێنەوە و بیریش لە وشەکانی بکەیتەوە. تۆ لە یەکەی رابوردوودا بە هەندێك لە راگەیاندنەکانی ئەو ئاشنا بویت و لەسەر ئەوەش هاندرایت کە فێربببیت بە شێوازەکەی ئەو، ئەو بیرۆکانە دەربڕیت کە لە خشتەکانی و لە وتارە گشتییەکانیدا پێشکەشکراون. ئێستا بۆ پەرەدان بە تێگەیشتن سەبارەت بە پێگەی ئەو، پێویستە راوێژ لەگەڵ گشت ئەندامانی گروپەکەتدا بکەیت سەبارەت بە ئەو خاڵە بنەڕەتییانەی کە لەلای سەرەوە ئاماژەیان پێدرا و لە هەمان کاتیشدا راهێنان بکەیت لەسەر ئەوەی کە وتەکانی ئەو بە شێوەیەکی باش و رەوان بڵێیت. تێڕامان و وردبوونەوە لە دەقە وەرگیراوەکان سروش بەتۆ بدەن بۆ ئەوەی کە لە هەوڵەکانتدا بەرەو پێش بڕۆیت لەڕێی خزمەتکردندا.

## بەشی هەشتەم

ئەو پرسیارەی کە هەر لە یەکەم سەردانییەوە بۆ لای رێزدار سانشیز و خاتوو سانشیز بە بیری ئالیخاندرادا هات بریتی بوو لە چۆنێتی بابەتەکانی وتووێژ کە زیاتر یارمەتییان دەدات بۆ ئەوەی ببن بە شوێنکەوتوویەکی نەگۆڕ و کارای پرۆسەی بنیاتنانی کۆمەڵگەی بەهایی لە گەڕەکەکەدا. لەلایەکەوە هەندێك بابەت هەن وەك نزا و مانەوەی رۆح و راستگۆبوون لە خۆشەویستی یەزداندا و تێڕامان لەو وتووێژانەی کە لەگەڵ ئەواندا دەکرێت، چونکە پێویستە بناغەکانی ژیانی رۆحییان بەردەوام پەرەپێبدرێت. لەلایەکی دیکەشەوە ئەوە کارێکی گرنگە بۆ ئەوان کە دیدێکی تایبەتییان هەبێت سەبارەت بە جۆری کۆمەڵگەی ناوخۆیی بەهایی کە بەرەبەرە گەشە دەکات، هەروەها دەبێت ئەوەش بزانن کە ئەوان دەتوانن بەشداریی گەلێك بەنرخ ئەنجامبدەن لە پێناو بەدیهێنانی ئەو ئامانجەدا. لە کاتی دواندنەکەیدا لەگەڵ رێزدار سانشیز و خاتو سانشیزدا سەبارەت بە پێگەی حەزرەتی عەبدولبەها ئالیخاندرا بەرەبەرە بە بابەتی سەردانی داهاتووی ئاشنا بوو، بۆیە بەم جۆرە بیری کردەوە:

"ئەوان زۆر بەڕوونی ئامانجی فەرمانی پیرۆز دەزانن کە ئەوەش بریتییە لە یەکگرتوویی خەڵك، ئەو بابەتەی کە دەشێت واپێویست بێت کە ئێستا دەریبخەین بریتییە لە چۆنییەتی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو، هەروەها پاراستنی". ئالیخاندرا سەردانی چوارەمی بە روونکردنەوەی ئەو چالاکییانە دەستپێکرد کە لە ئێستادا لەلایەن گروپێکی تارادەیەك بچووکی هاوڕێیانی گەڕەکەکەوە ئەنجامدەدرێن. هەروەها ئەمەش روونکردەوە: "کاتێك کە

ژمارەمان زۆردەبێت، ئەوسا بەرپرسیارێتییەکانیشمان گەورەتر دەبن کە پێویستە لەسەر هەموومان لێیان بەئاگابین، کە بریتییە لە ئەوەی زیاتر و زیاتر یەکگرتووبین لە وتەکانمان و بیرۆکەکانمان و کردارەکانماندا. ئەگەر ئێوە رەزامەندیی پیشانبدەن، ئەوا ئێمە ئەمرۆ دەتوانین پێکەوە بابەتی یەکگرتوویی روون و ئاشکرا بکەین".

خاتوو سانشیز بەم جۆرە وەڵام دەداتەوە: "من لە ئەوە تێدەگەم کە بابەتی یەکگرتوویی چەند گرنگە بۆ گەشەکردنی کۆمەڵگەی ناوخۆییمان".

رێزدار سانشیزیش ئەم وتانەی خستە پاڵی: "سەرەڕای گشت ئەوانە، نامەکەی حەزرەتی بەهائوڵڵا کە بانگەشە بۆ یەکگرتوویی دەکات یەکەم شتێك بوو کە دڵی ئێمەی بۆ لای رێنماییەکانی راکێشا".

ئالیخاندراش گوتی: "من ژمارەیەك بیرۆکەم هەڵبژاردووە، بۆ هەریەکەشیان دەقێکی وەرگیراوم دۆزیوەتەوە. خۆ ئەگەر ئێوە رەزامەندی بنوێن، ئەوا دەتوانین یەك لە دوای یەك ئەو دەقانە بخوێنینەوە و گفتوگۆیان لەسەر بکەین".

لای خوارەوە ئەو لیستەیە، کە بیرۆکەکانی ئالیخاندرا لەخۆدەگرێت:

- بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی بەهائیمان یەکگرتوو بێت و یەکگرتنێکی راستەقینە بەدەستبهێنێت، پێویستە لەسەر هەر یەکەمان خۆمان لە مشتومڕ و دووبەرەکی بەدوور بگرین. حەزرەتی بەهائوڵڵا دەفەرموێت:

"(هیچ کارێك لەم رۆژگارەدا لە گەندەڵی و مشتومڕ و دووبەرەکی و ساردوسڕیی نێوان خۆشەویستانی یەزدان خراپترنییە). بە پشتیوانی خودا و توانای ئەو، لەوە دووربکەونەوە و بە ناوی دانەری زانا و داناوە دڵتان ئالوودەی یەکتربکەن". [12]

- پێویستە لەسەرمان هەر تاکێك لە تاکەکانی ناو کۆمەڵگەی بەهاییمان خۆشبوێت، خۆشەویستییەك کە رەنگدانەوەی خۆشەویستیمانە بۆ یەزدان. حەزرەتی عەبدولبەها دەفەرموێت:

"تەواو یەکگرتووبن. هیچ کەسێك لە ئێوە هەرگیز لە کەسێکی دیکە تووڕە نەبێت ... لە پێناو یەزداندا هەموو زیندەوەرەکانتان خۆشبوێت، نەك لەبەر خۆتان. خۆ ئەگەر لەڕێی خودادا زیندەوەرەکانتان خۆشویست ئەوا تووڕەنابن و ئارامیش لەدەستنادەن. مرۆڤایەتی دۆخێکی تەواو نییە، چونکە هەر زیندەوەرێکی مرۆیی کەموکوڕییەکی تێدایە. خۆ ئەگەر هەر بەتەنیا تەماشای خەڵکەکان بکەن ئەوا هەمیشە دڵتەنگ دەبن، بەڵام ئەگەر روو لە خودا بکەن ئەوسا ئەوانیشتان خۆشدەوێت و بەزەیشتان پێیاندا دێتەوە، چونکە جیهانی تەواو جهانی یەزدان و بەزەیی تەواوە". [13]

- سەرەڕای ئەو خۆشەویستییەی کە بۆ یەکتر هەمانە، ئەگەر گرژییەك لە نێوانماندا روویدا پێویستە خێرا ئەم ئامۆژگارییەی حەزرەتی عەبدولبەهامان بەبیربێتەوە:

"من بە پێویستی دەزانم کە هەریەك لە ئێوە بیرۆکەکانی و هەستی ئاراستەی خۆشەویستی و یەکگرتوویی بکات. کاتێك بیری جەنگ بە مێشکتاندا دێت، پێویستە بەرگری لێبکەن لەڕێی بیرۆکەیەکی بەهێزترەوە کە ئەویش ئاشتییە. بیرۆکەی رك و کینە دەبێت لەڕێی بیرۆکەیەکی گەورەترەوە لەناو ببرێت کە خۆشەویستییە. چونکە بیرۆکەی جەنگ کۆڵەکەکانی خۆشەویستی و ئارامی و باشی و ئاسوودەیی دەشێوێنێت، بەڵام بیرۆکەکانی خۆشەویستی برایەتی و خۆشەویستی و بەختیاری و ئاشتی بنیاتدەنێن". [14]

- خۆ ئەگەر سۆز بەسەرماندا زاڵ بوو،سەرەڕای گشت هەوڵێك کە دەیدەین بۆ کۆنترۆڵ کردنی، یان بینیمان کەوا لەگەڵ خەڵکیدا ناکۆکین، ئەوسا پێویستە لەسەرمان ئەم وشانەی حەزرەتی بەهائوڵڵا وەبیر خۆمان بهێنینەوە:

"ئەگەر ساردییەك لە نێوانتاندا روویدا ئەوا رووتان پیشانی من بدەن و لەبەر من چاو لە ئەوە بپۆشن، هەروەها لەبەر خۆشەویستیی رووناکیی درەوشاوە". [١٥]

- خۆڕاگری رۆحی کە بریتییە لە چاوپۆشیکردن لە کەموکوڕی کەسانی دیکە و جەختکردنە لەسەر سیفەتە باشەکانیان و تەواو رێگرتنە لە پاشملە باسکردن، بریتین لەو کارانەی کە زۆرترین کاریگەرییان هەیە بۆ رێگرتن لە روودانی دووبەرەکی و لێکدابڕان. زاڵبوون بەسەر ئارەزووی لە پاشملە باسکردن ئاسانتردەبێت بۆمان کاتێك کە یەکترمان خۆشبوێت. پێویستە لەسەرمان ئەوەمان لەیادبێت کە دەبێت ئارەزووی چاوپۆشی لە کەموکووڕی ئەو کەسانە بکەین کە خۆشمان دەوێن، هەروەها ئەوەمان بەلاوە گران نەبێت کە بەچاوێکی دا پۆشەری کەموکووڕییەکانیان تەماشایان بکەین. حەزرەتی عەبدولبەها دەفەرموێت:

"ئەو چاوانەی کە کەموکووڕییان تێدایە کەموکووڕی دەبینن، بەڵام ئەو چاوانەی کە شتەکان دەپۆشن ئەوا تەماشای یەزدانی فەراهەمهێنەر دەکەن. چونکە ئەو فەراهەمی هێناون و پێیگەیاندوون و بژێوی بۆ دابینکردون و توانای ژیانی پێبەخشیون هەروەها چاو و گوێی پێداون، کەواتە ئەوان نیشانەی گەورەیی یەزدانن. پێویستە هەمووانتان خۆشبوێت و بەزەییتان پێیاندا بێتەوە، ئاگاداری هەژارین و لاواز بپارێزن و یارمەتی نەخۆش بدەن تاچاك ببێتەوە و نەزان فێربکەن و پەروەردەی بکەن". [١٦]

حەزرەتی بەهائوڵڵا بە ئەم جۆرە ها نمان دەدات:

"ئەی هاوڕێی تەختی پادشاییم، گوێ لە خراپە مەگرە و لێی مەڕوانە، دەروونی خۆت لاواز مەکە و خۆت بە گریانەوە خەریك مەکە. خراپەیەك مەڵێ کە دەیبیستیت، کەموکووڕییەکیش گەورە مەکە تاوەکو کەموکووڕییەکانی خۆشت گەورە نەکرێن، ئاواتەخوازی ئەوە مەبە کەسێك ریسوا ببێت تاوەکو ریسوایی خۆشت ئاشکرا نەبێت. رۆژانی تەمەنی خۆت بژی چونکە ساتێکی کورتە، دڵت خاوێن بکە و با بیرت پیرۆز و نیازت پاك بێت تاوەکو بەرەو بەهەشتی واتاکان برۆیت و لە ئەم جەستە لەناوچوە دابڕێیت و لە دنیای فراوانی هەمیشەییدا سەقامگیرببیت". [١٧]

هەروەها حەزرەتیان پێمان دەڵێت:

"ئەی کۆچبەرەکان، زمان بۆ سوپاسگوزاریی من دانراوە، لەبەر ئەوە بە باسکردنی پاشملە پیسی مەکەن. خۆ ئەگەر دەروونێکی ئاگرین بەسەرتاندا زاڵبوو ئەوسا باس لە کەموکووڕییەکانی خۆتان بکەن، نەك بە پاشملە باسی کەسانی دیکە بکەن، چونکە هەموو کەس خۆی باشتر لە گشت کەسانی دی دەناسێت". [١٨]

- یەکگرتوویی هەر بەتەنیا بریتیی نییە لە نەبوونی ناکۆکیی و ناتەبایی، هەروەها خۆشەویستی هەر بەتەنیا بە وشە دەرنابڕدرێت. ئێمە ناتوانین بڵێین کە یەکگرتوویی راستەقینە لە نێوا نماندا هەیە تا ئەو کاتەی کە دەتوانین خۆشەویستیمان بۆ یەکتر بکەین بە خزمەتکردنی کۆمەڵگەی ناوخۆیی بەهایی، چالاکییەکانیشمان بە گیانێکی یارمەتیی و هاوکاریکردنی یەکتر بەرێدەکەین. حەزرەتی عەبدولبەها بەم جۆرە داوای ئەوەمان لێدەکات:

"بۆ ساتە وەختێك مەژی و هەوڵی پشوویەکی کەمخایەن مەدە. بەڵکو بە دڵ و بە گیان هەوڵی ئەوە بدە کە خزمەتێکی پوخت پێشکەش بە یەکێك لە خۆشەویستان بکەیت،تا ببیتە هۆی خۆشی و شادی دڵێکی پڕ لە رووناکی.

ئەوە ئەو بەهرەیەیە کە ناوچەوانی عەبدولبەهای رووناك کردۆتەوە، کەواتە تۆش ببە بە هاوبەش و هاوکاری ئەو".[19]

هەروەها ئەمە رادەگەیەنێت:

**"هاوکاریی و پشت بە یەکتربەستن بەرزترین سیفەتێکە کە مرۆڤایەتی پێویستییەتی. چەندە پەیوەندییەکانی خۆشەویستی و تەبایی لە نێوان مرۆڤدا زۆرتر بێت، هێندە هێزی بنیاتنان و پێشکەوتن و کار ئەنجامدان لە گشت بوارەکانی چالاکیی مرۆییدا زۆرتر دەبن".[20]**

- یەکێك لە گرنگترین کلیلەکانی سەرکەوتنی کۆمەڵگەی بەهایی لە کارەکانیدا بریتییە لە راوێژکردنێکی دۆستانەی راشکاوانە لە گشت کاروبارەکاندا. لەرێی راوێژەوە گشت رێگا جۆراو جۆرەکان کە هەر یەکەمان دەیانبینین لە یەك پرسدا یەکدەگرنەوە و ئەو ئاراستەیە دەدۆزینەوە کە پێویستە لە کارە بە کۆمەڵەکانماندا بیگرینەبەر، هەروەها لەرێی راوێژەوە دەگەینە یەکگرتوویی بیروڕا. کاتێکیش کە بیروڕاو بۆچوونەکانمان یەکیان گرت ئەوسا پلانی کاریگەر دادەنێین بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگە بەهاییەکانمان.
  حەزرەتی عەبدولبەها سەبارەت بە ئەو کەسانەی کە راوێژ بە یەکتری دەکەن دەفەرموێت:

**"یەکەم ئەرکێکی سەپێندراو بۆ ئەوانەی کە خاوەنی راوێژن بریتییە لەوەی کە سیفەتی نیازپاکی و رووناکیی رۆحییان تیادابێت، هەروەها دابڕانیان لە گشت شتەکان تەنیا لە خودا نەبێت، چونکە پەیوەستبوون بە شنەی کارە یەزدانییەکانەوە و گوێڕایەڵی و ملکەچبوون لە نێوان خۆشەویستاندا، هەروەها ئارامی و خۆڕاگری لەبەردەم بەڵاداو پەرستنی دەروازەی پیرۆزی یەزدانی، چونکە ئەو کەسانەی کە ئەو تایبەتمەندییانەیان تێدابێت ئەوا جیهانی یەزدانیی شاردراوەی باڵا پارێزگاریان لێدەکات".[21]**

- یەکگرتوویی بیروڕا ئەگەر نەکرێت بە یەکگرتوویی کردار هیچی لێبەدینایەت. خۆ ئەگەر بە یەکگرتوویی کاربکەین ئەوە ئەو واتایە ناگەیەنێت کە دەبێت ئێمە هەموومان هەمان کار بکەین، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە کاری یەکگرتوودا بە باشترین شێوە سوود لە بەهرەی جۆراو جۆری هەر تاکەکەسێك وەردەگیرێت لە سنووری کۆمەڵگەی بەهایی ناوخۆییدا. بەوەش هێزەکانمان چەندین جار زۆرتر دەبن، تەنانەت ئەگەر ژمارەشمان هێشتا کەم بێت ئەوا هەر دەتوانین شتێکی وەها بەدیبهێنین کە گەورەترین و بەهێزترین رێکخراوەکانی جیهان نەتوانن بەجێیبهێنن. حەزرەتی عەبدولبەها دەفەرمووێت:

**"کاتێك کە دەروونە پیرۆزەکان، بە پشتیوانیی هێزی بێکۆتای یەزدانی، ئەو خەسڵەتە یەزدانیانە ئەنجامدەدەن و دەبنە پۆلێکی یەکگرتوو، ئەوسا توانای هەر کەسێکیان هێندەی توانای هەزار کەس دەبێت، هەروەها شەپۆلەکانی ئەم دەریا گەورەیە توانای چەندەها سەربازی فریشتەکانی ئاسمانیان هەیە".[22]**

دوای ئەوەی ئەو دەقە وەرگێراوانەی لای سەرەوەت خوێندەوە و لەگەڵ بەشدارانی گروپەکەتدا بەوردی گفتوگۆت سەبارەت بە خاڵ بە خاڵی ناوەڕۆکەکانی کرد، ئەوسا دەشێت ئارەزووی ئەوە بکەیت کە هەریەك لە ئێوە یارمەتیی ئەوی دیکە بدات بۆ راهێنان لەسەر پێشکەشکردنی بابەتەکە هەروەك ئەوەی کە لە سێ بابەتەکەی رابوردوودا ئەنجامتاندا. ئەم کۆمەڵە راهێنانەی لای خوارەوە تا رادەیەك یارمەتیت دەدەن لە هەوڵەکانتدا:

١. ئەم رستانەی لای خوارەوە تەواو بکە:

**أ. بێگومان ئەم کارەی ئەمڕۆ گەورەترە لە ______________ ناکۆکیی و مشتومڕ و ساردوسڕیی نێوان خۆشەویستانی یەزدان.**
**ب. بێگومان ئەم کارەی ئەمڕۆ گەورەترە لە گەندەڵیی و ______________ مشتومڕ و ساردوسڕیی نێوان خۆشەویستانی یەزدان.**
**ج. ______________ ی ئەم کارەی ئەمڕۆ لە گەندەڵیی و ناکۆکیی و مشتومڕ و ساردوسڕیی نێوان خۆشەویستانی یەزدان.**
**د. بێگومان ئەم کارەی ئەمڕۆ گەورەترە لە گەندەڵیی و ناکۆکیی و مشتومڕ و ______________ نێوان خۆشەویستانی یەزدان.**
**هـ. بێگومان ئەم کارەی ئەمڕۆ گەورەترە لە گەندەڵیی و ناکۆکیی و ______________ و ساردوسڕیی نێوان خۆشەویستانی یەزدان.**
**و. بێگومان ئەم کارەی ئەمڕۆ گەورەترە لە گەندەڵیی و ناکۆکییو ساردوسڕیی و ______________ نێوان خۆشەویستانی یەزدان.**
**ز. بێگومان ئەم ______________ ئەمڕۆ گەورەترە لە گەندەڵیی و ناکۆکیی مشتومڕ و سارد و سڕی نێوان خۆشەویستانی یەزدان.**

**٢. لە دەقە وەرگێراوەکەی دووەمدا حەزرەتی عەبدولبەها پێمان دەڵێت:**

**أ. پێویستە بە ئەو پەڕی ______________ یەوە بژین.**
**ب. پێویستە هەرگیز لە ______________ دیکە ______________ نەبین.**
**ج. پێویستە گشت کەسێکم خۆشبوێت لەبەر______________ نەك لەبەر خۆیان.**
**د. ______________ و ______________ نابین ئەگەر خەڵکیمان لەڕێی ______________ دا خۆشویست.**
**هـ. مرۆڤایەتیی ______________ نییە.**
**و. هەمیشە ______________ ئەگەر تەماشای ______________ بکەین.**
**ز. ئەگەر رووله ______________ بکەین، ئەوسا ______________ خەڵکی و ______________ یان دەبین.**

**٣. لە دەقە وەرگێراوی سێیەمدا حەزرەتی عەبدولبەها پێمان دەڵێت:**

**أ. پێویستە هەریەك لە ئێمە بیر و هەستی خۆی ئاراستەی ______________ و ______________ بکات.**
**ب. کاتێك کە بیرۆکەی جەنگ بەبیردا دێت پێویستە لەڕێی______________ یەوە بەرهەڵستی لێدەکەین.**
**ج. بیرۆکەی رك و کینە دەشێت رێی لێبگیرێت بەهۆی ______________دوە.**
**د. بیرۆکەی جەنگ پێگەکانی ______________ و______________ و ______________ و______________ و ______________ لەق دەکات.**
**هـ. بیرۆکەی خۆشەویستی ئەمانە بنیاتدەنێت: ______________ و ______________ و ______________ و ______________.**

٤. پێویستە لەسەر تۆ چی بکەیت کاتێك دەبینیت کە ناکۆکیی لە نێوان تۆ و چەند کەسێکی دیکەی کۆمەڵگەی ناوخۆیی بەهاییدا سەریهەڵداوە؟

________________________________________________

________________________________________________

________________________________________________

٥. باسی ئەو کۆنترۆڵ و خۆڕاگرتنە رۆحییە بکە کە یارمەتیت دەدات بۆ بەشداریکردن لە پێناو یەکگرتوویی لە کۆمەڵگەی ناوخۆیی بەهاییەکەتدا.

________________________________________________

________________________________________________

________________________________________________

________________________________________________

٦. کام لە ئەمانە یارمەتیدەرن بۆ بەدیهێنانی یەکگرتوویی؟:

______ لە کەموکووڕی کەسانی دیکە بڕوانین.

______ چاوپۆشی لە کەموکووڕی کەسانی دیکە بکەین.

______ لەبەردەم هاوڕێیەکدا تانە بدەیت لە کەموکووڕییەکانی کەسێکی دیکە.

______ زێدەڕەویکردن لە گێڕانەوەی روداوێکدا یان بیگۆڕیت، تاوەکو کەسێك بە خراپ پیشانبدەیت.

______ بیرکردنەوە لە کەموکوڕی کەسانی دی.

٧. بۆچی رەخنە لە هەندێك کەس دەگرین کاتێك کە هەڵەیەك دەکەن، بەڵام لەگەڵ هەندێك کەسانی دیکەدا ئەو رەخنەیە ناگرین کاتێك کە ئەوانیش هەمان هەڵە دەکەن؟ ________________________

________________________________________________

________________________________________________

________________________________________________

٨. ئایا دەشێت یەکگرتوویی بەدی بێت لە ژینگەیەکدا کە خەڵکی تیایدا لە پاشملە باسی یەکتر دەکەن؟ بۆچی ناشێت؟ ________________________________________

________________________________________________

________________________________________________

________________________________________________

٩. ئەوە ئاشکرایە کە درۆ هەڵبەستن بەدەم کەسێکەوە چەند کارێکی هەڵەیە، بەڵام ئایا ئەوە راستە کە لەبەردەم کەسانی دیکەدا رەخنە لە کەسێك بگرین لەمەڕ کارێك کە کردوویەتی؟ ________________________

________________________________________________

١٠. جیاوازی چییە لە نێوان پاشملە باسکردن و رەخنەگرتن لە کەسانی دی؟ ________________________

________________________________________________

________________________________________________

________________________________________________

١١. ئەو کاریگەرییانە چین کە پاشملە باسکردن و رەخنەی هەمیشەیی دەیکاتە سەر کۆمەڵگەی بەهایی؟

________________________________________________

________________________________________________

________________________________________________

١٢. چۆن دەتوانین لە ژیانی خۆماندا بەسەر ئەو خوە نالەبارانەدا زاڵببین؟ ________________________

___________________________________________

___________________________________________

___________________________________________

___________________________________________

١٣. چی ڕوودەدات ئەگەر ئێمە بەتەنیا باس لە خەڵکی بکەین بەو جۆرەی هەروەك ئەوەی كە خۆیان لەو کاتەدا لەگەڵماندا ئامادەبن؟ ________________________

___________________________________________

___________________________________________

___________________________________________

___________________________________________

١٤. ئەگەر لەبەردەم منداڵاندا پاشملە باس لە کەسانی دیکە بکەین، ئەوا چ کاریگەرییەك دەکاتە سەر ئەو منداڵانە؟ ________________________

___________________________________________

___________________________________________

___________________________________________

١٥. ئارەزووی لە پاشملە باسکردن لە چییەوە سەرهەڵدەدات؟ ________________________

___________________________________________

___________________________________________

١٦. حەزرەتی بەهائوڵڵا ھانمان دەدات و دەڵێت: "خۆ ئەگەر دەروونی ئاگرین بەسەرتاندا زاڵبوو، ________ نەك ________ چونكە دەزانم ________ لە ________".

١٧.خۆشەویستی هەر بە تەنیا بە وشە دەرنابڕدرێت، ئەی چی دیکە پێویستە؟ ________________________

___________________________________________

١٨. هێندەی كە پەیوەندی بە یەکگرتوویی و خۆشەویستییەوە هەیە، حەزرەتی عەبدولبەها داوامان لێدەکات کە: " بۆ ________ و ________ مەکە بۆ ساتەوەختێك. بەڵکو________ و ________ بە، چونکە پێشکەوتنی________ بۆ یەکێك لە خۆشەویستان و کە ________ دڵێکی پڕ لە ڕووناکی".

١٩. هەروەها دەفەرمووێت: "________ و ________ بەرزترین شتن کە مرۆڤایەتی پێویستی پێیانە. چەندە پەیوەندییەکانی ________ و ________ زۆرتربن لە نێوان مرۆڤدا، هێندە هێزی ________ و پێشکەوتن ________ لە گشت بوارەکانی چالاکیی مرۆییدا دێنەدی".

٢٠. گرنگترین کلیلی سەرکەوتنی کۆمەڵگەی بەهاییی لە کارەکانیدا چییە؟ ________________________

___________________________________________

٢١. حەزرەتی عەبدولبەها سەبارەت بە ئەو کەسانەی ڕاوێژدەکەن دەفەرمووێت، " یەکەم ئەرکێکی سەپێنراو بۆ ئەوانەی کە خاوەنی ڕاوێژن بریتییە لەوەی کە ________ و ________ ڕۆحییان تیادابێت، هەروەها ________ لە گشت شتەکان تەنیا لە خودا نەبێت، چونکە ________ بە شنەی کارە یەزدانییەکان و گوێڕایەڵی و ملکەچبوون لە نێوان خۆشەویستاندا هەروەها ئارامی خۆڕاگری بەردەم بەڵاو

پەرستنی دەروازەی پیرۆزی یەزدانی، چونکە ئەوانەی کە ئەو تایبەتمەندییانەیان تێدابێت، ئەوا جیهانی یەزدانیی شاردراوەی باڵا ________________".

٢٢. هەروەها سەبارەت بەهێزی کارکردن بە یەکگرتوویی، حەزرەتی عەبدولبەها دەفەرمووێت: "کاتێك کە دەروونە پیرۆزەکان بە پشتیوانی ______________ بێ کۆتا ئەو ________________ ئەنجامدەدەن و دەبنە پۆلێکی ______________، ئەوسا ______________ هەر کەسێکیان هێندەی توانای ______________ دەبێت، هەروەها شەپۆلەکانی ئەم دەریا گەورەیە توانای ________________".

## بەشی نۆیەم

لە کاتی چوارەم سەردانیدا بۆ لای رێزدا سانشیز و خاتوو سانشیز ئالیخاندرا دڵخۆشبوو بە بینینی پیاتریس کە کوڕەزایان بوو بۆ ئەوە هاتبوو کە لەلای ئەوان بژی و بتوانێت خوێندنەکەی لە خوێندنگەیەکی دواناوەندیی نزیکدا بەردەوامی پێبدات. پیاتریس ئارەزوویەکی زۆری هەبوو سەبارەت بە بابەتی یەکگرتوویی‌و یەکبوون و زۆر بە پەرۆشیشەوە بەشداری لە گفتوگۆکاندا دەکرد. کاتێك کە وتەکان بەرەو کۆتایی دەچوون خاتوو سانشیز هەندێك کێك و قاوەی بۆ هەموان هێنا، ئەوەش هەلێك بوو کە بۆ ئالیخاندرا رەخسا تاوەکو بتوانێت پیاتریس کەمێك باشتر بناسێت و رێکخستنکارییەك بکات بۆ ئەوەی کە بتوانێت رۆژی دواتر ببینێت بۆ دواندن سەبارەت بە ئەو هەوڵانەی کە دەدرێن بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەی بەهایی لە گەڕەکەکەدا ئالیخاندرا لە بیری خۆیدا گووتی. "دەشێت پیاتریس خوێندنی ئەو زنجیرە خولە سەرەکییانەی بەلاوە گرنگ بێت". هەروەها دیسان لە دڵی خۆیدا گووتی "من دەتوانم یارمەتیدەری بم لە خوێندنی ئەو چەند کتێبە کەمەی سەرەتا بەشێوەیەکی گونجاو. هەروەها دەشێت دوای ئەوە دەستبکات بە پۆلی منداڵان یان یارمەتیدانی من لەگەڵ گروپی لاوانی تازەپێگەیشتوودا کە لە گەڕەکەکەدا دروستدەکرێت. ئا لەو بارودۆخەدا ئەو دەتوانێت بەرەبەرە بەرپرسیارێتیی گەورەتر لە ئەستۆ بگرێت هێندەی کە پەیوەندیی بە گروپەکەوە هەیە، هەروەها ئەو بەرەوپێشتریش دەچێت بە ئاراستەی کتێبی پێنجەم کە ئامادە دەکرێت بۆ ئەوەی وەك هاندەرێك کەڵکی لێوەربگیرێت". ئالیخاندرا لە چەند چاوپێکەوتنێکی لاواندا ئامادەبوو کە تیایاندا ئەو جەختی لەسەر هەندێك بابەتی تایبەت دەکرد بۆ گفتوگۆکردن و ئەوەش دەبووە هۆی ئەوەی کە کەسانی زۆرتر لە پرۆسەی پەیمانگەکەدا بەشدارییکەن. بۆیە بڕیاردرا کە ئەو بەردەوامبێت لەسەر ئەو زنجیرە بیرۆکانە کاتێك کە بۆ رۆژی دواتر لەگەڵ پیاتریسدا گفتوگۆ دەکات. کە دەشێت گفتوگۆکە بەم جۆرە دەستپێبکات:

هەمووومان پێمان خۆشە کە ببینین جیهان دەبێتە شوێنێکی باشتر بۆ مرۆڤ، هەروەها بە ئاواتی داهاتوویەکەوەین کە تیایدا ئاشتیی جیهانی بەرقەراربێت و گشت مرۆڤایەتی بە تەبایی گونجاوی بژین. خۆ وەنەبێت داهاتوویەکی لەو جۆرە هەر تەنیا خەون بێت، بەڵکو دەتوانرێت بنیاتبنرێت کاتێك هەوڵی زۆرتر بدەین بۆ بەشداریکردن لە باشکردنی جیهاندا. لە ناخی دڵماندا هەمووومان ئارەزووی خزمەتکردنی کۆمەڵگەی ناوخۆیی بەهایی دەکەین، کەواتە ئەوەی کە پێویستمانە بریتییە لە گەشەپێدانی تواناکانمان بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە خزمەتێکی دڵسۆزانەن لە پێناو چاکەی گشتیدا.

دەتوانین بەو جۆرە بیر لە خزمەتکردنی مرۆڤایەتیی بکەینەوە و وەك رێگایەك وێنای بکەین کە بۆ خزمەتکردن گشتمان پێکەوە پیایدا تێدەپەڕین. ئەو رێگەیە بۆ هەموو کەس کراوەیە و هەریەك لە ئێمە خۆی بڕیار دەدات کە دەستبکات بە گرتنەبەری رێگەکە، تاوەکو تیایدا بەرەوپێش بچین بەپێی ئەو خێراییە تایبەتەی کە هەمانە. وەنەبێت ئێمە لە رۆیشتنماندا بە ئەو رێگەیەدا بەتەنیابین ، چونکە ئێمە شانبەشانی یەکتر لەگەڵ هاوڕێکانماندا

خزمەتدەکەین و پێکەوە فێردەبین و هاوڕێیەتی یەکتر دەکەین و هەر هەنگاوێکیش کە بەرەوپێش دەچین خۆشی و ئارامیمان پێدەبەخشێت و لە هەر ئەرکێکیشدا کە ئەنجامی دەدەین پشتیوانیی یەزدان بەدەستدەهێنین.

پیاتریس ئەو شتانەی پێخۆش بوو کە دەیبیستن و لەڕێی ئەو گفتوگۆ کورتە چڕەوە. بەر لەوەی زیاتر بەرەوپێش بچین با لێرەدا هەڵوەستەیەك بکەین و لە سروشتی ئەو کارلێکە وردببینەوە کە لە نێوان ئەو دوو هاوڕێ نوێیەدا دروستبوو، ئالیخاندرا بڕیاریدا کە گفتوگۆیەکی گرنگی ئامانجدار دەستپێبکات لەپێناو ئەوەدا کە بانگهێشتی پیاتریس بکات بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی پەیمانگەی کۆمەڵگەی بەهاییدا. ئەی بۆچی هەر بەتەنیا ئەوە بەس نەبوو کە سادە و ئاسان سەبارەت بە ئەو زنجیرە خولانەی کە پەیمانگەی کۆمەڵگەی بەهایی پێشکەشیان دەکات پیاتریس بدوێنێت و داوای بەشداریکردنیشی لێبکات؟

______________________________________________________________________________
______________________________________________________________________________
______________________________________________________________________________
______________________________________________________________________________
______________________________________________________________________________
______________________________________________________________________________
______________________________________________________________________________

## بەشی دەیەم

گفتوگۆی نێوان ئالیخاندرا و پیاتریس بۆ نزیکەی دوو سەعات بەردەوام بوو. لای خوارەوە هەندێك بیرۆکەی زیاتر هەن کە ئالیخاندرا لەگەڵ هاوڕێ نوێیەکەیدا باسی کرد. بێگومان ئێمە دەزانین کە ئەو بابەتێکی زۆر درێژ پێشکەش ناکات کە بەبێوەستان نەیبڕێتەوە. چونکە زۆربەی ئەو دوو سەعاتەی کە لە گفتوگۆکردنەکەدا تێدەپەڕێت سەبارەت بە ئەو بیرۆکانە دەبن کە ڕووندەکرێنەوە، هەروەك ئەوانەی کە لەم بڕگانەی خوارەوەدا ڕوونکراونەتەوە:

ئێمە لاوین و وزەمان هەیە و پەرۆشییەکی زۆریشمان هەیە. خەڵك پێیانوایە ئێمە گوێ بەهیچ نادەین، بەڵام بە پێچەوانەوە ئێمە گەلێك بایەخ دەدەین بە ئەو قەیرانەی کە مرۆڤایەتیی تێکەوتووە و دەمانەوێت ببینین کە لە کۆمەڵگەدا گۆڕانێکی ڕاستەقینە ڕوودەدات. هەروەها پێویستە لەسەرمان بیر لە ژیانی خۆشمان بکەینەوە، لە خوێندن و کارکردنمان لەناو هاوڕێ و خێزاندا. گشتساڵێکیش کە لە تەمەندا بەرەوپێش دەچین دەبینین بەرپرسیارێتیی زۆرترمان کەوتۆتە ئەستۆ، چونکە باوکان و دایکانمان پێشبینی زۆرشتمان لێدەکەن. هەندێکجار کاتێك کە بیر لە ئەو گشت بەرپرسیارێتییانە دەکەمەوە هەست بە ئەرکگرانی دەکەم. بەڵام کاتێك ئەو دەقە پیرۆزەی بەهایی، کە پێشتر لەبەرم کردووە، دەکەوێتەوە بیرم کە دەڵێت: "ژیانی مرۆڤ وەرزی بەهاری هەیە کە جوان و دڵگیرە. قۆناغی لاوێتیش هێز و چالاکیی لەخۆدەگرێت و ئەو ڕۆژانەی قۆناغەکە باشترین کاتەکانی ژیانی مرۆڤن".

ئەوەی کە من دەمەوێت بەتۆی ڕابگەیەنم ئەوەیە کە گەلێك لاو لە جیهاندا هەن کە سەر بە کۆمەڵگە ناوخۆییە بەهاییەکانن و هاوشێوەی کۆمەڵگەی بەهایی خۆمانن. ئەوان هەستیان بە ئەوە کردووە کە دەتوانن وزەی خۆیان بۆ ئامانجێکی دوو لایەنە تەرخانبکەن کە ئەوانیش بریتین لە: لەئەستۆگرتنی گەشەپێدانی بیری و ڕۆحی و بەشداریکردن لە گۆڕینی کۆمەڵگەدا. ئەو دوو لایەنەی ئامانجەکەمان بەستراون بە یەکەوە چونکە کاتێك کە تواناکانمان گەشەپێدەدەین ئەوا دەتوانین بە شێوەیەکی باشتر خزمەتی کەسانی دیکە بکەین، لە هەمان کاتدا لە کاتی یارمەتیدانی یەکتریشدا ئێمە وەك تاکەکەس گەشەدەکەین و ئەو سیفەتانە بەهێزدەکەین کە تیاماندایە.

ئا لێرەدا بیرۆکەی ڕێگای خزمەتکردن دێتە پێشەوە کە پێشتر من ئاماژەم پێدا. ڕۆیشتن بە ئەو ڕێگای خزمەتەدا هەر بە تەنیا شتێك نییە کە ئێمە بیخەینە سەر ژیانی خۆمان، بەڵکو لە هەمان کاتدا واتایەکیش دەبەخشێت بە گشت ئەو شتانەی کە ئەنجامیان دەدەین. خزمەتکردنی کۆمەڵگەی بەهایی یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی لە ئامانجی فێرکاریمان باشتر تێبگەین، هەروەها یارمەتیشمان دەدات بۆ ئەوەی بیرەکانمان سەبارەت بە داهاتوو ڕوونتربن و ئەو سیفەتانەشمان گەشەپێبدات کە پێویستمانن بۆ ئاسوودەیی خێزانەکانمان. گرتنەبەری ئەو ڕێگەیە هاوڕێیەتیمان فراوانتر دەکات و ناشهێڵێت وزەکانمان بەخۆڕایی بە فیڕۆ بچن بۆ کاری بێکەڵك.

کاتێك کە بیر لە گەشەکردنی بیری و ڕۆحی خۆمان دەکەینەوە پێویستە ئاگاداری ئەو گشت هێزانەبین کە کاریگەرییان لەسەرمان هەیە. چونکە هەندێکیان وەك هێزی زانست و دادپەروەریی و خۆشەویستی، پاڵمان پێوە دەنێن بەرەو ئاراستەیەکی ڕاست و دروست و پێویستە لەسەرمان فێرببین خۆمان چۆن لەتەکیاندا رابهێنین. هەندێکی دیکەشیان، وەك هێزی ماددی و چەقبەستن بە دەوری خوددا، کاریگەریی پێچەوانەیان لەسەرمان هەیە و دەبێت ڕووبەڕوویان ببینەوە. پێویستە لەسەرمان ئەوپەڕی هەوڵبدەین بۆ بەدیهێنانی نایابترین دۆخ و بڕوامان بە ئەوە هەبێت کە پشتگیریی یەزدانی ئەو ئەرکانەمان پیرۆزدەکات. کاتێك کە بیر لە بەشداریمان دەکەینەوە لە ئەنجامدانی گۆڕانی کۆمەڵگەدا، واتە گۆڕینی ئەو جیهانەی کە پڕە لە توندو تیژی و هەژاری و ئازارچەشتن بۆ جیهانێك کە پڕە لە ئاشتیی و گەشەکردن و تەبایی، هەروەها بەوەبەرچاوگرتنی پێشکەوتنی ماددی و ڕۆحانیش. بێگومان هەرگیز پێشکەوتنی ماددی بۆ تێکڕای خەڵکی بەدینایەت، ئەگەر پێشکەوتنێکی ڕۆحی بەدینەهێنین. خۆ ئەگەر تەنانەت ئەو دوو جۆرە پێشکەوتنە شانبەشانی یەکتر نەڕۆیشتن ئەوا چاکسازیی جیهان بەدینایەت. دەقە وەرگێڕاوێکی دیکە هەیە کە من لەبەرم کردووە ئەویش بریتییە لە: "شارستانێتیی ماددی وەك چرایەك وایە، شارستانێتیی ڕۆحانیش ڕووناکیی ئەو چرایەیە. خۆئەگەر ئەو دوو شارستانێتییە، واتە ماددی و ڕۆحی، پێکەوە کۆبونەوە ئەوسا ئێمە هەم چرامان دەبێت هەم ڕووناکی، بە ئەوەش دەبینە خاوەنی دۆخێکی تەواو".

کاتێك کە بەڕێی خزمەتگوزاریدا دەڕۆین، فێری کارکردن دەبین لەگەڵ چەند گروپێکی جیاوازی تاکەکەساندا، بەتایبەتی منداڵان و لاوانی تازەپێگەیشتوو، کە یارمەتییان دەدەین بۆ ئەوەی زانیاریی و لێهاتوویی و سیفەتە ڕۆحییەکان بەدەستبهێنن. هەروەها فێردەبین کە بایەخێکی تایبەت بدەین بە یەکگرتوویی کۆمەڵگە ناوخۆییە بەهاییەکانمان. پێویستە لەسەر تاکەکەسان و خێزانەکان و ئەو ڕێکخراوانەش کە ئارەزووی بەشداریکردن دەکەن لە پێشخستنی کۆمەڵگەی بەهاییدا هاوکاریی یەکتربکەن، هەروەها پێویستە دیدێك و ئامانجێکی هاوبەش لەخۆبگرن و ڕێگای ململانێ و دووبەرەکی وەلابنێن.

کەواتە گەلێك گرنگە کە خووی کارلێکێکی هەمئاهەنگ لەگەڵ کەسانی دیکەدا گەشەپێبدەین. ئێمە پێویستمان بە ئەوەیە کە ببین بە هاوڕێ واتە: لەگەڵ یەکتردا خەریکی ئەو کارەبین کە ئەنجامدەدرێت و بەشداریی یەکترمان بەلاوە پەسەندبێت و هەریەکەمان هاندەر و پشتگیریی ئەوی دیکەبین و خاڵی بەهێزی یەکتر بزانین و هەریەك لە ئێمە بە شوێن ئامۆژگاریی بەکەڵکدا بگەڕێین تاوەکو پێشکەش بە کەسانی دیکەی بکەین و بە ئەو کارانەش دڵخۆش بین کە پێکەوە ئەنجامیاندەدەین. هەروەها بە ڕۆیشتنمان بە ڕێی خزمەتگوزاریدا پێویستە لەسەرمان کاربکەین و پێداچوونەوەی بۆ بکەین و کردارەکانمان هەڵسەنگێنین و پێکیشەوە ڕاوێژکاری و توێژینەوەیان لەسەر بکەین.

بە درێژایی ئەو چەند دەیینە ساڵەی ڕابوردوو کۆمەڵگەی بەهایی سەرکەوتووبووە لە دامەزراندنی جۆرێکی زۆر تایبەت لە دامودەزگای فێرکردن لە هەر وڵاتێك لە وڵاتەکانی جیهاندا. ئەو چەندین پەیمانگەیانە، هەروەك ئاماژەیان پێدەدەین، ئەو خولانە پێشکەش دەکەن کە تواناکانمان پەرەپێدەدەن لە بواری خزمەتکردنی کۆمەڵگەی

ناوخۆیی بەهاییدا. لەڕێی بەشداریکردن لەو خولانەدا دیدی رۆحی و توانای پراکتیکی پێویست بەدەستدەهێنین تاوەکو بتوانین لە ریگەی خزمەتگوزاریدا پێکەوە بەرەوپێش بچین. لەگەڵ پێشکەوتنماندا لەڕێی ئەو خولانەوە توانامان گەشە دەکات لە بواری کارکردندا بۆ ئەو خزمەتگوزارییانەی کە زیاتر ئاڵۆزن. بە بەردەوامی ئێمە کەسانی ئەوتۆمان لە تەکدایە کە ئەزموونیان لە ئێمە زۆرترە. بە تێپەڕبوونی کاتیش، ئێمە بە شێوەیەکی ئاسایی دەشێت بگەین بە هەندێك هاوڕێ کە ئەزموونیان کەمترە. هەر لە سەرەتاوە ئێمە گشتمان شوێنکەوتووی گۆڕانی تاکەکەس و کۆمەڵگەین و بە پەرۆش و ئارەزوویەکی زۆرەوە بەرپرسیارێتیی فێربوونمان لە ئەستۆدەگرین و خزمەت بە کۆمەڵ گەی ناوخۆیی بەهایی دەکەین.

"کە ببین بە پشتگیر" واتای ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە دەبێت ویستمان هەبێت بۆ کارکردن بە شێوەیەکی پلان بۆداڕێژراو و بەردەوامیش بین لە هەوڵەکانماندا زانیاری بەدەستبهێنین تا لە گشت هەنگاوێکی کارکردنماندا پراکتیزەیان بکەین. پشتگیر هەر بەتەنیا کەسێك نییە کە بە شێوەیەکی نەرێی سوودەکان وەربگرێت، بەڵکو ئەو بەشدارێکی کارایە لە پێشکەوتندا. بۆ ئەوەی مرۆڤ ببێت بە پشتگیر، پێویستە فێری ئەوە ببێت کە ئەو دەستپێشخەریانە بکات کە دروستکەر و ڕێکوپێك بێت. خولەکانی پەیمانگە یارمەتیدەرمانە لە پەرەپێدانی تواناکانمان بۆ ئەوەی ببین بە پشتگیر لە پرۆسەی بنیاتنانی کۆمەڵگەی بەهاییدا.

پێویستە بۆ ماوەیەك هەڵوەستەیەك بکەین بۆ تێڕوانین لە ئەو بیرۆکانەی کە لە بڕگەکانی لای سەرەوەدا هاتوون. هەروەك لە سەرەتای ئەم بەشەشدا باسی لێکرا ئالیخاندرا هەروا سووك و سادە ئەو بیرۆکانەی یەك بەدوای یەکدا پێشکەش نەکرد، بەڵکو ئەو دڵنیادەبوو لە ئەوەی کە پیاتریس هەلێکی باشی لەبەردەمدا هەیە بۆ ئەوەی بیریان لێبکاتەوە و بشتوانێت بەشدارییکات لە گفتوگۆکردندا لەسەر گشت بڕگەیەك کە لە گروپەکەدا باسدەکرێت و فێری ئەوەش دەبێت کە بتوانێت بە باشی بیرۆکەکان دەرببڕێت، واتە ئاخۆ ئەو دواندنە هێندە گەشەیکردووە کە ئالیخاندرا هەست بە متمانەبەخۆبوون بکات بۆ ئەوەی چەند وشەیەك بڵێت سەبارەت بە خولەکانی پەیمانگەی رۆحی. بۆیە داوای لە پیاتریس کرد کە توێژینەوە بۆ کتێبی یەکەم بکات. ئایا تۆ دەتوانیت لە ئەو بۆشاییەی لای خوارەوەدا ئەوە بنووسیت کە دەبێت بیڵێیت ئەگەر تۆ لە شوێنی ئەو بویتایە؟ تۆ چۆن پێناسی کتێبی یەکەم و دووەم دەکەیت، هەروەها ئەو کارە خزمەتگوزارییانەی کە ئەوان بانگەشەی بۆ دەکەن؟ ئاماژەیەکی کورت بە ئەو کارە خزمەتگوزارییانە بدە کە کتێبەکانی داهاتوو باسیان لێدەکات بەتایبەتی لە فێرکردنی پۆلەکانی پەروەردەی رۆحیی منداڵاندا و ئاراستەکردنی گروپی لاوانی تازەپێگەیشتوو تاوەکو ببن بە بزوێنەر بۆیان. بێگومان تۆ یارمەتیی پیاتریس دەدەیت بۆ بەدەستهێنانی دیدێك سەبارەت بە جۆرێك لە خزمەت کە دەتوانێت لە داهاتوودا پێشکەشی بکات. دەشێت رابەری گروپەکەت یارمەتیدەرت بێت لە نووسینی هەندێك رستەدا سەبارەت بە ئەو دوو کارە خزمەتگوزارییە کە هاوشێوەی ئەوەن ئالیخاندرا ئەنجامیدا کاتێك کە داوای لە پیاتریس کرد توێژینەوە بۆ کتێبی یەکەم بکات.

## بەشی یانزدەیەم

دوو هەفتە تێپەڕی بەر لە ئەوەی ئالیخاندرا سەردانی داهاتووی بۆ ماڵی خێزانی سانشیز ئەنجامبدات. لەو ماوەیەدا پیاتریس توانی بەشداری لە شالاوێکی چڕدا بکات و دوو یەکەی کتێبی یەکەمیش تەواو بکات. ئەو ئێستا لەگەڵ گروپێکی پێنج کەسی هاوڕێکانیدا یەکەی سێیەم دەخوێنێتەوە و بۆ ئەو مەبەستەش هەفتانە دوو جار لە گەڕەکەکەدا کۆدەبنەوە. ئالیخاندرا پێیوایە ئەوە کارێکی گونجاوە کە لەگەڵ خێزانی سانشیزدا سەبارەت بە بابەتی نزا گفتوگۆ بکات، بۆیە لە پیاتریس دەپرسێت ئاخۆ ئەو ئارەزووی یارمەتیدانی ئەمی هەیە بۆ ئەو مەبەستە.

تۆ وادابنێ کە یەکەی دووەمی کتێبی یەکەمت خوێندۆتەوە، بۆیە پێویست ناکات ئەو ناوەڕۆکە کورت بکەینەوە کە ئالیخاندرا و پیاتریس لە کاتی سەردانەکەدا مامەڵەیان لەتەکداکردووە. لە پاش پێداچوونەوەی ئەو یەکەیە تۆ دەتوانیت ئەو خاڵە سەرەکییانە دەستنیشانبکەیت کە هەوڵدەدەیت لە گفتوگۆدا سەبارەت بە ئەو بابەتە باسی لێبکەیت. دەتوانیت بیرۆکەکان لە ئەو بۆشاییانەی خوارەوەدا بنووسیت.

## بەشی دوانزدەهەم

سەردانەکانی ئالیخاندرا بۆ لای خێزانی سانشیز بۆ ماوەی چەند هەفتەیەکی دواتریش بەردەوامبوو. لەو سەردانانەدا هەلی گفتوگۆکردن سەبارەت بە گەلێك بابەت دەرەخسا بەتایبەتی گرنگیی نزاو نوێژکردن، وەك ژیانی رۆحی و گەشە پێدانی سیفەتە رۆحانییەکان و گوێڕایەڵ بوون بۆ سنوورەکان و یاسا یەزدانییەکان و بەردەوامبوون و راستگۆیی لە خۆشەویستیی ئەو کارانەدا. لە یەکێك لە بۆنەکاندا ئەو کەمێك باسی لە دامودەزگاکانی سیستمی بەڕێوەبردن کرد بەتایبەتی باسکردنی کۆمەڵگە رۆحییە ناوخۆیی و نێوەندییەکان. پێویست ناکات ئێمە لە ئەو ناوەڕۆکە وردبیینەوە کە لە هەریەك لەو سەردانە یەك بەدوای یەکانەدا باسی لێکراوە. لەگەڵ ئەوەشدا گەلێکجار دوو مەسەلە لە نێوان بەشدارەکاندا سەرهەڵدەدەن لەدووتوێی ئەو زنجیرە گفتوگۆیانەوە کە ئێمە وێنایان دەکەین. یەکەمیان پەیوەندیی بە سروشت و تایبەتمەندیی ئەو کۆبونەوانەوە هەیە کە کۆمەڵگەی بەهایی ئەنجامیاندەدەن، دووەمیشیان پەیوەندیی بە داهاتە داراییەکانەوە هەیە. لەم بەشەدا بە شێوەیەکی دیاریکراو باس لە "میوانداریی نۆزدەیی" دەکەین و لە بەشی داهاتووشدا لە مەسەلەی کاروباری دارایی وردەبینەوە.

کەواتە دەتوانیت ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەیت بە بناغەی گفتوگۆیەك سەبارەت بە بابەتی میوانداریی نۆزدەیی:

- لە کۆمەڵگەی بەهاییدا بۆ گەلێك مەبەست کۆبونەوە ئەنجامدەدرێت وەك نزاو خوێندن و ئاهەنگ گێڕان بە بۆنە تایبەتەکانەوە، هەروەها راوێژکردن سەبارەت بە کاروباری کۆمەڵگەی بەهایی و خزمەتکردنی کۆمەڵگە بە گشتیی و گفتوگۆکردن لەسەر پلانەکانی کارکردن. حەزرەتی بەهائوڵا ئەم بەڵێنەمان پێدەدات:

"سوێندبێت ئەوە بەڵێنی منە، هەرماڵێك کە پیاوچاکانی خودا رووی تێدەکەن و ناوی خودای تێدادەهێنن سوپاس گوزاریی بۆ دەردەبڕن، ئەوسا گشت فریشتەکان و رۆحی دڵسۆزان بە چواردەوری ئەو ماڵەدا دێن و دەچن".[٢٣]

- گوێگرتن لە وشە یەزدانییەکان لە کاتی ئەو کۆبوونەوەنادا کە لە نێوان خۆشەویستاندا ئەنجامدەدرێن خۆشی و شادی دەخاتە دڵەکانەوە و پەیوەندیی و یەکگرتوویی بەهێزدەکەن. حەزرەتی بەهائوڵا بەم جۆرە ئامۆژگاریمان دەکات:

"پێویستە لەسەر گشت پیاوچاکان لە گشت شوێنێك، کەلە کۆمەڵگە و کۆڕی بەهاییەکان کۆببنەوە وتەی داناکانە و روون بدەن بە گوێی ئامادەبووانداو ئایەتە یەزدانییەکان بخوێننەوە. چونکە ئەو ئایەتانە ئاگری خۆشەویستی دادەگیرسێنین و خۆشیدەکەن".[٢٤]

هەروەها حەزرەتی عەبدولبەها نووسیویەتی:

"کۆڕەکان ببەستن و رێنماییە ئاسمانییەکان بخوێننەوەو بە دەنگەوە بیڵێنەوە، ئەوسا دەشێت ئەو ناوچەیە بەڕووناکیی راستەقینە رۆشنببێتەوە و ئەو زەوییەش ببێتە بەهەشتێکی خۆش لەڕێی یارمەتیی رۆحی پیرۆزەوە، چونکە لە ئەم سەردەمەدا سەدەی یەزدانی شکۆمەند و ئاوازی یەکبوونی جیهانی مرۆیی دەگاتە گوێی خەڵکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا". [٢٥]

- لەنێو گشت کۆبونەوەکانی بەهاییەکاندا میوانداریی نۆزدەیی شایەنی باسکردنێکی تایبەتییە. رۆژژمێری بەهایی لە نۆزدە مانگ پێکدێت و هەر مانگێکیش بریتییە لە نۆزدە رۆژ، بەهاییەکان لە گشت ناوچەیەکدا مانگی جارێك کۆدەبنەوە بۆ ئامادەبوون لە ئەو میوانداریەیەدا بە ئەو جۆرەی کە حەزرەتی بەهائوڵا فەرمانی داوە:

**"میواندارتان لەسەر دانراوە کە لە هەر مانگێکدا یەك جار ئەنجامبدرێت، تەنانەت ئەگەر تەنیا هەر بۆ ئاو خواردنەوەش بێت، خودا دەیەوێت دڵەکان ئالوودەی یەکتر بکات لەڕێی هێزی ئاسمانی و زەمینییەوە".[٢٦]**

- **میوانداریی نۆزدەیی لە سێ بەش پێکدێت، یەکەمیان بەشی ڕۆحییە کە تیایدا نزاو پاڕانەوە دەکرێت و چەند برگەیەك لە کتێبە پیرۆزەکان دەخوێندرێتەوە. بەشی دووەمیش بریتییە لە بەشی بەڕێوەبردن کە تیایدا راوێژکاریی دەکرێت سەبارەت بە کاروباری کۆمەڵگەی بەهایی، سێیەمیش بەشی کۆمەڵایەتییە.**
- **دەتوانین بەختەوەربین بە کورتە باسێك سەبارەت بە گرنگیی بەشی ڕۆحی لە میوانداریی نۆزدەییدا، ئەوەش لە نێو ئەم وتانەی حەزرەتی عەبدولبەهادا:**

**"ئەی بەندە راستگۆکانی جوانیی دێرین، لە هەموو قۆناغ و سەردەمێکدا میوانداریی شتێکی باش و بە دڵی خەڵکی بووە. خوان ڕێکخستن بۆ خۆشەویستانی یەزدان هەمیشەکارێکی شایستە بووە و جێی سوپاسگوزاریی بوە، بەتایبەتی لە ئەم خولە گەورەیە و ئەم قۆناغە پڕلە بەخشندەییەدا کە تا ئەوپەڕی دەبێتە مایەی سوپاسگوزاری، لەراستیدا کۆڕەکانی میوانداری بە کۆڕی ناوهێنانی یەزدان و پەرستنێکی ڕەوا دادەنرێن، چونکە تیایدا ئایەتە یەزدانییەکان دەوترێنەوە و چامە و پیاهەڵدانە یەزدانییەکان دەخوێندرێنەوە و تا ئەوپەڕی دەروون و دڵەکان بەرەو لای خۆیان رادەکێشن".[٢٧]**

- **لە بەشی بەڕێوەبردندا، تایبەت بە میوانداریی نۆزدەیی، ئەو خۆشەویستانەی کە کۆبونەتەوە گوێ لە ئەو راپۆرتانە دەگرن کە سەبارەت بە چالاکییەکانیی کۆمەڵگەی بەهایین، چ هی شوێنە نزیکەکان بن یان دوورەکان، هەروەها لەناو کۆمەڵگە بەهاییەکانیشیاندا راوێژکاری دەکەن سەبارەت بە کاروباری فەرمانی یەزدانی و سەبارەت بە ئەو بەشدارییانەش کە دەیکەن بۆ خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە و بە ئەو ڕێنمایی و ئامۆژگارییانەش ئاشنا دەبن کە لە خانەی دادی مەزنەوە پێیان دەگات و پێداچوونەوە بۆ بەرەو پێشچوونی پلانەکانیان دەکەن و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکەن و پێشنیاریش بەرز دەکەنەوە بۆ دامودەزگاکانی تایبەت بە فەرمانی یەزدانی. راوێژکاریی لە کاتی میوانداریی نۆزدەییدا گەلێك گرنگە چونکە هۆکارێکە و لەڕێی ئەوەوە هەر تاکەکەسێك دەتوانێت بەشدارو ئاگاداربێت لە کاروباری کۆمەڵگەی بەهاییدا لە سەرتاسەری جیهاندا.**
- **بەڵام هێندەی کە پەیوەندیی بە بەشی کۆمەڵایەتیی ئەو میوانداریی‌یەوە هەیە، بریتییە لە ماوەیەك بۆ ڕێکخستن و گونجاندن و ئالوودەکردنی دڵەکان بە یەکترەوە. هەروەها دەتوانرێت لە ئەو بۆنەیەدا میوزیك لێبدرێت یان ئەو وتارانە پێشکەشبکرێن کە دەبنە مایەی بەرزکردنەوەی ڕۆح، هەروەها منداڵان دەتوانن هەندێك چالاکیی تێدا پێشکەشبکەن. بە کورتی دەتوانرێت سوود لە شێوەکانی دەربڕینی رۆشنبیریی ببینرێت کە بەباشی هەڵبژێردرابن و ئەوانەبن کە سەنگینی و لە هەمان کاتدا خۆشیشیان تێدایە بۆ ئەوەی ئەو بەشەی میوانداریی‌یەکە زیاتر گەشە بکات.**
- **میوانداریی نۆزدەیی تایبەتمەندییەکی بێ وێنەیە لە سیستمی بەڕێوەبردنی فەرمانی یەزدانیدا. ئەو میوانداریی‌یە لایەنە ڕۆحی و کارگێڕیی و کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی کۆمەڵگەی بەهایی پێکەوە دەبەستێتەوە، پێویستە بایەخدان بە هەریەکێك لە ئەو لایەنانە بە ئاستێکی یەکسان بێت، چونکە سەرکەوتنی میوانداریی نۆزدەیی بەندە بە هاوسەنگییەکی راست و دروستی نێوان هەر سێ بەشەکە. لە نامەیەکدا کە لە مانگی ئابی ١٩٨٩ دا نووسراوە، خانەی دادی مەزن بەم جۆرە باس لە ئەو میوانداریی‌یە دەکات:**

"سیستمه جیهانییەکانی حەزرەتی بەهائوڵا، گشت توخمەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی لە ئامێز دەگرێت و پرۆسەکانی ژیانی رۆحی و کارگێڕیی و کۆمەڵایەتیی پێکەوە گرێدەدات و رێنماییدەدات بە شێوازەکانی دەربڕینی مرۆییەوە بە گشت رەنگە جۆراو جۆرەکانییەوە بۆ بنیاتنانی شارستانێتییەکی نوێ. میوانداریی نۆزدەیی گشت ئەو لایەنانە لەخۆدەگرێت لەسەر ئاستی بناغەی کۆمەڵگە، چونکە کاتێك کە لە گوندێك یا شارۆچکەیەك یان شارێك کاردەکات بە دامودەزگایەك دادەنرێت کە گشت کەسانی بەهایی تێیدا ئەندامن. ئامانجی ئەو میواندارییە بریتییە لە پەرەپێدانی یەکێتیی و یەکگرتوویی و بەدیهێنانی پێشکەوتن و گەشەکردن و بەدیهێنانی خۆشی و شادی". [٢٨]

- رووداوێکی گرنگی وەك میوانداریی نۆزدەیی ناشێت بە پەلەپروسکێ ئامادەبکرێت چونکە پێویستە هەریەك لە ئەندامەکانی لەرووی رۆحییەوە خۆی ئامادەبکات بۆ بەشداریی ئەو میوانداریییە لەڕووی نزاو تێڕوانینەوە. هەروەها لە کاتی خودی ئەو بۆنەیەدا، پێویستە لەسەر هەر تاکەکەسێك کە بەدڵ و هۆش و بیریەوە بەشداری تێدابکات، جا ئەوە بۆ نموونە تەنیا گوێگرتن بێت لە ئەو دەقانەی کە دەوترێنەوە یان خۆی بەشێکی لێدەخوێنێتەوە، یاخود راپۆرتێك پێشکەش دەکات یان رێنمایی وەردەگرێت یان پێشنیار دەکات. ئیتر جیاوازی نییە کە ئەو کەسە خانەخوێ بێت یان میوان، چونکە تێکڕا هەموان بەخۆشی و شادییەوە چێژ لە ئەو میوانداریییە دەبینن. لە هەمان ئەو نامەیەی خانەی دادی مەزندا سەبارەت بە میوانداریی نۆزدەیی ئەم روونکردنەوەیە دەبینرێت:

"لایەنە گرنگەکانی ئامادەکاری بۆ میوانداریی نۆزدەیی بریتین لە هەڵبژاردنی بابەتی خوێندنەوەی گونجاو و پێشکات دیاریکردنی ئەو خوێنەرانەی کە باشن و رەچاوکردنی رەفتاری جوان و نەریت لە پێشکەشکردنی بەشی رۆحیدا و گوێگرتن بۆ خوێندنەوەکان. هەروەها بایەخدان بە شوێنی ئەنجامدانی میوانداریییەکە، جا ئەوە لەناو خانوودا بێت یان لە دەرەوە کاریگەرییەکی گەورەی هەییە، بۆ نموونە خاوێنی شوێنەکە و ئامادەکردنی بە شێوەیەکی پراکتیکی و بەجوانی رازاندنەوەی کاروبارێکن کە رۆڵێکی گرنگیان هەیە. هەروەها پابەندبوون بە کاتەوە بە پێوەرێك دادەنرێت بۆ بڕیاردان لە ئەوەی کە میوانداریییەکە بە باشی ئامادەکراوە.

سەرکەوتنی میوانداریی نۆزدەیی تا رادەیەکی زۆر بەندە بە باش ئامادەکردنی و شێوازی بەشداریکردنی تاکەکەسەکان. گەورەی خۆشەویستمان حەزرەتی عەبدولبەها ئەم ئامۆژگارییەمان پێدەدات: گرنگییەکی زۆر بدەن بە کۆڕەکانی میوانداریی نۆزدەیی، تاوەکو خۆشەویستانی یەزدان و پێشەوایانی خودا لەو بۆنانەدا بەرەو جیهانی فراوانی رۆحی بڕۆن و نزاکان بڵێنەوە و داوای پشتیوانی لە خودا بکەن و بە خۆشەویستی یەکتریش دڵشادبن و لە دڵپاکی و پیرۆزی و لەخوا ترسی و دوورکەوتنەوە لە ئارەزووە خراپەکان بەرەوپێش بڕۆن. بەو جۆرە ئەوان دەستبەرداری جیهانی ماددی دەبن و لەرێی گەرمی رۆحەوە دڵ و دروونیان گەرم دەبێتەوە". [٢٩]

هەروەك راهێنانەکانی پێشتر، پێویستە ئەو بیرۆکانە بخوێنیتەوە کە لەلای سەرەوە چەند جارێك ئاماژەیان پێدرا، هەروەها دەبێت گفتوگۆیان لەسەر بکەیت لەگەڵ ئەندامانی گروپەکەتدا، تاوەکو فێرببیت کە بە ئاسانی پێشکەشیان بکەیت. ئەم راهێنانانەی خوارەوە یارمەتیدەرن بۆ بەدەستهێنانی دیدێکی قولۆتر سەبارەت بە گرنگیی میوانداریی نۆزدەیی:

١. هەروەك ئەوەی کەحەزرەتی بەهائوڵا جەختی لەسەردەکاتەوە، هەر ماڵێك ئێمە تیایدا کۆببینەوە بۆ ناوبردنی یەزدان و پێشکەشکردنی سوپاسگوزاریی چی روویتێدەکات؟ ______________________________

______________________________________________

٢. له دەقە وەرگیراوی دووەمی لای سەرەوەدا حەزرەتی بەهائولڵا پێمان دەڵێت کە کاتێك ئێمە لەو کۆڕ و دانیشتنانەی بەهاییداین پێویستە بە ______________ و ______________ بدوێین و ______________ بخوێنینەوە و چونکە ئایەتەکان ______________ و ______________.

٣. له دەقە وەرگیراوی سێیەمی لای سەرەوەدا، حەزرەتی عەبدولبەها ئامۆژگاریمان دەکات کە ئەو کۆڕانە ئامادە بکەین و تیایدا ڕێنماییە ئاسمانییەکان بخوێنینەوە و بە دەنگەوە بیانڵێینەوە بەڵکو ...

- ئەو ناوچەیەی کە لێی دەژین ______________.
- ئەو زەوییەی کە میوانداریەکەی تیادا دەگێڕین ______________ ببێت.

٤. لە ڕۆژژمێری بەهاییدا چەند مانگ هەیە ؟ ______________.

٥. هەر مانگێك چەند ڕۆژی تێدایە ؟ ______________.

٦. ئەو کۆبونەوە تایبەتە چییە کە بەهاییەکان لە مانگێکدا یەکجار ئەنجامی دەدەن؟ ______________.

٧. سێ بەشە سەرەکییەکەی میوانداریی نۆزدەیی کامانەن؟ ______________

______________

٨. ئایا بەشەکانی میوانداریی نۆزدەیی بە پێی ڕێکخستنکارییەکی تایبەت بەڕێوەدەچن؟ ______________.

٩. ئامانجی بەشی رۆحی لە میوانداریی نۆزدەییدا چییە؟ ______________.

______________

______________

______________

______________

١٠. ئامانجی بەشی کارگێڕی لە میوانداریی نۆزدەییدا چییە؟ ______________

______________

______________

______________

______________

١١. ئامانج لە بەشی کۆمەڵایەتی لە میوانداریی نۆزدەییدا چییە؟ ______________

______________

______________

______________

______________

١٢. کام لە ئەم بابەتانەی خوارەوە بە گونجاو دادەنرێن بۆ گفتوگۆ لەسەرکردن لە بەشی کارگێڕیی تایبەت بە میوانداریی نۆزدەیی؟

_____ پێداویستییە داراییەکان بۆ پرۆژەکانی کۆمەڵگەی ناوخۆیی بەهایی.

_____ ئەنجامەکانی تیپی تۆپی پێی نیشتمانی.

_____ چۆنێتی چارەسەرکردنی ناکۆکیی نێوان دوو ئەندامی کۆمەڵگەی بەهایی.

_____ پێشکەوتنی پۆلەکانی منداڵانی تایبەت بە کۆمەڵگەی بەهایی.

_____ لێکدانەوەی واتای دەقێك لە کتێبە پیرۆزەکان کە یەکێك لە ئەندامانی کۆمەڵگەی بەهایی لە کاتێکی پێشووی هەفتەی رابوردوو خوێندوویەتەوە.

_____ کارایی و چالاکیی پرۆگرامی لاوانی تازەپێگەیشتوو لە کۆمەڵگەی بەهاییدا.

______ ئەو هەلی کارانەی کە لە ناوخۆدا بۆ لاوان دەرەخسێن.

______ ئەو هاوکارییانەی کە کۆمەڵگەی بەهایی دەتوانێت پێشکەشیان بکات بە ئەو گروپانەی لاوانی تازەپێگەیشتوو کە پرۆژە خزمەتگوزارییەکانیان ئاڵۆزبوون.

______ سەردان بۆ لای باوک و دایکی منداڵان و لاوانی تازەپێگەیشتوو لەوانەی کە بەشدارن لە ئەو پرۆگرامانەی فێرکردندا کە کۆمەڵگەی بەهایی ڕێکیاندەخات.

______ گەشەپێدانی تایبەتمەندیی پەرستن لە کۆمەڵگەی بەهاییدا.

______ خشتەی ئەو پرۆگرامانەی کە لە تیڤییەوە بڵاودەکرێنەوە.

______ ئەو دیدە بەدەستهاتووانەی کە سەبارەت بە پەرەپێدانی کەشێکی پڕ خۆشی و ئارامە لە کۆڕەکانی خوێندندا.

______ پلانی ئاهەنگ گێڕان لە ڕۆژی پیرۆزی داهاتوو.

______ دەستپێشخەریکردن بۆ ئەو کارە کۆمەڵایەتییانەی کە لە پرۆسەی بنیاتنانی کۆمەڵگەی بەهاییەوە سەرچاوە دەگرن.

١٣. لەگەڵ ئەندامانی گروپەکەتدا گفتوگۆ سەبارەت بە ئەم پرسیارە بکە: بۆچی هاوسەنگیی نێوان هەر سێ بەشەکەی میوانداریی نۆزدەیی گرنگییەکی زۆری هەیە؟

١٤. ئێستا گفتوگۆ سەبارەت بە ئەم دوو پرسیارە بکە:

أ. چۆن ئامادەکاریی دەکەیت بۆ میوانداریی نۆزدەیی ئەگەر تۆ خۆت خانەخوێی ئەو میواندارییە بیت؟

ب. چۆن ئامادەکاریی دەکەیت بۆ میوانداریی نۆزدەیی ئەگەر تۆ هەر تەنیا یەکێك بیت لە بەشداران ؟

## بەشی سیانزدەهەم

پرسیاری دووەم کە گەلێکجار لە گفتوگۆکاندا سەبارەت بە فەرمانی یەزدان دەکرێت بریتییە لە چۆنێتیی بەدەستهێنانی پێداویستیی دارایی لەلایەن کۆمەڵگەی بەهاییەوە. لای خوارەوە هەندێك لە ئەو خاڵانە پێشکەش دەکەین کە دەشێت یارمەتیت بدەن بۆ وەڵامدانەوەی ئەو جۆرە پرسیارانە:

- ئەو ئامرازەی کە کۆمەڵگەی بەهایی بەکاریدەهێنێت بۆ ئەوەی بایەخ بە پێداویستییە داراییەکانی بدات بریتییە لە سندوقی بەهایی کە لەلایەن دەزگاکانی فەرمانی یەزدانەوە لەسەر ئاستی جۆراو جۆر بەڕێوەدەبرێن ئەو ئاستانەش بریتین لە: ئاستی ناوخۆ و ناوەندیی و کیشوەری و جیهانی. بەهاییەکان بڕوایان وایە کە پێویستە لەسەریان خەرجیی هەوڵەکانی بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی ئایینەکەیان بگرنە ئەستۆی خۆیان، بۆیە ئەو سندووقەی کە هەیە تەنیا بەخشین لە کەسانی سەر بە کۆمەڵگەی بەهایی وەردەگرێت.
- پارە بەخشین بە سندووق کارێکی ئارەزوومەندانەیە، هەروەها نهێنیشە واتە ئەوە بەتەنیا شتێکە لە نێوان کەسەکە و دامودەزگاکانی فەرمانی یەزداندایە، بۆیە نە ناوی پارە بەخشەکان و نە بڕی پارە پێشکەشکراوەکە ئاشکرا دەکرێت. هەروەها هیچ فشارێکیش ناخرێتە سەر کەسانی سەر بە کۆمەڵگەی بەهایی بۆ پارە بەخشین. تەنیا دامودەزگاکان بانگەوازێکی گشتیی ئاراستەی کۆمەڵگە بەهاییەکان دەکەن و گرنگیی سندووقەکەیان وەبیردەهێننەوە،ئاماژەش بە پێداویستییەکانیان دەکەن. ئەوەش کارێکی نائاسایی نییە کە کۆمەڵگەی بەهایی ئامانجێك بۆ خۆی دابنێت لە بواری پارە بەخشیندا، بەڵام هەرگیز

بڕی پارە بۆ کەسەکان دیاریناکرێت و داوای پارەش لە کەس ناکرێت، بەڵکو ئەوە بۆ خودی کەسەکان دادەنێن کە بڕیاربدات ئەو بڕە پارەیە چەند بێت کە دەیبەخشێت، بێگومان بە پێی تێگەیشتنی لە بنەما پەیوەندارەکان .

- ئەو شارستانێتییەی کە ئێمە هەوڵی بنیاتی دەدەین، دەبێت شارستانێتییەکی گەشەکردووی ماددی و رۆحی بێت لە هەمان کاتدا. سامان لە چوارچێوەی چەند مەرجێکی تایبەتدا پەسەندە، چونکە پێویستە سامان لەڕێی کارێکی شەرەفمەندانەوە بەدەستبهێندرێت و بۆ خێر و چاکەی مرۆڤایەتیش خەرجبکرێت تاکو ببێتە هۆی گەشەکردنی گشت کۆمەڵگەی ناوخۆیی بەهایی، چونکە ناشێت کەمینەیەکی خەڵك سامانێکی لە رادەبەدەریان هەبێت و زۆرینەیەکیش هەبن پێویستیان بە ئەوە بێت کە سادەترین پێداویستییەکانی ژیان بەدەستبهێنن. حەزرەتی بەهائوڵا پێمان دەڵێت:

"(باشترین کەس ئەوانەن کە کاردەکەن و پارە بەدەستدەهێنن و بۆ خۆیان و کەسوکاریانی خەرجدەکەن) و لە پێناو خۆشەویستیی خودای پەروەردگاری گەردووندا".[30]

"( ئەی ئەوانەی کە هۆشیارن ، با لەناو ئێوەدا ئەو بەرهەمە جوانە باشانە دەربکەوێت کە سوودتان پێدەگەیەنێت و ئێوەش سوود بە کەسانی دیکە بگەیەنن. بۆیە پێویستە لەسەر هەمووان بەکار و کاسپی و پیشەسازییەوە خەریکبن، چونکە ئەوانە دەبنە هۆی سامان ) ".[31]

هەروەها حەزرەتی عەبدولبەها ئەمەمان بۆ روون دەکاتەوە:

"سامان و دەوڵەمەندی شتێکی باشە ئەگەر تێکڕا گشت نەتەوە بگرێتەوە، بەڵام ئەگەر هەندێك تاکەکەسی کەم سامانێکی زۆریان هەبێت و ئەوانی دیکەش هەژار و بێدەرەتان بن بەجۆرێکی ئەوتۆ کە هیچ سوودێك لە بەرهەمی ئەو سامانەی ئەوان نەبینن، ئەوسا سامانی دەوڵەمەندێکی لە ئەو جۆرە دەبێتە زیانێکی ئاشکرا بۆی".[32]

- بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەك کە دووربێت لە ستەمکاری و هەژاری پێویستە لەسەرمان بەخشندەیی و دڵفراوانیمان تێدابێت. تەنانەت ئەگەر داهاتێکی دارایی کەممان هەبوو، ئەوا پێویستە شتێکی لێ ببەخشین لە پێناو پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا، چونکە گەشەکردنی راستەقینە لەڕێی بەخشینەوە نەبێت بەدی نایەت. بەخشندەیی تایبەتمەندییەکی رۆحی مرۆڤە و پەیوەندیی بە بارودۆخی داراییەوە نییە. حەزرەتی بەهائوڵا لە وشە شاراوەکاندا دەفەرموێت:

"بەخشندەیی و دڵفراوانی خەسڵەتی منە، پیرۆزە ئەو کەسەی کە بە ئەو خەسڵەتەی من خۆی جوان دەکات".[33]

- پێویستە لەسەرمان ئەوەمان لەیادبێت کە سەرچاوەی راستەقینەی ئەو سامانەی کە هەمانە هەرچەندێك بێت لەلایەن یەزدانی بەخشندەوەیە چونکە ئەوە کە بژێویمان بۆ دابین دەکات و وامان لێدەکات بتوانین پێشبکەوین و گەشەبکەین. کاتێك کە پارە بە سندوق دەبەخشین ئەوا ئێمە لە پێناوی فەرمانی پیرۆزدا بەشێك لەو سامانەمان دەبەخشین، بۆیە بەخشین بە سندووق بەلای بەهاییەکانەوە هەر بەتەنیا دڵ فراوانی و بەخشندەیی نییە بەڵکو لە هەمان کاتدا چاکە و ئاگادارییەکی رۆحی و بەرپرسیارێتییەکی گەورەی تاکەکەسە. حەزرەتی رابەری فەرمانی یەزدان بەم جۆرە ئامۆژگاریمان دەکات:

"پێویستە ئێمە وەك ئەو کانییە وابین کە ئاوی لەبەر دەڕوات، یان ئەو سەرچاوەیەی کە بەردەوام هەرچی هەیە لەناویدا دەیبەخشێت و سەر لە نوێ لە سەرچاوەیەکی شاراوەوە پڕدەبێتەوە. کاتێك کە ئێمە بەردەوام لە پێناو چاکە و خێری براکانماندا دەبەخشین هەرگیز ترسی هەژاریمان نابێت چونکە پشت بە پشتیوانێکی گەورە دەبەستین کە ئەو بنج و بناوانی گشت سامان و خێرێکە، هەر ئەوە نهێنیی ژیانی راستەقینەیە".[34]

لێرەدا هەلی ئەوەت بۆ دەڕەخسێت کە بە قووڵبونەوەیەکی زیاترەوە سەرنج لە هەندێك ئەو بیرۆکانە بدەیت کە باسکران ئەوەش لە خولێکی داهاتوودا لە چوارچێوەی ئەو زنجیرەیەی کە باس لە بابەتی ئامرازە مادديیەکان دەکات. ئێستا ئێمە، وەك هەمیشە، هانت دەدەین بۆ ئەوەی گفتوگۆ سەبارەت بە خاڵ لەدوای خاڵی ئەو بابەتانە بکەیت کە لە ناوەڕۆکەکانی سەرەوەدا باسیان لێکرا، پاشان راهێنانەکانی خوارەوە جێبەجێ بکە تاوەکو فێرببیت چۆن بە شێوەیەکی ئاسایی و ئاسان دەتوانیت بیرۆکەکانت دەربڕیت:

١. بە پێی دەقە وەرگیراوەکان ئەم بۆشاییانەی ناو رستەکانی خوارەوە پڕ بکەرەوە. :

أ. حەزرەتی بەهائوڵڵا پێمان دەڵێت کە پێویستە لەسەرمان ______________ و ______________ هەروەها پارە خەرج بکەین بۆ______________.

ب. پێویستە ئەو بەرهەمانەمان لێدەربکەوێت کە ______________ تاوەکو ______________.

ج. پێویستە لەسەر هەریەکێك لە ئێمە کە ______________ بە ______________ . ئەوا ______________.

د. حەزرەتی عەبدولبەها ئەوە رووندەکاتەوە کە سامان و دەوڵەمەندی ______________ یە ئەگەر ______________ لەخۆبگرێت.

هـ. ئەگەر تایبەتمەندیی ______________ لەرێی ______________ زۆرەوە بێت و کەسانی دیکە بە ______________ بمێننەوە بەجۆرێکی ئەوتۆ کە هیچ شتێك لەو بەرهەمە ______________ و هیچیان لێی ______________، کەواتە سامانداریيەکی لەو جۆرە تەنیا ______________ و دەبێتە هۆی ______________.

و. حەزرەتی بەهائوڵڵا دەفەرموێت "______________ و ______________ لە خەسڵەتەکانی من کەواتە پیرۆزە ئەو کەسەی کە ______________ بە ______________".

ز. حەزرەتی رابەری فەرمانی خودا هانمان دەدات کە ______________ بین یان ئەو ______________ ی کە بەردەوام ______________ لەگشت ئەو شتانەی تێدایە و ______________.

ح. ______________ بەردەوام لە پێناو ______________ ی براکانمان، ______________ پشت بە ______________، ئا ئەوە نهێنی ژیانی راستەقینەیە.

٢. زنجیرەیەك لە ئەو بیرۆکانە بنووسە کە لە پێشکەشکردنی بابەتی لای سەرەوەدا باسیان لێکراوە:

______________________________________________
______________________________________________
______________________________________________
______________________________________________
______________________________________________
______________________________________________
______________________________________________
______________________________________________
______________________________________________
______________________________________________
______________________________________________

## بەشی چواردەهەم

بۆ بەدەستهێنانی دیدێکی تەواو سەبارەت بە جۆرەکانی گفتوگۆ، کە دەشێت لە گوندێك یان گەڕەکێکی پڕ لە چالاکیدا سەرهەڵبدەن، ئێمە بەدواداچوونمان بۆ ئەرکی کچە لاوێکی خوێندکاری زانکۆ کرد کە ناوی ئالیخاندرایە و لەڕێی زنجیرەیەك لە ئەو سەردانانەوە کە چەند هەفتەیەکی خایاند و تیایدا گفتوگۆی لەگەڵ ڕێزدار سانشیز و خاتوو سانشیزدا ئەنجامدا سەبارەت بە چەندین بابەت، بەو هیوایەی کە یارمەتیدەریان بن بۆ قووڵبونەوەی زانیارییەکانیان دەربارەی فەرمانی پیرۆز، هەروەها بەهێزکردنی پابەندییەکانیان بە ئەو ڕێنماییانەوە کە بڕوایان پێهێنابوو. لەم دواییانەشدا بە دەرکەوتنی پیاتریس کە نەوەی خێزانی سانشیز بوو توانیمان سەرنج لە جۆرێکی دیکەی گفتوگۆ بدەین، ئەویش گفتوگۆی نێوان دوو لاوە کە هەردووکیان پەرۆشن بۆ فێربوونی چۆنێتی خزمەتکردنی کۆمەڵگە بەهاییەکەیان. لە بەدواداچوونی بەڕێوەچوونی ئەو گفتوگۆیانەداو لەڕێی جێبەجێکردنی ڕاهێنانەکانەوە ئەوەمان بۆدەرکەوت کە سەرەڕای ئەو زانیارییە زۆرەی کە هەیانە سەبارەت بە بابەتە پەیوەندارەکان،بەڵام ئەو کارە پێویستی بە هەندێك تایبەتمەندیی ڕۆحی و هەڵوێست و توانای دیاریکراو هەیە بۆ ئەوەی ئەو جۆرە گفتوگۆیانە بەردەوامبن کە لێرەدا لێیان دەکۆڵینەوە.

لەم بەشەدا و لە بەشی داهاتووی ئەم یەکەیەدا جۆرێکی جیاوازی دیکەی بابەتەکانمان بۆ دەردەکەوێت، واتە ئەوانەی کە بە شێوەیەکی گشتیی دەخرێنەبەر وتووێژ لە کاتی سەردانی ئەو خێزانانەدا کە لاوانی تازەپێگەیشتوویان هەیەو بەشدارن لە ئەو پرۆگرامە فێرکارییەدا کە پەیمانگە جێبەجێی دەکات. هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا فێرکردن لە پۆلەکانی منداڵاندا و ڕێنماییکردنی گروپی لاوانی تازەپێگەیشتوو جۆرە کارێکی خزمەتگوزارین کە لە خولەکانی داهاتوودا باسیان لێدەکرێت، واتە لە کتێبی سێیەم و پێنجەمدا دوابەدوای یەك. دەشێت تۆ ئاگاداری ئەو دوو پرۆگرامە بیت یان بە پێچەوانەوە لێیان بە ئاگا نەبیت، چونکە ئەوە بەندە بەوەوە کە ئاخۆ تۆ خۆت لە تەمەنێکی منداڵیدا بەشداریت تێدا کردووە یان نا. لە سەرەتاوە با سەرنجێك لەو ناوەڕۆکە بدەین کە بەزۆری دەبێتە بناغەی گفتوگۆیەکی بەردەوام لەگەڵ ئەو خێزانانەی کە لاوانی تازەپێگەیشتوویان هەیە. با ئێمە وای دابنێین کە هەندێك کات تێپەڕیوە لەو دەمەوە کە ئێمە لە چیرۆکەکە دوورکەوتینەتەوە و ئێستا پیاتریس کتێبی دووەم دەخوێنێت. ئالیخاندرا پرسیار لە هاوڕێکەی دەکات کە ئاخۆ ئارەزوو دەکات ئەم لەگەڵیدا بڕوات، کاتێك کە سەردانی چەند خێزانێك دەکات لەوانەی کە لاوانی تازەپێگەیشتوویان هەیە و بەنیازن لەڕێی هاوکاری ئەمەوە گروپێك دروستبکەن. پیاتریس زۆر بە پەرۆشەوە ئەو پێشنیارەی پەسەند کرد.

ئالیخاندرا ئەوە بۆ پیاتریس ڕووندەکاتەوە کە لەبیری خۆیدا وێنای کردووە و پێی دەڵێت: "هەر سەردانێك کە ئەنجامیدەدەین سەرەتا ئێمە بەوە دەستپێدەکەین کە دایك و باوکەکان بەو پرۆگرامانە ئاشنابکەین کە جێی بایەخی منداڵەکانیانەو دەیانەوێت لە گروپەکاندا هاوبەشیی تێدابکەن، هەروەها ئامژەدان بەوەی کە پرۆگرامەکە بریتییە لە بەشێك لە پرۆسەی بنیاتنانی کۆمەڵگەی بەهایی کە لە گەڕەکەکەدا بەڕێوەدەچێت. پاشان پێکەوە لەگەڵ ئەواندا بە هەندێك چەمك و بیرۆکەی بنەڕەتیی تایبەت بە پرۆگرامەکە ئاشنادەبین. ئەو سەردانە سەردانی یەکەم دەبێت لە چوارچێوەی زنجیرەیەك سەردانی دیکەدا و ئاواتمان ئەوەیە کە خێزانەکە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی گفتوگۆکاندا و بە تێپەڕبوونی کات هەر بە تەنیا هاوکارێکی کارای گروپەکە نەبن لەڕێی شێوازی جۆراو جۆرەوە، بەڵکو لە هەمان کاتدا خێزانەکە وای لێبێت بەشداری بکات لە بانگەشەکردن بۆ بە توانا کردنی لایەنی ڕۆحیی لاوانی تازەپێگەیشتوو لە کۆمەڵگەی ناوخۆیی بەهاییدا".

ئالیخاندرا و پیاتریس بەردەوامدەبن لەسەر گفتوگۆکردن دەربارەی هەندێك خاڵ كە نەخشەیان بۆ دارشتوە تاوەكو لەگەڵ خێزانەکاندا لێیان بدوێن. هەروەها بڕیاردەدەن گشت ئەو بیرۆکانە بنووسن کە پێیانوایە گرنگن و دەزانن کە هەندێك لەو خاڵانە تەنیا لە یەکەم سەرداندا باسیان لێدەکرێت و خاڵەکانی دیکە دادەنرێن بۆ گفتوگۆ لەسەردانەکانی داهاتوودا. ئەمانەی لای خوارەوە ئەو خاڵانەن کە سەبارەت بە توانا شاراوەکانی لاوانی تازە پێگەیشتوو باسی لێدەکەن:

- ئەو سێ ساڵەی کە دەکەونە نێوان تەمەنی دوانزە ساڵی و پانزە ساڵییەوە گرنگییەکی یەکلاکەرەوەی هەیە لە ژیانی تاکەکەسدا چونکە ئەوە قۆناغی گواستنەوەیانە لە منداڵییەوە بۆ پێگەیشتوویی.
- گەلێکجار ئێمە وەك "لاوانی تازەپێگەیشتوو" ئاماژە بەو لاوانە دەدەین کە تەمەنیان دەکەوێتە ئەو نێوانەوە. چونکە ئەوان لە منداڵی دەردەچن، بەڵام لە هەمان کاتدا هێشتا لاوێتییەکەیان تەواو نەهاتۆتەدی.
- جێی داخە کە دیدێکی هەڵە سەبارەت بە لاوانی تازەپێگەیشتوو هەیە، ئەو دیدە لەسەر ئاستێکی بەربڵاوە کە پێیان وایە ئەو لاوانەی لەو تەمەنەدان هەڵەشەو یاخین و هەر خۆیان دەوێت و بەردەوامیش تووشی قەیران دەبن، بەڵام ئێمە دیدێکی جیاوازمان هەیە. راستە لەو ماوە کەمەی ژیاندا هەموومان بە گۆڕانکارییەکی خێرادا تێدەپەڕین لەڕووی جەستەیی و سۆزداریی و هزرییەوە. هەروەها ئەوەش راستە کە لە دەرئەنجامی ئەوەدا دەشێت هەندێك یاخیبوون هەبێت، بەڵام لەڕاستیدا ئەو ماوەیەی تەمەن پڕە لە توانا و ئەگەری گرنگ. ئێمە خۆمان ماوەیەکی کەم پێش ئێستا لاوی تازەپێگەیشتووبوین و ئەوەمان بیر دەکەوێتەوە کە چۆن ئەو گۆڕانکارییانە کاریان تێدەکردین. هەندێکجار ئێمە ئازاو بەجەرگ بووین و جاروباریش راڕا بووین. هەندێکجار زۆر ئارەزووی ناو کۆمەڵگەمان دەکرد و جاروبارێکیش تەواو شەرمن بوین. گەلێکجار ئارەزووی خۆمان بەو شێوەیە دەردەبڕی کە کەسانی دیکە وازمان لێبهێنن لە کاتێکدا کە هیوای ئەوەشمان دەخواست هەندێك بایەخ بەدەستبهێنین. دەمانویست بزانین ئاخۆ دەتوانین چ شتێك بە باشی ئەنجامبدەین و ئەو بەهرە و توانایانە چین کە هەمانن، هەروەها زۆر گرنگبوو بەلامانەوە کە بزانین کەسانی دیکە چۆن لە ئێمە دەڕوانن و بیروڕایان سەبارەت بە بیر و بۆچوونەکانی ئێمە چۆنە.
- ئەوەی گرنگە کە بیزانین بریتییە لەوەی کە ئەو جۆرە رەفتارانە تەنها رەفتاری کاتین. ئەوە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی ژیانی مرۆڤدایە کە تیایدا هەندێك هێزی تایبەت لە هزری مرۆڤدا بە شێوەیەکی خێرا گەشە دەکەن. پاشان دەستدەکەین بەگەڕان بەشوێن وەڵامی ئەو پرسیارە بنەڕەتیانەدا کە پەیوەندییان بە بوونەوە هەیە و ئەو شتانە شیدەکەینەوە کە لە دەووربەرمان روودەدەن و پرسیاری زۆریش دەکەین سەبارەت بە ئەو شتانەی کە فێریان دەبین. هەروەها ئێمە ئامادەنین وەك ئەوەی کە ئەوسا دەمانکرد، ئێستاش بە هەمان شێوە یەکسەر شوێن ئەو شتانە بکەوین کە گەورەکان داوامان لێدەکەن، بەتایبەتی کاتێك کە دژبەیەکبوون دەبینین لە نێوان گوفتار و کردارییاندا.
- بۆ یارمەتیدانی لاوان تاوەکو بتوانن بە شێوەیەکی بەرهەمهێن ئەو هێزانەیان بخەنەکار کە دەرکەوتوون، پێویستە خۆمان لەوە بەدووربگرین کە وەك منداڵ مامەڵەیان لە تەکدا بکەین. ئەمە ئەو وەسفەیە کە حەزرەتی عەبدولبەها بەم جۆرە باس لە ئەو ماوەیەی تەمەن دەکات:

"پاشان کەسەکە دەگاتە قۆناغی لاوێتیی و باروذۆخ و پێداویستییە کۆنەکانی دەگۆڕێن بۆ پێداویستیی نوێ کە گونجاوبن لەگەڵ ئەو بەرەوپێشچوونەدا کە لە ئەو قۆناغەی تەمەنیدا روویداوە. ئەو توانای وردبوونەوەی

بەهێز و قووڵ دەبێت و توانا هزرییەکانیشی زیاتر رادێن و کاراتردەبن، ئیتر لەمپەرەکانی قۆناغی منداڵی و کەش و دۆخەکان توانا و بەدیهێنانەکانی سنوردار ناکەن". [٣٥]

- خانەی دادی مەزن، کە بەرزترین دامەزراوەی ئایینی بەهاییە، سەبارەت بە ئەو رێبازەی کە وەبەرچاومان گرتووە لە کارکردندا لەگەڵ لاوانی تازەپێگەیشتوودا دەفەرموێت:

"لەکاتێکدا رەوتە جیهانییەکان بەو جۆرە وێنای ئەو توێژە دەکەن کە لەو تەمەنەدان کە گوایە ئەوان کەللەرەقن و لە نێو هەڵچوونی گۆڕانی جەستەیی و سۆزدارییەکی تیژ و چڕدا ملدەنێن و بیر لە خۆیان دەکەنەوە، دەبینین کۆمەڵگەی بەهایی بە رێبازێکی دیکە و بەزمانێکی جیاواز باسیان لێدەکات و بەبێ دوو دڵی وای دەبینن کە لاوانی تازەپێگەیشتوو بە ئاراستەیەکی پێچەوانە دەڕۆن و ئەوان سیفەتی خۆبەختکردن و هەستێکی ناسکی پڕ بە ویستی یەکسانیان هەیە و پەرۆشن بۆ ئاشنابوون بە گشت گەردوون و ئارەزووی بەشداریکردنیان هەیە لە بنیاتنانی جیهانێکی باشتردا". [٣٦]

پاشان هەریەك لە ئالیخاندرا و پیاتریس بیری خۆیان بەچڕی خستەسەر پرۆگرامی بەتواناکردنی رۆحی و هەوڵیاندا هەندێك لە شێوەکانی دەستنیشانبکەن:

- ئەوانەی کە تەمەنیان لە نێوان دوانزە ساڵی و پانزە ساڵدایە بەپەرۆشن بۆ ئەوەی بچنە ناو گروپی هاوڕێکانییانەوە تاوەکو بتوانن بیرۆکەکانیان ئاڵوگۆڕ بکەن و پێکەوە پرۆژە ئە نجامبدەن و وەرزش بکەن، هەروەها چالاکیی دیکەی لەو جۆرە. هەر لەبەر ئەوەیە کە ئەم پرۆگرامە لەسەر بنەمای چەمکی "گروپی لاوانی تازەپێگەیشتوو" بنیاتنراوە. هەریەك لە ئەو گروپانە بەهۆی کەسێکەوە ئاراستە دەکرێت کە پێی دەگوترێت "بزوێنەر"، گەلێکجار ئەو بزوێنەرە لاوێکە کە تەمەنی لە ئەوان زۆرترە و یارمەتیدەرییانە بۆ گەشەپێدانی تواناکانیان وەك هاوڕێیەکی راستەقینەی گشت ئەندامانی گروپەکە.
- ئەو گروپانە بە شێوەیەکی رێکو پێك کۆدەبنەوە. لەڕێی ئەو کۆبوونەوانەوە، لاوانی تازەپێگەیشتوو فێری ئەوە دەبن کە بە چەمکی نوێ ئاشنابن و بتوانن بەبێ ترس و سانسۆر و گاڵتەپێکردن بیرۆکەکانیان دەربڕن. هەروەها ئەوان هاندەدرێن لەسەر گوێگرتن و گفتوگۆکردن و وردبوونەوە و شیتەڵکردن و بڕیاردان و کارکردن لەسەر بنەماکانی ئەو بڕیارانە.
- ئێمە لە کاتێکدا دەژین کە گەلێك هێزی نەرێیی کاردەکەنە سەر شێوازی بیرکردنەوە و رەفتاری لاوانی تازەپێگەیشتوو. ئەوانەی کە بزوێنەرن یارمەتییان دەدەن بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو هێزە نەرێییانە، نەك هەر لەبەر ئەوەی کە خۆیان لە خراپبوونی ئاکاریی کۆمەڵگە بپارێزن، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە کاربکەن بۆ چاکسازیی لەجیهاندا.
- گەلێك لە پرۆگرامەکان هەوڵی ئەوە دەدەن کە ئاگاداریی ئەو هێزە شاراوانە بن کە لەڕۆحی مرۆڤدایە، ئەوانەش ئەو هێزانەن کە بە پلەیەکی زۆرتر و زۆرتر لە سەرەتای هەرزەکاریدا سەرهەڵدەدەن. هەروەها هێزی بیر و دەربڕینیش گرنگییەکی تایبەت لەخۆدەگرێت چونکە پێویستە لەسەر لاوان توانای زمانەوانی خۆیان وەك پێویست گەشەپێبدەن تاوەکو بتوانن ئەو بیرۆکە قووڵانەی کە سەبارەت بە جیهان هەیانە دەربڕن و ئەوە روونبکەنەوە کە ئەوان دەیانەوێت چۆن گۆڕانێك بەدیبهێنن لە جیهاندا.
- لاوانی تازەپێگەیشتوو سوورن لەسەر وردبونەوە لە واتای چەمکە بنەڕەتییەکانی ژیانێکی ئامانجدار، چونکە بەختەوەری و هیوا و بەرخورداریێتی هەرتەنها چەند نموونەیەکی کەمی ئەو چەمکانەن. بەدەستهێنانی تێگەیشتنێکی قووڵیش لە ئەو چەمکانە و ئاشنابوون بە چۆنێتی دەربڕینیان لە ژیانی

ڕۆژانەدا دەشێت یارمەتیدەربێت بۆ هزری لاوان تاوەکو بتوانن پێکهاتەیەکی ئاکاریی دروست بنیاتبنێن و بتوانن بەرەنگاری هێزە نەرێییەکانی کۆمەڵگە ببنەوە.

- ئاشنابوون بە چەمکەکان پێویستە بۆ گەشەکردنی بیر. دەشێت لاوانی تازەپێگەیشتوو هەندێکجار لە قوتابخانە ڕووبەڕووی هەڵوێستی سەخت ببنەوە، چونکە پێشبینی ئەوەیان لێدەکرێت کە فێری بڕێکی زۆر زانیاری ببن سەبارەت بە بابەتی جۆراوجۆر بەبێ ئەوەی یارمەتییەکی تەواو بدرێن بۆ ئاشنابوون بەو چەمکە بنەڕەتییانە. ئەم پرۆگرامە یارمەتییان دەدات بۆ ئەوەی بە قووڵی بیر لە ئەو بیرۆکە ئاکاریی و ژمێرەیی و پراکتیکیانە بکەنەوە. ئەوەش وایان لێدەکات کە کاروباری قوتابخانەیان بەردەوام بەرەو باشی بڕوات.
- لاوانی تازەپێگەیشتوو ئارەزوویەکی زۆریان هەیە بۆ فێربوونی گەلێك شت. بۆ نموونە ئەوان دەیانەوێت هۆکاری ئەو شتانە بزانن کە لە دەوروبەریان ڕوودەدات. بۆ ئەوەش کە لەو کارەدا سەرکەوتووبن، پێویستە ئەوان بتوانن کە هەر تەنها بە چاوێکی ڕووت سەرنج نەدەن بەڵکو بە چاوی دڵیشیان. هەر لەبەر ئەوە یەکێك لە ئامانجە گرنگەکانی ئەم پرۆگرامە بریتییە لە پەرەپێدانی هۆشیاریی ڕۆحی، واتە توانای ئاشنابوون بە هێزە ڕۆحییەکان و دەستنیشانکردنی پرینسیپە ڕۆحییەکان لەو هەڵوێستانەدا کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.
- پرۆگرامەکە ئامانجی جۆراوجۆر بەدیدەهێنێت، وەك گەشەپێدانی ئاکاری و زانیاری ڕۆحی و توانای دەربڕین، گشت ئەوانەش بەیارمەتی زینجیرەیەك کتێب. ئەو کتێبانە لەو چیرۆکە سادانە پێکدێن کە سەبارەت بە ژیانی لاوانن لە گەلێك بەشی جۆراو جۆری جیهاندا. سەرەڕای پێکەوە خوێندنەوەی ئەو کتێبانە و گفتوگۆکردن لەسەر ناوەڕۆکەکانیان و ئەنجامدانی ڕاهێنانە داواکراوەکان لاوانی تازەپێگەیشتوو بەشداریدەکەن لە وەرزش و کاری هونەری و پیشەییش فێردەبن.
- بە یارمەتی بزوێنەرەکان، گروپەکان زنجیرەیەك پرۆژەی خزمەتگوزاریی دیزاین دەکەن و جێبەجێیان دەکەن کە ئەوانەش بە بەشێکی پێکهێنەری سەرەکیی پرۆگرامەکە دادەنرێن. هەر لەڕێی ئەو پرۆژانەوە لاوانی تازەپێگەیشتوو فێردەبن کە بیر لە کۆمەڵگەی بەهایی ناوخۆیی و پێداویستییەکانی بکەنەوە و لەناو خۆیاندا ڕاوێژبکەن و یارمەتی یەکتر بدەن هەروەها لەگەڵ کەسانی دیکەی کۆمەڵگەی بەهاییدا.
- ئەو بابەتانەی کە لە کتێبەکاندا باسدەکرێن جۆراو جۆرن و هەریەکەیان جەخت لەسەر بابەتێکی بنەڕەتی دەکاتەوە سەبارەت بە بەهێزکردنی توانای ڕۆحیی لاوانی تازەپێگەیشتوو. بۆ نموونە کتێبی یەکەم باسی بابەتی "پشتیوانیکردن" دەکات، واتە یەزدان پشتیوانی لە ئەو ئەرکانە دەکات کە ئێمە ئەنجامیاندەدەین لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجی چاکەکاریدا. هەروەها دەبینین کتێبێکی دیکە باس لە بابەتی "هیوا" دەکات، واتە بۆچی پێویستە ئێمە بەهیواوە چاو لە داهاتوو ببڕین، تەنانەت لە سەختترین کاتەکاندا. یان کتێبێکی دیکە چەمکی "نایابی" شیتەڵ دەکاتەوە و "شادی"ش بابەتی یەکێك لە چیرۆکەکانی کتێبەکەیە، لە کاتێکدا دەبینین "هێزی وشە" بابەتێکە بۆ بیرکردنەوە لە چیرۆکێك. لەناو ئەو کتێبانەشدا کە باس لە چەمکە ژمێرەییەکان دەکات، یەکێك لە خووە هزرییە ڕێکوپێکەکان دەدۆزێتەوە. لە بواری زانستیشدا کتێبێك هەیە جەخت لەسەر بایەخدان بە تەندروستیی جەستەیی و هزری و ڕۆحیی تاکەکەس دەدات. هەروەها نزیکەی پتر لە دوانزە کتێب هەن کە لاوانی تازەپێگەیشتوو لە ماوەی سێ ساڵدا دەیخوێنن.

ئالیخاندرا و پیاتریس بڕیاری ئەوە دەدەن کە هەندێك کتێب لەگەڵ خۆیاندا ببەن تاوەکو ئەگەر یەکێك لە باوکان و دایکان ئارەزووی کرد بتوانن تەماشایان بکەن. خۆ ئەگەر تۆ بە شێوەیەکی باش ئاگاداریی ناوەڕۆکی ئەو کتێبانە نەبیت، ئەوا باشتر وایە هەندێك کات تەرخان بکەیت بۆ خوێندنەوەی زۆرترین ژمارە لە ئەو چیرۆك و بابەتانەی کە لە کتێبەکاندا هەن، ئەوەش توانات پێدەدات کە بەدواداچوون بکەیت بۆ ئەو گفتوگۆ جۆراو جۆرانەی کە لەنێو کۆمەڵگەی ناوخۆیی بەهاییدا بە شێوەیەکی باشتر دەردەکەون. ئا لەو کاتەدا ئێمە لەسەر ئەوە هانتدەدەین کە بە شێوەیەکی تەواو گفتوگۆ بکەیت لەگەڵ بەشدارەکانی دیکەی گروپەکەتدا سەبارەت بە ئەو بیرۆکانەی کەلای سەرەوە خرانە بەرچاو و ئەوانەش کە کتێبی پێنجەم بە قووڵییەکی زیاترەوە باسیان لێدەکات. خۆ ئەگەر لەدوای خوێندنی ئەو کتێبانە تۆ بڕیارتدا کە وەك بزوێنەری گروپێکی لاوانی تازەپێگەیشتوو خزمەت پێشکەشبکەیت، ئەوسا تۆ دەبێت بە شێوەیەکی بە پرۆگرامکراو سەردانی ئەو خێزانانە بکەیت کە لاوەکانیان ئەندامن لە گروپەکاندا تاوەکو لەگەڵ ئەواندا ئەو بیرۆکانە بخەیتەڕوو، هەروەها گەلێك بیرۆکەی هاوشێوەی دیکەش. بەڵام تەنانەت لە ئێستاشدا دەشێت تۆش، هاوشێوەی پیاتریس، ئارەزووی ئەوە بکەیت کە لەگەڵ کەسێکی دیکەی خاوەن ئەزموونداا چەند سەردانێك ئەنجامبدەیت بۆ لای خێزانەکانی لاوانی تازەپێگەیشتووی سەر بە کۆمەڵگەی ناوخۆیی بەهایی.

## بەشی پانزەهەم

بۆ ڕۆژی دوایی ئالیخاندرا و پیاتریس سەردانی ماڵی سێ کەس لە لاوانی تازەپێگەیشتوویان کرد کە دەیانویست بێنە ناو ئەو گروپە نوێییانەوە کە تازە لە گەڕەکدا پێکدەهێنرێن. پیاتریس هەست بە بەختیاری دەکات کە دەبینێت باوکان و دایکان چەندە پەرۆشی دەردەبڕن کاتێك کە گفتوگۆ سەبارەت بە پرۆگرامی بەتواناکردنی ڕۆحی دەکەن. لەدەمەو ئێوارەدا پیاتریس ئارەزووی ئەوە دەکات کە یارمەتی ئالیخاندرا بدات لە گروپێکی لاوانی تازەپێگەیشتوودا، هەروەها لە فێربوونی خزمەتگوزارییەکان وەك بزوێنەری گروپێکی نوێ، ئەوەش شتێکە ئەو بە ئاواتییەوەیە کە لە ئەمساڵدا بەدییهێنێت. بێگومان لەئەوەش بەئاگایە کە پێویستە لەسەری لەو کاتەدا ژمارەیەك لە کتێبەکانی پەیمانگە تەواوبکات، بەڵام هەر سوورە لەسەر پێشکەوتنی لە خوێندنەکەیدا بە شێوەیەکی چەسپاو کە ئەوەش ئەوی گەیاندۆتە ئەم قۆناغە.

بەو جۆرە و بەیارمەتیی و هاندانێکی بەردەوامی ئالیخاندرا پیاتریس لەڕێبازی خزمەتگوزاریدا بەرەوپێشچوو. کەواتە با ئێستا بۆ جارێکی دیکە دەستبکەینەوە بە چیرۆکەکەی ئەو، لەدوای تێپەڕبوونی چەند مانگێك ئەو بەرەو ئەوەدەچوو کە کۆتای بە خوێندنەوەی کتێبی سێیەم بهێنێت. ڕابەری کۆرە خوێندنەکەی داوای لە ماریبێل، کە مامۆستای پۆلی منداڵان بوو، کرد کە پیاتریس و هاوڕێ بەشدارەکانی بانگهێشت بکات بۆ ئەوەی بە نۆرە لەکاتی سەردانی باوك و دایکی منداڵەکانی پۆلی یەکەمدا کە تازە پێکهێنرابوو ئەمانی لەگەڵدابن. پیاتریس هەست بە ئەوە دەکات کە ئەو لەڕێی خوێندنەوەی کتێبی سێیەمەوە شتێکی زۆر فێربووە، هەروەها دەزانێت کە ئەو دید و بۆچوونانەی کە لە کتێبەکەوە بەدەستیهێناوە پەرە بە تواناکانی دەدات کە وەکو بزوێنەرێك خزمەتگوزاری پێشکەش بکات ئەو ئەرکەی کە گەلێکجار لەوەوبەر ئالیخاندرا داوای لێکردبوو.

کاتێك کە کۆدەبنەوە، ماریبێل بە پیاتریسی گوت کە ئەوان پێکەوە سەردانی دایکی ئیما دەکەن، هەروەها پێی گوت: "ئیما کچێکی روخۆشە و ئارەزووی فێربوونی هەیە، من جارێك سەردانی باوك و دایکی ئەوم کرد و سروشتیی چۆنێتیی پۆلی منداڵانی بەهاییم بۆ روونکردنەوە. ئەوان دڵخۆشبوون بەوەی کە ڕێگە بدەن بە ئیما بەشدارییکات. هەروەها دایکی ئیما ئارەزووی ئەوەی هەبوو کە شتی زیاتر ببیستێت سەبارەت بە ئەو پۆلە، بۆیە منیش بەڵێنم پێدا

**که جارێکی دیکە بچمەوە بۆ لای و هەندێك گفتوگۆی بۆ بکەم سەبارەت بە ئەو بیرۆکە فێرکارییانەی کە لە ئەو بابەتانەدا ئێمە دەیانڵێینەوە. لەراستیدا هەندێك تێبینیم بۆ خۆم نووسی، دەتوانین پێکەوە لێیان وردببینەوە و گفتوگۆیان لەسەر بکەین ئەگەر تۆ ئارەزووی ئەوە بکەیت". پیاتریس-یش بەوە قایل بوو.**

**ئەمانەی لای خوارەوە ئەو تێبینییانەن کە ئەوان گفتوگۆی لە سەر دەکەن:**

- **یەکەم، من بە خاتوو مارتینیز رادەگەیەنم کە چەند دڵخۆشم سەبارەت بە ئەوەی کە ئیما لە پۆلەکەمدایە هەندێك لەو سیفەتە باشانەی ئیمای بۆ باس دەکەم.**
- **پێدەچێت وا باشتربێت کە گفتوگۆکەمان بە خوێندنەوەی ئەم دەقە لە وتە پیرۆزەکانی حەزرەتی بەهائولڵاوە دەستپێبکەین:**

**"تۆ بەو جۆرە سەیری مرۆڤ بکە، هەروەك ئەوەی کە کانێك بێت پڕبێت لە کانزا بەنرخەکان کە گەوهەرەکانی بە پەروەردەکردن دەردەکات و پیشانی خەڵکی دەدات و جیهانی مرۆیی سوودی لێوەردەگرێت".[٣٧]**

- **پاش ئەوە دەتوانم هەندێك بیرۆکە سەبارەت بە ئاستی کاریگەریی ئەو دەقە لەسەر من وەك مامۆستایەك رابگەیەنم. من دەڵێم کە دڵم پڕە لە شادی هەرکە تەماشای ئەو منداڵانەی پۆلەکەم دەکەم، وەك ئەوە بیریان لێدەکەمەوە کە کانێکی پڕ لە کانزای بەنرخن کە ئەستەمە بە پارە نرخیان دیاری بکرێت، چونکە هەریەك لە ئەوان توانای ئەوەیان هەیە کە سیفەتە یەزدانییەکان دەربخەن، هەروەها هەریەکێکیان بەهرەی تێدایە و دەتوانێت بەهرەکەی خۆی دەربخات و گەشەیپێبدات، هەریەکێکیش لە ئەوان دەشێت گەورەببن و ببن بە ئەندامێکی بە نرخ لە کۆمەڵگەدا و بەشدارییکەن لە چاککردنی جیهاندا.**
- **دوای ئەوە دەشێت وا پێویست بێت کە هەندێك نموونە سەبارەت بە ئەو گەوهەرانە بهێنمەوە کە پێویستە پەروەردە هەوڵبدات لە هەر منداڵێکدا بیاندۆزێتەوە. من دەتوانم باس لە هەندێك هێزی هزر بکەم، وەك دۆزینەوەی یاسا سروشتییەکان و بەرهەمهێنانی کاری هونەریی جوان و دەربڕینی بیرۆکەی باش. ئەوەش روووندەکەمەوە کە منداڵەکان دەتوانن گشت ئەو توانایانە گەشەپێبدەن کاتێك کە پەروەردەیەکی گونجاویان پێشکەش دەکرێت. بەڵام بۆ ئەوەی ئەو کارە بەدیبێت پێویستە هەر لە منداڵییەوە هەندێك سیفەتی تایبەتیان تێدابێت بۆ نموونە پێویستە ئەوان فێری ئەوە ببن کە بە وریاییەوە بە باشی گوێبگرن و هەر کاتێکیش پێویستی کرد بە باشی کاربکەن و جەخت لەسەر ئەو شتانە بکەنەوە کە ئەنجامیاندەدەن. پێویستە ببن بە کەسانێك کە باشە و چاکەخوازیی کەسانی دیکەیان بەلاوە گرنگبێت و ئاواتیان خزمەتکردنی کۆمەڵگەی بەهایی ناوخۆیی بێت. هەر لەبەر ئەو هۆیەشە کە ئەوە ئەرکێکی گرنگە ئێمە هەر لە سەرەتای منداڵییەوە بایەخ بدەین بە گەشە پێدانی کەسایەتییان.**
- **کەواتە ئەوە رێکەوتێکی باش دەبێت بۆ ئەوەی کە پرسیار لە خاتوو مارتینیز بکەم کە هەندێك بیرۆکەمان بۆ بخاتەڕوو سەبارەت بە ئەو کەسەی کە ئەو پێی خۆشە کچەکەی وەك ئەوی لێبێت کاتێك کە گەورە دەبێت. هەندێك لەو تایبە تمەندییە کەسییانە چین کە پێتوایە گرنگن بۆ ئەوەی ئیما هەیبێت؟**
- **لەناو ئەو تایبەتمەندییە باشانەدا کە ئەو باسیان دەکات بێگومان هەندێك تایبەتمەندیی رۆحی لەخۆدەگرێت، کە ئەوەش دەبێتە بابەتی دواتر بۆ ئەوەی پێشکەشی بکەم. من دەڵێم کە هەندێك تایبەتمەندیی دیاریکراو هەن کە پێویستە تاکەکەس هەیبێت و ئەوانە سیفەتی بنەڕەتین لە بوونی مرۆڤدا، بەتایبەتی ئەوانەن کە پەیوەندیان بە رۆحی مرۆڤەوە هەیە، ئێمە کاتێك کە دڵمان وەك ئاوێنە خاوێن دەکەینەوە بۆ ئەوەیە کە بتوانین سیفەتە یەزدانییەکان تیایدا رەنگبدەنەوە، ئا ئەوانە ئەو**

سیفەتانەن کە ئێمە وەك سیفەتی رۆحی باسیان لێدەکەین. ئەو وانانەی کە ئێمە لە پۆلی یەکەمدا دەیانڵێینەوە بە زۆری جەخت لەسەر ئەو سیفەتانە دەکەنەوە.

- من پێموایە ئەوە باشبێت کە دوای ئەوە هەندێك لەو سیفەتە رۆحانییانە بژمێرم کە لە کتێبی سێیەمی وانەکانی پۆلی یەکەمدا هەن و هەندێك لە ئەو دەقە وەرگێراوانەی بۆ بڵێم کە پەیوەندیان بەو سیفەتانەوە هەیە. هەروەها ئەوە دەربخەم کە ئیما ئەو دەقە وەرگێراوانە لەبەر دەکات، بۆیە دەتوانێت داوا لە کچەکەی بکات کە ئەوانەی بۆ بخوێنێتەوە ،هەروەها ئەم جۆرە نزایانەی کە فێریان دەبێت:

- خۆشەویستی

**"ئەی خۆشەویست، تۆ لە باخچەی دڵدا بەدەر لە گوڵزاری ئەوین شتێکی دیکە مەڕوێنە". [38]**

- داد پەروەریی

**"رێگای داد پەروەری بگرنەبەر، چونکە ئەوە رێگایەکی راستە". [39]**

- راستگۆیی

**"راستگۆیی بەردی بناغەی گشت سیفەتە چاکەکانی مرۆڤایەتییە". [40]**

- خۆشی و شادی

**"ئەی نەوەی مرۆڤ، بە شادی دڵت خۆش بکە تاوەکو بتوانیت من ببینیت و ببیتە ئاوێنەیەك بۆ جوانییەکانم".[41]**

مارییل و پیاتریس بڕیار لە ئەوە دەدەن کە ئەو بیرۆکانەی کە لای سەرەوە باسکران بەشی تاکە سەردانێك دەکەن. تۆش، وەك بەشدارێك لە راهێناندا، لە ماوەیەکی کەمدا دەچیتە سەر خوێندنی کتێبی سێیەم و هەلت بۆ دەرەخسێت کە لە ئەو بنەمایانەی وردبییتەوە کە شێوەیەك لە پرۆگرامی پەیمانگەی رۆحی دەردەخەن سەبارەت بە پەروەردەی رۆحییە بۆ منداڵان کە ماوەی شەش ساڵ دەخایەنێت. خۆ ئەگەر بەر لە ئەوە هەلت بۆ رەخسا کە سەردانی هەندێك لە دایك و باوکان بکەیت لەگەڵ یەکێك لە مامۆستایانی پۆلەکانی منداڵاندا، ئەوا ئەو بیرۆکانەی لێرەدا باسکران باشترین یارمەتیدەردەبن بۆ تۆ، بۆیە واپێویست دەکات کە ئێستا خاڵ لە دوای خاڵ لە کۆڕی خوێندنەکەتدا گفتوگۆی لەسەر بکەیت.

## بەشی شانزدەهەم

پێشتر ئەم وتانەی حەزرەتی عەبدولبەهامان خوێندەوە: "چەندە پەیوەندیی خۆشەویستی تەبایی لە نێوان مرۆڤدا زۆرببێت، هێندە هێزی بنیاتنان و پێشکەوتنی بەدیهێنان لە گشت بوارەکانی چالاکیی مرۆیدا زۆرتردەبن". خانەی دادی مەزن پێمان دەڵێت کاتێك کە ئێمە سەردانی ماڵەکان دەکەین و یان خەڵك بانگهێشت دەکەین بۆ سەردانی ماڵەکانمان "ئەوا ئێمە ئەو پەیوەندییە رۆحییە نزیکە دروستدەکەین کە هەستمان پەرەپێدەدات بەرانبەر بە کۆمەڵگەی بەهایی ناوخۆیی". بۆیە ناشێت کاریگەریی ئەو ئەرکە کەمبکەینەوە کە هەیەتی لەسەر رۆشنبیریی کۆمەڵگە بەهاییەکەمان کە هەمیشە لە گەشەکردندایە.

لە بەشەکانی پێشوودا چەندین جۆری جیاواز لە ئەو وتووێژانەمان باسکرد کە دەشێت لە کاتی ئەو سەردانانەدا ئەنجامیان بدەین کاتێك کە بۆ ماڵی یەکتری دەچین. لەوەدا هەمووومان بەشداری دەکەین و پێکەوە رێگای خزمەتگوزاریی دەگرینەبەر لە گوندەکەمان یان شارەکەمان یان لە گەڕەکەکەماندا سەبارەت بە جێبەجێکردنی رێنماییەکانی حەزرەتی بەهائوڵا لە ژیانی تاکەکەس و کۆمەڵدا. هەندێکجار ئەوە لەڕێی زنجیرەیەك سەردانی

**فەرمییەوە دەردەکەون کە بە ئامانجی بەتوانکردنی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کە بتوانن ئاشنابوونییان بە ئەو ڕێنماییانە قووڵبکەنەوە. لەگەڵێك بۆنەی دیکەدا دەشێت پرۆگرامەکانی خوێندنی پەیمانگە و ئامانجەکانیان و ناوەڕۆکەکانیان ببنە بابەتی لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ. هەروەها بانگهێشت ئاراستەی کەسانێکی زۆرتر لە هاوسێ و هاوڕێ بکرێت بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی بنیاتنانی کۆمەڵگەی بەهاییدا. کاتێك کە تۆ بە ئاواتەوە لە داهاتوو دەڕوانیت، هەروەها سەرنج لە ڕەوتی ئەو خزمەتگوزارییە دەدەیت کە بەبەرچاوتەوە ئەنجامدەدرێت، پێویستە لەسەرت ئەوپەڕی توانات بەکاربهێنیت بۆ ئەوەی بەباشی لە ناوەڕۆکی ئەو شتانە بگەیت کە لەم یەکەی خوێندنەدا پێشکەش دەکرێن تاوەکو ئەزموون پەیدابکەیت سەبارەت بە وتووێژکردن لەسەر هەر بابەتێك، بێگومان دەشبێت بەردەوام ئاشنابوونت بە ڕێنماییەکانی حەزرەتی بەهائوڵا قووڵتربکەیت. بەو جۆرە لەڕێی ڕاگەیاندنی ئەو وشانەی ئەو بەکەسانی دیکە، تۆ هەست بە خۆشییەکی بێسنور دەکەیت.**

*** *** ***

## سەرچاوەکان

---

1حەزرەتی بەهائوڵا، وشە شاراوەکان (لە بڵاوکراوەکانی خانەی بڵاوکردنەوەی بەهایی لە بەرازیل، ١٩٩٥)، ژ. ٥، لا ٥.

2حەزرەتی بەهائوڵا، نزا (لە بڵاوکراوەکانی خانەی بڵاوکردنەوەی بەهایی لە بەرازیل، ١٩٨١)، ژ. ١٨١، لا ٢٠٩.

3هەڵبژاردەیەك لە بەرهەمەکانی حەزرەتی بەهائوڵا ( هۆفهایم، دەزگای چاپەمەنیی ئامری، ئەڵمانیا، ٢٠٠٦، دەقە وەرگێراوی ژمارە ٤، لاپەڕە ٦.

4هەمان سەرچاوە، دەقە وەرگێراوی ژ. ٥، لا ٢.

5حەزرەتی عەبدولبەها، پەرەپێدانی ئاشتیی جیهانی (خانەی بەدیع بۆ چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە، ٢٠١٧)، لا ٢٠١.

6هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٢٦.

7هەمان سەرچاوەی پێشوو.

8هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٨٨.

9حەزرەتی عەبدولبەها، کۆمەڵێك لە نزاکانی، (لیژنەیەکی میللی بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی فەرمانی یەزدانی بە زمانی فارسی و عەرەبی، لانگهاین، ئەڵمانیا، ١٩٩٢)، لا ٤٢٣.

10هەڵبژاردەیەك لە بەرهەمەکانی حەزرەتی بەهائوڵا، دەقی وەرگێراوی ژ. ٤٥، لا ٤٠.

11حەزرەتی عەبدولبەها، نزا لە ڕۆژانی نۆیەمدا، (لە بڵاوکراوەکانی خانەی بڵاوکردنەوەی بەهایی لە بەرازیل، ١٩٨٧)، لا ٢٧٢.

12هەڵبژاردەیەك لە بەرهەمەکانی حەزرەتی بەهائوڵا، دەقی وەرگێراوی، ژ.٥، لا ٣.

13حەزرەتی عەبدولبەها، بەشێك لە وتاری بەرواری ٥ ی ئایاری ١٩١٢ کە لە پەرەپێدانی ئاشتیی جیهانیدا هاتووە، لا ١١٦.

14بەشێك لە وتاری حەزرەتی عەبدولبەها لە بەرواری ٢١ ی ئۆکتۆبەری ١٩١١ لە وتووێژی پاریس لەلایەن عەبدولبەهاوە پێشکەش کراوە، ١٩١١، (بڵاوکراوەی بەهایی و ویڵمەتە ٢٠٠٦،لە ٢٠١٦ دا چاپکراوە).

15هەڵبژاردەیەك لە بەرهەمەکانی حەزرەتی بەهائوڵا، دەقی وەرگێراوی، ژ.١٤٦، لا ١٢٤.

16لە وتارێك کە بەرواری ٥ ی ئایاری ١٩١٢ لە پەرەپێدانی ئاشتیی جیهانیدا پێشکەش کراوە: لە وتارەکانی حەزرەتی عەبدولبەها لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و کەنەدا. (دەقی مەنسورییە: خانەی بەدیع بۆ چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە، ٢٠١٧)، لا ١١٧.

17حەزرەتی بەهائوڵا، وتە شاراوەکان بە فارسی (لە بڵاوکراوەکانی خانەی بڵاوکردنەوەی بەهایی لە بەرازیل)، ژ. ٤٤، وەرگێڕدراوە و پوخت کراوە، بەڵام هێشتا بڵاونەکراوەتەوە.

18هەمان سەرچاوەی پێشوو،ژ. ٦٦، وەرگێڕانێکی پوختکراو کە هێشتا بڵاونەکراوەتەوە.

19لە یەکێك لە خشتەکانی عەبدولبەهاوە کە لە فارسییەوە وەرگێڕدراوە.

20بەشێك لە وتارێك لە بەرواری ٢٥ ی ئەیلولی ١٩١٢ دا لە پەرەپێدانی ئاشتیی جیهانیدا پێشکەش کراوە، لا ٣٦٨.

21حەزرەتی عەبدولبەها، وەرگێڕانەکە لە نامیلکەیەکی دامەزراوەی ڕۆحیی ناوخۆیدا بڵاوبۆتەوە، (دەزگای خانەی ڕێحانی، بەیروت ١٩٧١)، لا ١٧.

22هەڵبژاردەیەك لە نامەکانی حەزرەتی عەبدولبەها، دەقە وەرگێراوی ٢٠٧، لا ٢٧٢.

23حەزرەتی بەهائوڵا، لە گروپی کۆبونەوەکانی بەهاییدا بڵاوکراوەتەوە، خانەی دادی مەزن، (بڵاوکراوەی ویڵمەتەی بەهاییی ساڵی ١٩٨٠)، لا ٣.

24حەزرەتی بەهائوڵا، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

25حەزرەتی عەبدولبەها، خشتەکانی عەبدولبەها عەباس، ب ٣، لا ٦٣١.

26حەزرەتی بەهائوڵا، کتێبی پیرۆز، کۆپی عەرەبی، چاپی کەنەدا بڕگەی ٥٧، لا ٣٦.

27هەڵبژاردەیەك لە نامەکانی حەزرەتی عەبدولبەها دەقە وەرگێراوی ژ. ٤٨، لا ٨٧.

28نامەیەك بە بەرواری ٢٧ ی ٨ ی ١٩٨٩، کە خانەی دادی مەزن ئاراستەی شوێنکەوتوانی حەزرەتی بەهائوڵای کردووە و لە بڵاوکراوەی کۆمەڵەی بەهایی لەندەن بڵاوکراوەی ١٩، ١٩٨٩)، لا ٧.

29هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٧.

30حەزرەتی بەهائوڵا، وشە شاراوەکان بە زمانی فارسی، ژ. ٨٢، وەرگێڕانێکی پوخت بەڵام هێشتا بڵاونەکراوەتەوە.

31حەزرەتی بەهائوڵا، وشە شاراوەکان بە زمانی فارسی، ژ. ٨٠، وەرگێڕانێکی پوختکراو، بەڵام هێشتا بڵاونەکراوەتەوە.

32حەزرەتی عەبدولبەها، نامەی شارستانی، لە بڵاوکراوەکانی خانەی بڵاوکردنەوەی بەهایی لە بەرازیل، لا ٢٠.

33حەزرەتی بەهائوڵا، وشە شاراوەکان بە فارسی، ژ. ٤٩.

34حەزرەتی شەوقی ئەفەندی، لە دەنگ و باسی بەهاییدا بڵاوکراوەتەوە، ژ. ١٣، ئەیلولی ١٩٢٦، لا ١.

35بەشێك لە وتاری ١٧ ی نۆڤەمبەری ١٩١٢ لە پەرەپێدانی ئاشتیی جیهانیدا، لا ٤٥٦.

36لە نامەیەکی خانەی دادی مەزندا بەبۆنەی ڕەزوانی ٢٠١٠ ەوە.

37هەڵبژاردەیەك لە بەرهەمەکانی حەزرەتی بەهائوڵا، دەقە وەرگێراوی . ١٢٢، لا ١٠٢.

38حەزرەتی بەهائوڵا، وشە شارەوەکان بە فارسی، ژ. ٣، وەرگێڕانێکی پوختکراو کە هێشتا بڵاونەکراوە.

39هەڵبژاردەیەك لە بەرهەمەکانی حەزرەتی بەهائوڵا، دەقە وەرگێراوی ژ. ١١٨، لا ٩٨.

40حەزرەتی عەبدولبەها، حەزرەتی رابەری فەرمانی یەزدان لە (دەرکەوتنی داد پەروەریی یەزدانیی)، لا ٩٤.

41حەزرەتی بەهائوڵا، وشە شارەواکان، ژ. ٣٦، لا ١٨.